






لەنێو فایلەکانی دادگاوە

## پێنج ساڵ بوو مردبوو.. نەشیزانیبوو!


د. ولآت ئیبراهیم: ئافرەت لە پیاو زیاتر تووشی شەقە سەر دەبێت


سەلاح محەمەد: سەرۆکی یانەکانی کوردستان داوای ناوبژیوانانی عێراق دەکات


مۆدەی بەدی و کراس بۆ خانمان

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

# ئیخوانەکانی جیهانی عەرەبی و ئیخوانەکانی کوردستان



**فوئاد سدیق**

که باس له ئیسلامی سیاسی باڵی ئیخوان دەکەین، مەبەستمان دژایەتیکردنی هیچ لایەنێك نییە بە مانای دژایەتی، بەڵکو زیاتر ناساندن و تێگەیشتنە بۆ ئەوان، چونکە ناکرێ حزبێکی سیاسی هەبێت و قسەی خۆی لەهەنبەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتمانییەکانمان بکات و پێچەوانەی کولتوورو بروانیشتمانییەکانی کورد بدوێت و، تەنانەت بێت قسە لە کولتوورو بیروباوەڕیشمان بکات، کەچی ئێمە راستییەکان نەڵێین لە کاتێکدا ئەوەی ئەوان دەیڵێنەوە ئاوەژووکردنەوەو هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوە لە تەواوی ئەو پرسانەی کە باسمان کرد.ئیخوانەکانی کوردستان، لە ئەنجامی ئەو پرۆسە دیموکراتیەوە هاتوونەتە دروستبوون، کە ساڵەهایە گەلی کوردستان رووباری خوێنی بۆ رشتووە، بۆیە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە ئیخوانەکانی کوردستان هیچ شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕییان نییە، لەوەش زیاتر ئەوان زۆر قەرزاری ئەو گەلەن کە لە ئەنجامی تێکۆشانەکەیان یارمەتیدەری راستەوخۆ بوو، تا ئەوان جورئەت بکەن خۆیان رابگەیەنن، کەواتە هیچ فەزلێکیشیان بەسەر ئەم میللەتەوە نییە.

ئەوەی ئیخوانەکانی کوردستان لە ئیخوانەکانی جیهانی عەرەبی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ئیخوانی عەرەبی هەمیشە جەختی لە ئوممەی عەرەبی کردۆتەوە، عەبدولناسر ئەندامێکی ناو ئیخوان بوو، ساداتیش هەر ئیخوان بوو، بەڵام هەر بەدەستی ئەوانیش تیرۆر کرا، کەچی ئیخوانەکانی کوردستان هەمیشە هەوڵیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی بووە،لە شوێنی سڕینەوەی هزری نەتەوەییمان هەوڵیان بۆ هێنانی هزری عەرەبی داوە، کە بەشێکە لە پرۆسەی تەعریب، ئەگینا ئەو مزگەوتی سەوافە کە گەورەترین مزگەوتی پایتەختە بۆچی بەناوی سەوافەوە ناوبنرێ، ئایا ئەمە ئیهانە نییە بۆ تەواوی گەورە پیاوانی ئایینیمان بە درێژایی مێژووی زیاتر لە هەزار ساڵەمان، ئایا دەکرێ حکومەتی هەرێم لە بەرانبەر ئەم کردەوەیە بێدەنگ بێت؟ ئایا دەکرێ عەلی قەرەداخی لە قەتەر بە عەگال و دیشداشەوە فەتوا بدات و لە کوردستانیش بە جلی هەورامییەوە خۆی نیشانبدات و ئەو پارەوپوولەی لە قەتەرو سەعوودییە وەریدەگرێت بێت لە هەزارا یەك کەمتریش بکاتە خێرو سەدەقە بۆ لایەنگرانی خۆیان؟ .دەبوو ئیخوانەکانی کوردستان بەر لە هەرچی کارێك بیریان لە مەرجەعێکی کوردی بکردایەوە نەك بیروهزری حەسەن بەناو سەید قوتب و یوسف قەرزاوی بخەنە گوێچکەی لاوی کورد، کاتێك یەکگرتووی ئیسلامی مۆسیقایان حەڵاڵ کردو جگەرەیان حەرام کرد پشتیان بە فەتواکانی قەرزاوی بەستبوو. ئەگەر یەکگرتوو کەسایەتییە ئایینییەکانی کوردی بکردایە مەرجەع بێگومان ئەرکەکانیشی سووکتر دەبوو، بەڵام نەیانکردو نایشیکەن، لەکاتێکدا نموونەی زۆرمان هەن، چ لە هەرێمی کوردستان یا بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئیسلامی سیاسی بە گشتی و یەکگرتووی ئیسلامی بە تایبەتی، لە نێو مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانەوە سەریانهەڵنەداوە، بەڵکو وەك هەر حزبێکی سیاسی عەلمانی لە قوتابخانەو زانکۆکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، پاشان بۆ مەبەستی سیاسی نەك ئایینی بەرەو مزگەوت گەڕاونەتەوە .ئەگینا هەموو ئەو ئیسلام و ئایینەی یەکگرتوو یا تەواوی ئیسلامی سیاسی لێی دەدوێن، بە دوو وشە وەڵامدەدرێنەوە کە ئەوەیە کام شەرع بۆ مرۆڤ باشترو راستترە، شەرعێك کە خودا دایناب،ێ یان شەرعێك مرۆڤ دایناب؟؟ێ.

خاڵکی تر کە جێگای پرسیارە لەدوای راپەڕینەوە کە ئەوە (١٨) ساڵە ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵەکانیەوە، چ پڕۆژەیەکیان هەبووە بۆ گرفتی بێکاری، باری ئابووری کوردستان، چاکسازی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت، بە دامەزراوکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، بەرگرتن لە کۆچی لاوان،....هتد؟ تا ئێستا ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا خاوەنی تیۆرێك نین هەر لە بواری سیاسییەوە تا دەگاتە بواری فیقهی..

بەکورتی ئەوهەنگاوانەی پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی جیدی بۆ هەڵبگرێت، پێش هەموویان هەڵگرتنی وشەی ئیسلامە لە تەواوی ئەو حزبانەی بەو ناوەوە خۆیانی پێ با دەدەن، چونکە زیاتر لە (١٠-١٥) ساڵە لە وڵاتانی عەرەبیش پێڕەو کراوە، بۆ نموونە لە تونس (حركة الأتجاه الأسلامي) گۆڕدرا بۆ (حركه النهضة) و لە رۆژهەڵاتی جەزائیریش (الجماعة الأسلامية) کرا بە (حركة النهضة) لە ساڵی ١٩٩٦ یشدا (حركة المجتمع الأسلامي) کرا بە (حركة المجتمع السلم) لە ساڵی ١٩٩٨ یشدا (الجماعة الأسلامية) لە لوبنان کرا بە (الأصلاح)، هەردووباڵی ئیخوانی ئوردن کە ناویان (جبهة العمل الأسلامي)و(المقاومة الأسلامية) بوو، حزبی (الخلاص الوطني) لێهاتە کایەوە.بۆیە لێرەش دەبێت دەستپێبکرێت و ئەگەر دوێنێ زوو بوو، ئەوا سبەیش درەنگە. کەواتە ئەمڕۆ.

# منیش لەگەڵ مەترسییەکەی نێچیرڤان بارزانی دام



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

بەر لەکۆتایی هاتنی ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لەنووسینێکمدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە لەوانەیە ئیدارەی دیموکراتییە نوێیەکە پشتی خۆی لە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی بووش لە عێراقدا بکاتەوە، ئەویش بۆ بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و خۆگواستنەوە لە سیاسەتی پەیوەندی شەخسی بووش و جێگرەکەی دیك چینی بۆ سیاسەتی بانگهێشتکردنی هەموو سەرکردەکان بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوازێکی دیموکراتی و لەژێر چەتری حکومەتی ناوەندیدا، ئەو جۆرە ڕێبازەی نوێی ئەمەریکا لەوەی ئیدارە نوێیە کە دەست بەکاربێت، جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ عێراق و لەسەردانەکەیدا بۆ کەرکووك کە یەکێکە لەو شوێنانە کە کوردو عەرەب لەسەری ناکۆکین، ڕایگەیاند وڵاتەکەی ئەوەندە دەست بەتاڵ نییە تا خەریکی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی عێراق بێت، بۆیە پێویستە بەخۆتان چارەسەری ئەو کێشانە بکەن.

ئەم نامەیەی بایدن بەو شێوەیە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان خوێنرایەوە کە گۆڕانێکە لەو سیاسەتەی کە وایدەزانی هاوپەیمانی کورد و واشنتۆن هاوپەیمانییەکی ڕەهایە .

هەستکردن بە نائومێدی کورد لەسەر زاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی هات، کە لە ڕێی ئاژانسی ئەسوشێتد پرێسەوە گلەیی لەواشنتۆن کردبوو، کاتێك گوتی: ئێمە ئەمەریکامان خۆش دەوێ، بەڵام بایەخ بە کێشەکانمان نادات، کە شتێك دەربارەی پاراستنی گەلەکەمان دەڵێین پێیان وایە ئەمە کێشە بۆ سیاسەتەکەیان لە عێراقدا دروست دەکات. گلەییەکەی بارزانی لەهێزەکانی ئەمەریکا لەوە سەرچاوە دەگرێ کە کورد هەست دەکەن کە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئەمەریکان لەعێراقدا، بەڵام واشنتۆن خەریکە پشتیان لێ بکاتەوە، ئەویش لەڕێی پاڵەپەستۆ نەخستنە سەر حکومەتی مەرکەزی، ڕێك دوو دڵییەکەی لەنواندنی هەڵوێستێکی دیار بەرامبەر ئەو گرژیەی کە لە جێ ناکۆکەکاندا بەدی دەکرێ، وەك کەرکووك کە سەرکردایەتی کورد پێی وایە مافێکی خۆیەتی و بەدرێژایی ڕژێمە فەرمانڕەواکان، هەر لەڕۆژی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢١ ئەو مافەی لێ سەنراوە .

کورد لەو هەڵسوکەوتە دەترسێ کە بەغدا دەستی پێکردووە، ئەویش بەناردنی هێزێکی نوێ کە زۆرینەی عەرەبن بۆ کەرکووك بۆ ئەوەی جێی ئەو هێزە بگرێتەوە کە زۆربەیان کوردن.

دەربارەی ئەم کارەی حکومەتی ناوەندی بەرپرسانی کورد دەیانەوێ ئەمەریکییەکان فشارێکی گەورەتر بخەنە سەر سەرۆك وەزیران نوری مالیکی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان بەر لەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە.

کورد پێی وایە مانەوەی ئەو کێشانە وەکو خۆیان پاش کشانەوەی ئەمەریکییەکان هۆکارێك دەبێ بۆ بەرپابوونی شەڕی کورد و عەرەب وەك ئەوەی کە لە هۆشدارییەکەی نێچیرڤان بارزانی دا هاتووە.

ئەو سیناریۆیەی کە تایبەت بوو بەکەرکووك و کورد پێی وابوو کە بەپێی ئەو سیناریۆیە دەتوانێ کەرکووك بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی ڕاپرسی بوو، بەڵام ئەو ڕاپرسییە دواخرا، بۆ ئەوەی تەنگژەیەکی دیکە نەخرێتە سەر تەنگژەکانی عێراق و بەرپرسانی کوردیش پێیان وایە بەغدا بەردەوام دەبێ لە دواخستنی ڕاپرسییەکە لەباری نەبوونی فشارێکی جدی لەلایەن واشنتۆنەوە.

کورد لەم دواییە هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکات لە مالیکی و ئاراستەکەی لەپتەوکردنی دەسەڵاتەکەی و بانگهێشتەکەی بەهەموارکردنی دەستوور لەپێناو بەهێزتر کردنی حکومەتی مەرکەزی و دانانی ڕادەیەك بۆ دەسەڵاتی کورد.

ئەوەی ئەو نیگەرانیەی کوردیشی زیاتر کردبێ سەرکەوتنی لیستەکەی مالیکیە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بە ئەنجامێکی مەترسیداری دادەنێ نەوەکو ئەو سەرکەوتنە مالیکی لەخۆبایی بکات و زیاتر ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە، هەروەك جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بایدن ڕایگەیاند کە پێویستە عێراقییەکان بەخۆیان و دوور لە واشنتۆن چارەسەری تەنگژەکانیان بکەن، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕۆبەرت وود ڕایگەیاند کە پێوستە هاووڵاتیانی عێراق پشت بەسیستەمە دیموکراتییەکەی وڵاتەکەیان نەك ئەمەریکا، ببەستن و چارەسەری کێشەکانییان بکەن.

ئەوەشی ڕوونکردەوە کە چەند شێوازێك لەبەردەم گەلانی عێراقدا کە دەتوانن بەهۆیانەوە مەترسییەکانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵاتی ناوەندی کە دەسەڵاتێکی دیموکراتییە، ئەمەریکا ناتوانێ دڵنیایی بداتە هەر پێکهاتەیەك.

ئەم قسەیەی ئیدارەی ئۆباما زۆر جیاوازی لەگەڵ قسەکەی سەردەمی ئیدارەی بووش هەیە و کوردیشی بەدۆستێکی زۆر بەهێزی خۆی دادەنا، کەواتە کورد بۆ لە ئەمەریکا و بەغدا و مالیکی نەترسێ، ئایا نێچیرڤان بارزانی زێدەڕۆیی کردووە لەو مەترسییانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە؟

هەر پێش چەند ڕۆژێك ساڵح موتڵەگ لەدیمەشق ئەوەی ڕاگەیاند کە پێویستە هەڵوێستێکی یەکگرتووی عەرەبی هەبێ بەرامبەر بە عێراق، پرۆژەی عروبەی عێراق ماوەیەکە پشتگوێ خراوە، بۆیە پێویستە وڵاتانی عەرەب پارێزگاری لە عروبەی عێراق بکەن، دەربارەی هۆشدارییەکەی نێچیرڤان بارزانیش بە ئەگەری بەرپابوونی شەڕ لەنێوان عەرەب و کورددا ئەگەر حکومەتی عێراق بە پیر داواکاری حکومەتی هەرێم نەچێتەوە بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، موتەڵگ گوتی: ئەم ماددەیە بەکۆتایی هاتنی ماوەکەی کۆتایی پێ هاتووە، ئێمە پێمانوایە ئەو ماددەیە بوونی نەماوەو ئەوەی خۆشی پێ پابەند دەکات ئەوا خۆی پابەندی ناسەقامگیری عێراق دەکات.

کەسی دووەمی حزبی دەعوەش عەلی ئەلئەدیب لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (المواطن) سەبارەت بە هاتنی سوپا بۆ جێ ناکۆکەکان ئەوەی ڕاگەیاند بوو کە لەکاتێکدا کەشی عێراق ئاسوودە نەبوو، سوپاش ئەو توانایەی نەبوو کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات، پێکهاتەیەك کۆنترۆڵی کرد بە بیانووی ئەوەی کە ئەو ناوچانە دەکەونە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، ئێستا سوپا لەپێشان بەهێزترە و بوونیشی لەو شوێنانە کارێکی پێویست و یاساییە، عەباس ئەلبەیاتیش کە سەر بە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسایەو مالیکی سەرۆکایەتی دەکات سەبارەت بە سنووری هەرێمی کوردستان، بەهەمان ڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو کە سنوورەکەی دەکەوێتە چوارچێوەی هێڵی شین، جێناکۆکەکانیش دەکەونە دەرەوەی ئەو سنوورە، بۆیە هەقی سوپای عێراقە بوونی لەو ناوچانەدا هەبێ.

ئا ئەمەیە عەقڵی ئەو لایەنانەی کە تا دوێنێ خۆیان بە هاوپەیمانی کورد دادەنا، بەڵام ئەمڕۆ دەیانەوێ ئەو هەوایەشی لێ قەدەغە بکەن کە نەفەسی پێی دەکێشێ.

کەواتە مەترسییەکەی نێچیرڤان بارزانی لە جێی خۆیەتی و لەسەدا سەدیش ڕاست دەکات، ڕاستە بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە گشت

لێدوانەکانیاندا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان کورد و عەرەب نییە، بەڵام کە مەسەلە دەگاتە سەرهەندێ لەو مەسەلانەی کە بۆ کورد چارەنووسسازن ئەم برایەتییەیان پێ هەزم ناکرێ.

چۆن کورد لە پاشە رۆژ نە ترسێ لە کاتێکدا رۆژ نییە تەنگژە و کێشەی بۆ دروست نەکرێ، جارێك تەگەرە دەخرێتە بەردەم جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا و جارێکیش گرفت بۆ پرسی پێشمەرگە و بوودجە دروست دەکرێ لە کاتێکدا لە دەستووری عێراقدا هاتووە پێشمەرگە بەشێکە لە سوپای عێراق، سەرنجراکێشترین هەڵوێستیش کە گوێم لێ بووبێ هەڵوێستی کابرایەکی عروبەی عێراقییە لە تەلەفزیۆنی (البغدادیە) کاتێ گوتی: ئەوەی لە مووسڵ بەسەر کوردمان هێنا لە کەرکوویش بەسەریان دێنین، نابێ کورد ئەو پێگەیەی هەبێ کە ئێستا لە کەرکووك هەیەتی، کەرکووك شارێکی عەرەبییە و هەر دەبێ بۆ عەرەب بمێنێتەوە، ئەوەی دڵمان پێی خۆشە ئەو هەڵسوکەوتە توندەیە کە مالیکی بەرامبەر بە کورد دەینوێنێ، ئێمە بە هەموو هێزێکمانەوە لەگەڵ مالیکیداین و دەبێ رادەیەك بۆ ویستەکانی کورد دابنێ.

ئایا کەس ناپرسێ بیانووی مالیکی چییە لە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لە ناوچە کوردییەکاندا؟ بۆ ئەو ساردییە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکدا؟

بۆ ئەو پیلانە لەسەر دەستوور و داوای هەموارکردنی دەکرێ لە کاتێکدا ئەو دەستوورە زۆر روون و ئاشکرایە و پێویست بە هەموارکردن ناکات و خودی مالیکیش چەند جار ئەو دەستوورەی بە دەستوورێکی نموونەیی لە قەڵەم داوە.

لەکەس ناشارمەوە، ئەو مەترسییەی نێچیرڤان بارزانی نەك هەر مەترسی من و هەموو تاکێکی ئەو کوردستانەیە، بەڵکو مەترسی زۆربەی چاودێرانی سیاسیشە کە لە لێدوان و نووسینەکانیاندا هۆشداری هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی گشتگیر دەدەن لە جێناکۆکەکاندا، بەتایبەتی نێوان کورد و عەرەب و پێشیان وایە ئەگەر حکومەتی عێراق لەو بارودۆخە چارەسەری کێشەکان نەکات ئەوا لە بارودۆخێکی ترداو پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و لە بارێکی ئاژاوەدا هەر چارەسەری ناکات، بۆیە ئەم مەترسییەی نێچیرڤان بارزانی لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو بە پشت بەستن بە چەند کێشەیەکی هەڵپەسێردراوی نێوان حکومەتی مەرکەزی و کورد کە قووڵ و بنەڕەتین.

کەواتە ئەم مەترسییەی نێچیرڤان بارزانی بەمەبەستی پروپاگەندە نەکراوە وەك ئەوەی کە بەداخەوە لە هەندێ میدیاکانی کوردی بڵاودەکرێتەوە، بەڵکو لە دیدێکی سیاسییانەی دووربین هەڵقوڵاوە و پێشمان دەڵێ کە دەبێ هەر لە ئێستاوە کورد خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکات.

راستە وێنەی عێراق، بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وایپیشان دەدرێ کە گوایە لە بارێکی ئەمنی و سەقامگیریدایە و حکومەتی ناوەندیش لە ناوچەی سەوزدا رۆژانە ئامار دەردەکات و دەڵێ رادەی توندوتیژی لە وڵات کەم بۆتەوە، بەڵام کێشەی کورد و عەرەب لە جێناکۆکەکاندا هەڕەشەی شەڕێکی نوێ دەکاتەوە و وا چاوەڕوانیش دەکرێ بە روودانی هەر کێشەیەکی نوێ ئەو بارەی کە پاش ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق هاتۆتە ئاراوە بە خراپی تێك بچێت.

رۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی زۆر بە روونی ئاماژەبەوە دەکات کە تەنگژەیەکی گەورە چاوەڕوانی کورد و عەرەب دەکات لە جێناکۆکەکاندا، بەتایبەتی سوپای عێراق لە هەوڵی ئەوەدایە دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێ کە ناکۆکیان لەسەرە.

رۆژنامەکە ئاماژەش بەوە دەکات کە کێشە و گرژی نێوان کورد و عەرەب بە هەمان بایەخی کێشەی نێوان سوننە و شیعە لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ سەیر ناکرێ، کە ئەویش هەڕەشەی روودانی شەڕێك دەکات و ئەو شەڕەش لەوانەیە تەگەرەیەك بێت لە بەردەم هەوڵەکانی سەرۆکی ئەمەریکا ئۆباما بە کەمکردنەوەی هێزەکانی لە عێراق و کشاندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو ١٤٢ هەزار سەربازەی ناو عێراق لە چوارچێوەی ئەو خشتە کاتییەی کە دانراوە، واتە ١٦ مانگەکە.

هەر بە پێی ئەو رۆژنامەیە ئەو شەڕەی نێوان عەرەب و کورد کە ئێستا رابینینی بۆ دەکرێ لە مێژە دەستی پێکردووە و تا ئێستا بەپێی ئەو ئامارەی بڵاوکراوەتەوە ٢ هەزار کورد لەسەر پێناسەی نەتەوەییان کوژراون و ١٢٧ هەزاریشییان لە ناوچەکانی خۆیان دەرکراون، بەتایبەتی لە شارێکی وەکو مووسڵ.

کورد پێی وایە هیچ مەعقول نییە هێزێکی سەر بە حکومەتی بەغدا بەرەو ئەو شوێنانە رەوانە بکرێ کە جێی ناکۆکین، ئەوەی بەدی دەکرێ ئێستا لە هەندێ ئەو شوێنانەی مووسڵدا سوپای عێراق بە پاڵپشتی هێزەکانی ئیسناد و کرێگرتە سەنگەری خۆیان قایم کردووە و ئەثیل ئەلنجێفیش خاوەن لیستی ئەلحەدبا کە بە پشتگیری مالیکییەوە زۆرینەی دەنگی ناو مووسڵی وەدەست هێناوە، هەڕەشەی دەرکردنی هێزە کوردییەکان دەکات، هەروا سەبارەت بە کەرکووك کە مالیکی فەرمانی داوە بە گواستنەوەی ٤ فەوج بۆ ئەو شارە، بڕیاریش وایە فەوجی ٥ی سەر بە لیوای ٤٣ و فەوجی ٣ی سەر بە لیوای ٤٦ لە بەغداوە بگوازێتەوە بۆ کەرکووك و هەروا بڕیاریشە فەوجی ٤ی سەر لیوای ٤٧ لە بێجییەوە بهێنێتە کەرکووك.

بەپێی سەرچاوەکان بڕیار وایە هێزێکی گەورە لە فەوجی ٥ی سەر بە لیوای ٤٦ و لیوای ٤٩ کە تازە پێکهاتوون لە کەرکووك دابمەزرێن و هەموو دەسەڵاتێکیان پێ دراوە سەبارەت بە پاراستنی ئەمنییەت و راوە دوونانی پێشمەرگە.

بەڕاستی ئەوەی کورد لێی دەترسێ رۆژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، چونکە پێی وایە بەو کشانەوەیە هەمدیسان کورد رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار و بە تەنیاش بەرامبەر بە بەغدا دەهێڵرێتەوە.

بێ شك قورسایی دەسەڵات لەم دوو ساڵەی دواییەدا بەلای عەرەب شکاوەتەوە، ئەویش لەسەر حیسابی کورد، سوپای عێراق بە توانا تر بۆتەوە و بە هاریکاری هێزەکانی ئەمەریکاش یەکە عەرەبییەکان بۆ جێناکۆکەکان دەگوازرێنەوە، زەقترین نموونەش ناردنی فیرقەی ١٢ ی سوپای عێراقە بۆ کەرکووك بەبێ راوێژی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا.

لە تەعلیقێکدا سەبارەت بە شەڕی داهاتوو، رۆژنامەی ئەندپیندنت لەسەروتاری خۆیدا ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو کێشە گەورەیەی کە خەریکە لە نێوان بەغدا و هەولێر رووبدات لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری داهاتووی هەرێمی کوردستانە، لەو رووەوە ئاماژە بە دوو پێشهات دەکات کە دەبنە هۆی رووبەڕووبوونەوەی کورد و عەرەب.

-١ جوولەی سوپای عێراق بەرەو ئەو شوێنانەی کە ناکۆکییان لەسەرە.

-٢ کشانەوەی ئەمەریکا.

هەر چەند ئەو بارگرژییەی لە نێوان هەولێر و بەغدا بە خاك گرێ دراوە، بەڵام لە راستیدا پەیوەندی بە کولتوور و کەرامەت و پێناسە هەیە.

هەر کێشەیەك دەربارەی خاك نێوان عەرەب و کورد مەترسی روودانی شەڕێکی ناوخۆ نزیك دەکاتەوە و ئەو کاتیش مەسەلەی کورد دووبارە دەبێ بە واجیهە، کە ئەمەیش نە لە بەرژەوەندی عێراق و نە لە بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێشە.

بە کورتی: مادامەکی چەند ناوچەیەك مابن کە کێشەیان لەسەر بێ، بەتایبەتی لە دیالا و مووسڵ و هەروا کێشەی کەرکووك، ئەوا هێشتا زووە، بۆ ئەمەریکا کە بڵێ شەڕی عێراق تەواو بووە و وەك ئەوەی سەرۆك ئۆباما لە میانەی گوتاری رۆژی ٢٥-٢ گوتبووی کە گوایە جەنگ لە عێراقدا کۆتایی پێ هاتووە.

**کورد لەو هەڵسوکەوتە دەترسێ کە بەغدا دەستی پێکردووە، ئەویش بەناردنی هێزێکی نوێ کە زۆرینەی عەرەبن بۆ کەرکووک بۆ ئەوەی جێی ئەو هێزە بگرێتەوە کە زۆر بەیان کوردن**

**ساڵح موتڵەگ لەدیمەشق ئەوەی راگەیاند پرۆژەی عروبەی عێراق ماوەیەکە پشتگوێ خراوە، بۆیە پێویستە وڵاتانی عەرەب پارێزگاری لە عروبەی عێراق بکەن**

**ئەو مەترسییەی نێچیرڤان بارزانی نەک هەر مەترسی من و هەموو تاکێکی ئەو کوردستانەیە، بەڵکو مەترسی زۆربەی چاودێرانی سیاسیشە کە لە لێدوان و نووسینەکانییاندا هۆشداری هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی گشتگیر دەدەن لە جێناکۆکەکاندا**




**(هەرێمی کوردستان بە قۆناخێکی پەرەپێدانی گەورەدا تێدەپەڕێت، ئێمە لە تواناماندا هەیە لەســەر ئەم پرۆســەیە بەردەوام بین، لەبەر ئەوەی تارمایی دیکتاتۆری ڕەویەوەو گزنگی دیموکراتی دەرکەت، ئێستا دەمانەوێت ئەم هەلە لەدەست نەدەین)**

قســەی ناو ئەو دووکەوانەیە وەڵامی بەرێز نێچیرڤان بارزانی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســتانە بۆ پرســیارێکی پرۆ فیسۆر براندن ئۆلیریە کە لە دیمانەیەکدا بۆ کتێبی (هەرێمی کوردســتان: وەبەرهێنــان بۆ ئاینــدە The Kurdistan Region:Invest in the Future) ئامــاژەی پێکردووە، نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم ئامانجە کە زیاتر پیشخستنی پەرەپێدانە لە کوردستاندا، ئاماژەی بەم خاڵانە کردووە:

١- حکومەتێکــی یەکگرتوومان لە کوردســتان پێکهێناوە،ئەم حکومەتە حکومەتێکی بنکە فراوانە نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردســتان و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی لە خۆی گرتووە.

٢- ئەم حکومەتە ســوورە لەسەر ئەوەی بە شێوازی شەفاف و بەرپرسانە خزمەتی گەلی خۆی کە کوردستانە بکات.

٣- پشــتگیری لــە بنەماکانــی مافی مــرۆڤ و ئازادییە مەدەنیەکان دەکەین.

٤- ئێمە هەست دەکەین بنەمای ژێرخانی ئابووری وسیستەمی پەروەردەییمان پێویستی بە بونیادنانەوەو مۆدێرەنیزەکردن هەیە،بۆ ئەم مەبەســتە هەوڵمانداوە سوود لەو دەســەڵاتە وەربگرین کە دەســتووری عێراق وەك هەرێمێکی فیدرالی پێیداوین، ئەویش بەومانایــەی کە ئازادبیــن و ئەو دەســەڵاتەمان هەبێت پەرە بەسەرچاوە سروشتیەکانی هەرێمی خۆمان بدەین، بەڵام ناتوانین ئەم پرۆسەیە دوا بخەین و چاوەڕێی بکەین.

ئــەم چەند خاڵەی نێچیرڤــان بارزانی ئامــاژەی پێکردوون بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، نەك هیواو ئومێدێك بۆ ئایندەو هێشــتا دەستی پێنەکرابێت، هەر لەم کتێبەدا بەرێزان قوباد تاڵەبانی و براند ئۆلیری دیمانەیەکیشــیان لەگەل بەرێز هیرش محەرەم محەمەد ئەمین ســەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان کردووە و ئەویش ئەم خاڵانەی ئاماژە پێکردووە:

١- یەکگرتنەوەی سیاسیی، دینامیکیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی زیاد کردووە.

٢- پلانی ئێمە وەك بۆردی وەبەرهێنان لە کوردســتان بەشــی ســەرەکی بۆ پشتگیری ژێرخانی کوردســتان و هەڵسانەوەی ژێرخانی رووخاوی کوردستانە.

٣- لەبەر ئەوەی هەڵمەتێکی گەورەی بونیادنانەوە لە کوردستان دەســتیپێکردووە، ئێســتا داواکاری خەڵکــی کوردســتان لە سەرکەلوپەلی بینا دروســتکردن وەك (ئاسن، چیمەنتۆ، بەرد، خشــت) زیادیکردووە، بۆیە ئەم قۆناخــە قۆناخێکی دیکەی بەدوای خۆیدا دەهێنیــت کە دەگەینە قۆناخی تەواوکاری ئەم هەڵمەتە دیســان پێویســتی و داواکاری دیکە بۆ کەرەستەی تەواوکاری وەك (تەختە، مــەوادی کارەبایی) بەدوای خۆیدا دەهێنێت،دوای ئەم قۆناخەش قۆناخێکی دیکە دێت کە قۆناخی تەواو بوونە دیسان پێداویســتی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کــە چۆن ئەو پرۆژانــەی تەواو بوون بۆ ئــەوەی دابمەزرێن، واتــە کەلوپەلی دامەزراندنمان دەوێت، کەواتە لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و هەموو قۆناخەکانیش پێویستی تایبەتیان هەیە، کەواتە کوردســتان پێویســتیەکی زۆری بە وەبەر هێنان لەهەموو بوارەکان هەیە.

٤- وڵاتــی ئێمە تەنها وڵاتی دوای شــەڕ و کاولکاری نییە، بەڵکو وڵاتیکە بەدەســتی ئەنقەست لەســەردەمی رژێمەکانی پێشــووی عێراق لە پرۆژەو خزمەتگوزاری بێبەش کراوە، بۆیە

●●●

**وڵاتی ئێمە تەنها وڵاتی دوای شەڕ و کاولکاری نییە، بەڵکو وڵاتیکە بەدەستی ئەنقەست لەسەردەمی رژێمەکانی پێشووی عێراق لە پرۆژەو خزمەتگوزاری بێبەش کراوە، بۆیە لە هەموو بوارێکدا پێویستمان بە بونیادنانەوە هەیە**

●●●

●●●

**ئەو ئیرادەیەی دەستی بە بونیادنانەوە کردووە، سوورە لەسەر ئەوەی لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا، هەنگاو بۆ خاڵە بنەرەتیەکان هەڵبگرێت، کە لە پێش هەموویانەوە چەسپاندنی سەروەری یاسایە، بێگومان سەروەریی یاسا نەک ئەو یاسایەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پیادە دەکرێت، بەڵکو ئەو سەروەری یاسایەی کە لیبرالیزمی دەستووری بەرهەمی دەهێنێت و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ دەبێت و لە دەرەوەی دەسەلاتی حکومەت دەبێت**


●●●

●●●

**پسپۆرانی دیموکراسی کاتێک پێناسەی لیبرالیزم دەکەن وەک هێمایەک بۆ پاراستنی ئازادییەکان و وەک رێبازێک بۆ سیاسەتی ئابووری پێناسەی دەکەن، راستەئەم سیستەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی دێتە ئاراوە، بەڵام هەرگیز پەیوەندی نەبووە بە بنەماکان یان پیادەکردنی دیموکراتیەوە**

●●●

●●●
**صامۆئیل هنتگتن دەربارەی ئەم ئیشکالیەتەی پرۆسەی هەڵبژاردن وپێکهێنانی حکومەت دەڵێت : (ئەو حکومەتانەی تەنها هەڵبژاردن بەرهەمی دەهێنێت، حکومەتێکن چالاک نیین، گەندەڵن،هەست بەبەرپرسیاریەتی ناکات، کەموکورتی تێدا زۆرە، سیاسەتێک پەیرەو دەکەن تیایدا بەرژەوەندی تایبەتی باڵادەستە بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا،ناتوانێت بەرنامەیەکی هەبێت کە وەڵامدانەوەی پێداویستسەکانی خەڵک بێت)**
●●●



# ...ـموکراسی

## ...ـە سەرکەوتووەکان و
## ...ـەتی هەرێمی کوردستان

●●●
**ئەوەی دەمانەوێت لەم خوێندنەوەیە پێی بگەین بازنەی ئەو بزاڤەی پێشکەوتن و پەرەپێدانەیە کە لە کوردستان دەستی پێکردووە و سەرۆکی حکومەتی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی نابێت ئەم هەلە لەدەست بدەین**
●●●

لە هەموو بوارێکدا پێویســـتمان بە بونیادنانەوە هەیە،پێویستمان بە نەخۆشـــخانەی وبنکەی تەندروستی زیاتر هەیە، دەمانەوێت ئەم نەخۆشخانەو بنکە تەندروســـتیانە باشترین و پێشکەوترین تەکنەلۆژیای ســـەردەمی تێدا بێت و نەخۆش ناچار نەبێت بۆ چارەسەرکردنی سەردەمیانە و بەڕێگەی تەکنەلۆژیای سەردەم، بچێتە دەرەوەی کوردســـتان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی، پێویســـتمان بە پرۆژەی ئاو کارەبا و ئاوەرۆ هەیە، پێویســـتمان بە بونیادی ڕێگەی خێـــرا هەیە و دەمانەوێت بە درێژایی ئەو ڕێگایانە وێســـتگەی بەنزین هەبێت،پێویستمان بە وێستگەی پاڵاوتنی پەترۆل هەیە، دەمانەوێت کۆمپانیاکان بێنە کوردستان بـــەدوای دۆزینـــەوەی پەترۆل و گازی سروشـــتی بگەڕێین، پێویســـتمان بەوەیە وەبەرهێنان لە بواری پەرەپێدانی سروشـــتی کوردســـتان بکرێت، دەمانەوێت هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو ســـلێمانی فراوانتر بکەین،دەمانەوێت پەرە بەتواناى مرۆیی لە کوردستان بدرێت بۆ ئەوەی توانایی مرۆیی لە کوردستان بگاتە ئاستی داهێنان و بەرێوەبردنی کۆمپانیای ناوەندی، ئەمانە

**چەسپاندنی سەروەریی یاسا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە رۆژهەڵاتی ئاسیاش بەو مانایە نییە کە لە رۆژئاوا پێناسە دەکرێت، بۆیە بیرمەندیکی وەک فەرید زەکەریا کە ئەزموونی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی دەبینێت زۆر پێی زەحمەتە کە بتوانرێت لە دیموکراتیەتی رۆژهەڵاتی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ لیبرالیزمی دەستووری و هەتا ئێستاش ئەم هەنگاوە لە دیموکراتیە تازەکاندا وێنەی نییە**

**کۆریای باشووریش کە ئێستا بە ١٥ هەمین دەوڵەتی دەوڵەمەندی جیهان حساب دەکرێت، تایوان کە بە موعجیزەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دادەنرێت، هۆنک کۆنگ کە ١٥٦ ساڵ بەریتانیەکان حکومرانیان کردووە، سەنگافورە کە بە دوورگە جوانەکەی ئاسیا ناوزەد دەکرێت، هیچیان نەیانتوانیوە، لە یەکاتدا پەرەپێدان ودیموکراسی پێکەوە پیادەبکەن**

**پارک چانگ بە کودەتای سەربازی ١٩٦٠ هاتۆتە دەسەڵات و لە ١٩٧٩ تیرۆر کراوە، لە سەنگافورە لە ساڵی ١٩٥٩ ەوە تائێستا یەک حزب حاکمە.لە تایوان حزبی کۆمینتانگ تا ساڵی ١٩٨٧ بە تاکرەوی حوکمی کردووە،کەواتە وەرچەرخان لە دیموکراتیەوە بۆ دیموکراتی لیبرالی یان بۆ لیبرالیزمی دەستووری کارێکی ئاسان نییە**

هەموویان بواری گرنگی پەرەپێدانی ئێمەن

## ئاستەنگەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان چین و چۆن دەتوانین ئەو ئاستەنگانە لابەرین

١- نەبوونی سیستەمی بانکی چالاك و نەبوونی سیستەمی تەئمین.

٢- نەبوونی پلانێکی ستراتیژیی کاریگەر بۆ ئەوەی وەربەرهێنی بیانی بزانێت ئەولەویەتی ئێمە بۆ پرۆژەکان چین، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری USAID هەوڵیدواوە پلانێکی ستراتیژی کاریگەر دابرێژێت.

٣- کەموکورتی لە بواری ئامار و داتا وداتای زانیاری و داتای ئابووری، بۆ ئەمەش چەندین کۆنفراس رێکخراوە و چەندین بڵاوکراوە چاپکراوە بۆ ئەوەی وەك هەنگاوی یەکەم و هەتا ئەو سیستەمە بە تەواوەتی دەکەوێتە گەڕ،وەبەرهێنی بیانی سوودی لێوەربگیرێت.

٤- هەوڵدراوە کۆتایی بە سیستەمی باج ی رژێمی پێشوو بهێنین و یاسای وەبەرهێنان دەربکەین، ئەم یاسایە بەو شێوەیە دارێژراوە کە هەموو کار ئاسانیەك بۆ وەبەر هێن مسۆگەر دەکات و هانیدەدات بێتە کوردستان و سەرمایەی خۆی بەگەر بخات.

ئەوەی لەو ئاماژانە دەیخوێنیەنەوە ئەوەیە ئەو ئیرادەیەی دەستی بە بونیادنانەوە کردووە، سوورە لەسەر ئەوەی لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا، هەنگاو بۆ خاڵە بنەرەتیەکان هەڵبگرێت، کە لە پێش هەموویانەوە چەسپاندنی سەروەری یاسایە، بێگومان سەروەریی یاسا نەك ئەو یاسایەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پیادە دەکرێت، بەڵکو ئەو سەروەری یاسایەی کە لیبرالیزمی دەستووری بەرهەمی دەهێنێت و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ دەبێت و لە دەرەوەی دەسەلاتی حکومەت دەبێت،هەروەك چۆن لەم مانگەدا بەرێز نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد کە دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان لە وەزارەتی داد جیابکرێتەوە و بۆ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا بەرزتر نەبێت و هیچ کەس و لایەنێك نەتوانێت دەست لە کاروباری دادوەری وەربدات.

## سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری تاچەند دەبێتە فاکتەرێک بۆ پەرەپێدان

ئەو حاڵەتە قورسەی پێویستە دانی پێدابنرێت ئەوەیە، کە نزیکەی سەدەیەکە دیموکراسی لە رۆژئاوا بەمانای دیموکراتیەتی لیبرالی ئاماژەی پێدەکرێت، واتە کە دەگوترێت دیموکراسی راستەوخۆ لە رۆژئاوا واتە ئاماژەکردنە بۆ بوونی دەستوورێکی لیبرالی، کەواتە ئەو سیستەمە سیاسیە یان ئەو حکومەتەی لە ئاکامی سندووقەکانی سەندنەوە هەڵدەسوورێنرێت،ئەوە تەنها لە چوارچێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد وعادیلانە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو ئەو سیستەمە لە چوارچێوەیەکی فراوانتر پێناسە کراوە کە بریتی بووە لە (دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا، پاراستنی ئازادییە بنەرەتیەکان وەك ئازدادی رادەربرین،ئازادی کۆڕو کۆبوونەوە، ئازادی ئایینی، هەروەها بڕوا بوون بە مافی خاوەنداریەتی تایبەت و پاراستنی ئەو خاوەنداریەتیە بەپێی یاسا) . ئەم چەپکە مافە پێکەوە لەرووی مێژووییەوە پێی دەڵێن لیبرالیزمی دەستووری، لە رووی تیۆریشەوە جیاوازە لەوەی پێی دەگوترێت دیموکراسی. پسپۆرانی دیموکراسی کاتێك پێناسەی لیبرالیزم دەکەن وەك هێمایەك بۆ پاراستنی ئازادییەکان و وەك رێبازێك بۆ سیاسەتی ئابووری پێناسەی دەکەن، راستەئەم سیستەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی دێتە ئاراوە، بەڵام هەرگیز پەیوەندی نەبووە بە بنەماکان یان پیادەکردنی دیموکراتیەوە.

صامۆئیل هنتگتن دەربارەی ئەم ئیشکالیەتەی پرۆسەی هەڵبژاردن وپێکهێنانی حکومەت دەڵێت: (ئەو حکومەتانەی تەنها هەڵبژاردن بەرهەمی دەهێنێت، حکومەتێکن چالاك نیین، گەندەڵن،هەست بەبەرپرسیاریەتی ناکات، کەموکورتی تێدا زۆرە، سیاسەتێك پەیرەو دەکەن تیایدا بەرژەوەندی تایبەتی باڵادەستە بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا،ناتوانێت بەرنامەیەکی هەبێت کە وەڵامدانەوەی پێداویستسەکانی خەڵك بێت) ، ئەم سیفاتانە ئەم حکومەتە دەکاتە حکومەتێکی ناپەسەند وخراپ، بەڵام نایکاتە حکومەتێکی نادیموکراسی، راستە یەکێك لە لایەنە باشەکانی دیموکراسی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد وعادیلانەیە،بەڵام هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە بەس نییە بۆ ئەوەی ببێتە حکومەتێکی باش

ئەوەی دەمانەوێت لەم خوێندنەوەیە پێی بگەین بازنەی ئەو بزاڤەی پێشکەوتن و پەرەپێدانەیە کە لە کوردستان دەستی پێکردووە و سەرۆکی حکومەتی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی نابێت ئەم هەلە لەدەست بدەین، کەواتە لەم قۆناخە ئەرکی هەموومان چاودێریکردنی ئەو چەماوەیەیە کە تیایدا پەرەپێدان تیادا هەڵدەکشێت و ئەو خاڵەی تیادا دەچەمێتەوە و دێتە خوارەوە،کەواتە بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بە دەستووری کردنی لیبرالیزم لەم خاڵانەوە دەست پێدەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی جدی بۆ هەڵدەگرێت:

### ١- چەسپاندنی سەروەری یاسا

چەسپاندنی سەروەریی یاسا لە رۆژهەڵات ناوەراست و لە رۆژهەڵاتی ئاسیاش بەو مانایە نییە کە لە رۆژئاوا پێناسە دەکرێت، بۆیە بیرمەندیکی وەك فەرید زەکەریا کە ئەزموونی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی دەبینێت زۆر پێی زەحمەتە کە بتوانرێت لە دیموکراتیەتی رۆژهەڵاتی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ لیبرالیزمی دەستووری و هەتا ئێستاش ئەم هەنگاوە لە دیموکراتیە تازەکاندا وێنەی نیە، تەنانەت سەرکەوتنی قۆناخی گواستنەوەش لە دەوڵەتانی ناوەراستی ئەورپا ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە لەو دەوڵەتانە زەمینەی یان کولتووری لیبرالیزمی دەستووری بووونی هەبووە بۆیە توانیویانە ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنن، (دوایی ئەم خاڵانە بەدرێژی لەسەر شیکارەکەی زەکەریا لەسەر ئەم خاڵە رادەوەستین) تەنانەت کۆریای باشوریش کە ئێستا بە ١٥ هەمین دەوڵەتی دەوڵەمەندی جیهان حساب دەکرێت، تایوان کە بە موعجیزەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دادەنرێت، هۆنك کۆك کە ١٥٦ ساڵ بەریتانیەکان حکومرانیان کردووە، سەنگافورە کە بە دوورگە جوانەکەی ئاسیا ناوزەد دەکرێت، هیچیا نەیانتوانیوە، لە

یەکاتدا پەرەپێدان ودیموکراسی پێکەوە پیادەبکەن، هەر بۆنموونە پارك چانگ بە کودەتای سەربازی ١٩٦٠ هاتۆتە دەسەڵات و لە ١٩٧٩ تیرۆر کراوە، لە سەنگافورە لە ساڵی ١٩٥٩ ەوە تائێستا یەك حزب حاکمە.لە تایوان حزبی کۆمینتانگ تا ساڵی ١٩٨٧ بە تاکڕەوی حکومی کردووە،کەواتە وەرچەرخان لە دیموکراتیەوە بۆ دیموکراتی لیبرالی یان بۆ لیبرالیزمی دەستووری کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی جێگە خۆشحاڵیەو ئەرکی ئێمە زۆر بەرووی چاودێری ئەو هەنگاوانە بکەین و هۆکارێك بین بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت ئەوەیە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردن و دیموکراسی سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی داوەری لە وەزارەتی داد وحکومەت سەرکەوتوو بێت.

## ٢- ئازادییەکان و ئازادی تاك

لەو حکومەتەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، ئازادی بیرورا دەربرین بەهەموو شێوەکان لە ئاستێکدایە، کە تاکی کورد و کوردستانی لە سەر لاپەرەی ئەو بڵاوکراوانەی حکومەت پشتگیری بەردەوام بوونیان لێدەکات و هانیان دەدات،بۆی هەیە بەراشکاوی رەخنە لەسەرۆکی حکومەت و تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت وگرتووشیانە، کەچی هەتا ئێستا رۆژنامەنووسێك لەبەر هۆکاری سیاسیی نەگیراوە یان رۆژنامەیەك دانەخراوە، ئەمە لە کاتێکدا یاسای رۆژنامەنووسان کە لەسەر داوای رۆژنامەنووسان جاری یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای نەکردوو و نێردرایەوە بۆ پەرلەمان ئەو رێگەیەی تێدایە رۆژنامە و رۆژنامەنووس بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام حکومەت خۆی هاندەرە ئازادییەکان بەردەوام بن بۆئەوەی میدیای ئازادی راستەقینە لە کوردستان کامڵ بێت، هەتا ئێستا گوێ بیستی ئەوە نەبووین و حکومەتی هەرێمی کوردستان وێرای ئەو هەموو ئاستەنگەی رووبەروی دەبێتەوە بەیانێکی دەرنەکردووە کە تیایدا ئاماژە بەوە بکات لەم ماوەیەدا باردۆخ نا ئاساییە و دەبێت ئازادییەکان سنوور دار بکرێت، بەپێچەوانەوە لەو کاتەی کە کوردستان لە ژێر هەرەشەی هێرشی زەمینی تورکیا بوو بۆسەر هەرێمی کوردستان.، واتە لەو کاتەی وڵاتەکەمان هێرشی دەرەکیشی دەکرایە سەر، هەندێك لە رۆژنامەکانی کوردستان زۆر بە ئازادانە مانشێتی رۆژنامەکانی تورکیایان دەکرد بەکوردی و بە مانشێت بڵاویاندەکردەوە،بە ئاشکرا دەیاننووسی ئەم حکومەتە هێندە خراپە وەك دەسەڵاتەکەی یاسر عەرەفات وایە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی شەرعیەتدان بوو بە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی ئازادی رادەربرینی هێندەی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی لا گرنگ بووە، هەر بۆنمونە تورکیا کەخۆی بە کاندیدی یەکێتی ئەورپا دەزانێت بەرگەی رەخنەکانی رۆژنامەنوسێکی بە نەژاد ئەرمەنی نەگرت و لە ناو شەقامەکانی ئەستەنبوڵ تیرۆریان کرد، ئەوە ئێران دادگای بۆ هەندێك رۆژنامەنووس داناوە باسی سزای لە سێدارەدان و شتی وایان دەکرد، .لە کوردستان و لە شاری کەرکوك کە هەتا ئێستاش لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چەندین کەس تیرۆرکراوە بە رۆژنامەنووسانیشەوە، زۆر لایەن هەوڵیاندا حکومەتی هەرێم لە تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامە نووسە بەرپرسیار بکات، بەڵام بۆ وەڵامی هەموو ئەوانە حکومەتی هەرێم ئەو رۆژنامەنووسەی وەك رۆژنامەنووسی ساڵ و شەهیدی قەڵەم خەڵاتکرد..لە بواری خۆپیشاندان وچالاکیە مەدەنیەکانیش، تازەترین دیکۆمێنێت راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی مافی مرۆڤە، راستە ئاماژە بەوە دەکات لە شارۆچکەیەکی وەك خەلیفان بە توندی لەگەڵ ژمارەیەك خۆ پیشاندەر مامەڵە کراوە بەڵام راپۆرتەکە ئاماژەش بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووداوەکەی کۆڵیوەتەوە و سزای ئەو کەسانەی داوە کە لەرووداوەکە بەرپرسن، لایەنێکی دیکەی بڕوابوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاراستنی ئازادیەکان لەوەدا رەنگیداوەتەوە، لە حکومەتێکدا دوو وەزارەتی ناوخۆ هەبێت، دوو ئاسایش هەبێت، دوو دەزگای هەواڵگری هەبێت، بەڵام بەندیخانەی نهێنی و بەندکراوی سیاسیی نەبێت (بێگومان ئەوانەی لە سەر تیرۆر دەگیرێن با ئایدۆلۆژیای سیاسیشیان هەبێت بەڵام بە بەندکراوی سیاسیی حساب ناکرێن و وەك سیاسیش دادگایی ناکرێن) کەواتە حکومەتی کوردستان تەنها حکومەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بەندیخانەکانیدا بەندکراوی سیاسیی نییە، ئەمە پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە نییە، لەبەر ئەوەی بەدەیان بەندکراوی سیاسیمان بینی چۆن بە درندەترین شێوە ئەشکەنجە درابوون.

## ٣- مافی موڵکداریەتی تایبەت و پاراستنی بە پێی یاسا

بەداخەوە لەبەر ئەوەی کولتووری حکومرانی رژێمەکانی پێشووی عێراق و سیستەمی ئابووری رژێمەکانی پێشووی عێراق و ئەو سیستەمە ئابوورییەی ئێستاش د.مالکی هەوڵی بۆ دەدات بیگێرێتەوە بۆ عێراق.بوونەتە کۆمەڵێك ئاستەنگ کە هەندێك کەس پلە و پۆستی سیاسیی و ئیداری لەم وەرچەرخانە گرنگ و مێژووییە کە لەسەر ئاستی ناوچەکە بێ وێنەیە، بەخراپ سوودی لێوەربگرن و هەوڵیاندا لە ناو یاساکانی کوردستاندا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان گەندەڵی بکەن و لە گرێدانی کۆنتراکتەکاندا بەرژەوەندی گشتی لە بەرچاو نەگیرێت، لە ململانێی ئابووری و پیادەکردنی ئابووری ئازاد دا سەرچاوەکانی دەوڵەت قۆرخبکەن، ئەمە تەنها گرفتی ئێمە نییە، بەڵکو وەك لەبەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، پارك چانگ سەرۆکی کوریای باشور وەك دیکتاتۆرێك هەموو بزنسمانە گەورەکانی کۆریای دەستگیرکردو سەرمایەکانی دەستبەسەردا گرتن، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی دڵنیان لە کوردستانیش هاوسۆزیەك هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە ئەو بزنسمانەنانەی کوردستان سزا بدات کە بە خراپ سوودیان لەم باردۆخە وەرگرتووە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی بەشێوەیەکی زانستیانەتر سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات، نێچیرڤان بارزانی نەقسی شەرعیەتی نییە هەتا بە چەند رەفتارێکی دیکتاتۆریانە ئەو نەقسە پربکاتەوە،

●●●
**ئەو حکومەتەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، ئازادی بیرورا دەربرین بەهەموو شێوەکان لە ئاستێکدایە، کە تاکی کورد و کوردستانی لە سەر لاپەرەی ئەو بڵاوکراوانەی حکومەت پشتگیری بەردەوام بوونیان لێدەکات و هانیان دەدات،بۆی هەیە بەراشکاوی رەخنە لەسەرۆکی حکومەت و تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت وگرتووشیانە، کەچی هەتا ئێستا رۆژنامەنووسێک لەبەر هۆکاری سیاسیی نەگیراوە یان رۆژنامەیەک دانەخراوە**
●●●

●●●
**حکومەت خۆی هاندەرە ئازادییەکان بەردەوام بن بۆئەوەی میدیای ئازادی راستەقینە لە کوردستان کامڵ بێت**
●●●

●●●
**حکومەتی هەرێمی کوردستان وێرای ئەو هەموو ئاستەنگەی رووبەروی دەبێتەوە بەیانێکی دەرنەکردووە کە تیایدا ئاماژە بەوە بکات لەم ماوەیەدا باردۆخ نا ئاساییە و دەبێت ئازادییەکان سنوور دار بکرێت**
●●●

**هەندێک لە ڕۆژنامەکانی کوردستان زۆر بە ئازادانە مانشێتی ڕۆژنامەکانی تورکیایان دەکرد بەکوردی و بە مانشێت بڵاویاندەکردەوە،بە ئاشکرا دەیاننووسی ئەم حکومەتە هێندە خراپە وەک دەسەڵاتەکەی یاسر عەرەفات وایە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی شەرعیەتدان بوو بە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی ئازادی ڕادەربڕینی هێندەی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی لا گرنگ بووە**

**تورکیا کەخۆی بە کاندیدی یەکێتی ئەوروپا دەزانێت بەرگەی ڕەخنەکانی ڕۆژنامەنووسێکی بە نەژاد ئەرمەنی نەگرت و لە ناو شەقامەکانی ئەستەنبوڵ تیرۆریان کرد**

**حکومەتی کوردستان تەنها حکومەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەندیخانەکانیدا بەندکراوی سیاسی نییە، ئەمە پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە نییە، لەبەر ئەوەی بەدەیان بەندکراوی سیاسیمان بینی چۆن بە درندەترین شێوە ئەشکەنجە درابوون**



بۆیە هەوڵدەدات هاندەرەکانی گەندەڵی بگۆڕێت بۆ هاندانی دژە گەندەڵی و قەڵاچۆکردنـــی گەندەڵی، هاندانی کۆمپانیاکانی بیانی بۆئەوەی بێن لە هەموو بوارەکاندا کوردستان پەرەپێبدەن، زۆر کەس ئێســـتاش لە کوردستان وا دەزانن کە دەڵێن کۆمپانیا، تەنها کاری کۆمپانیاکان ئەوەیە بێن پرۆژەی خزمەتگوزاریمان بۆ دروستبکەن، نەخێر زۆر کۆمپانیا ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیە تەنها کاریان:

أ- چۆن فێرمان بکـــەن دامەزراوەکانی حکومەت بەشـــێوەی دامەزراوەیی ڕێکبخەینەوە.

ب- چۆن بتوانیین توانای مرۆیی لە کوردستان بەو ئاستە بەرز بکەینەوە کە بتوانیـــن دامەزراوەکانی حکومەت بەرێوکوپێکی هەلبسووڕێنن.

ت- چۆن بتوانین دامەزراوەکانمان بە وشێوەیە ڕێکخبەینەوە کون وکەلەبەر لە گەندەڵکاران بگرێن.

ث- چۆن سیســـتەمی دادەری خۆمـــان دابمەزرێنین و چۆن دەسەڵاتی سەربەخۆی دادگاکان پیادەبکەین.

ج- چـــۆن هەوڵبدەین کەرتی تایبەت فـــراوان بکەین و کەرتی گشتی بچووك بکەینەوە.

ح- چۆن بتوانیین بنەمایەك بۆ سیستەمی حکومرانی دابرێژین لە کوردســـتان کە گەل حکومەت بە خێو بکات نەك حکومەت گەل بە خێو بکات، حکومەت فەرمانبەری گەل بێت، نەك گەل فەرمانبەری حکومەت بێت، گەل بە ڕاستەقینە خاوەنی بڕیاری گۆڕینی حکومەت بێت نەك حکومەت خاوەنی بڕیار فەرزکردن بێت لەسەر گەل.

٤- یاسای وەبەرهێنان وهاندانی وەبەرهێنی بیانی بۆئەوەی بێن بۆ کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی زۆر بە ڕاشـــکاوی لەگەڵ دۆست و دوژمن سووربوونی خۆی لەسەر بونیادنانەوەی کوردستان دوپاتدەکاتەوە و بە ئاشکرا دەڵێت ئێمە ناتوانین ئەم پرۆســـەیەی دەســـتمان پێکردووە دەستی لێ هەڵبگرین یان دوای بخەین، ئەگەر ئەم مەسەلەیەش وا پێویست بکات هەڵوێستی سیاسیشی لەسەر وەر بگیرێت، ئەم هەڵوێستە و ئەم سووربوونەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بونیادنانەوەی کوردستان پێویستی بە سەرمایەکی مەزەنـــدە نەکراو هەیە،واتە ئەو پڕۆســـەیەی نێچیرڤان بارزانی دەســـتیپێکردووە، زیاتر لە ســـەدان ملیـــار دۆلاری تێدەچێت بۆیـــە دەبێت ئەو پارەیە بێتە کوردســـتان و ئـــەم وڵاتە ئاوەدان بکرێتەوە. یەکێك لەو ڕێگایانەی بۆ ئەم مەبەســـتە گرتوویەتە بەر دەرکردنی یاســـای وەبەرهێنانە، کـــە نێچیرڤان بارزانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆســـەیە بە شەخســـیی ڕۆڵی باڵای تێدا دەگێرێـــت وتەنها بۆ ئەوەی وەبەرهێنەکان دڵینا بکاتەوە، خۆی بۆتە دامەزراوەی تەئمین و دڵنیایاندەکاتەوە وەرنە کوردســـتان زەرەر ناکەن، تەنانەت ســـەرمایەدارانی بە ریتانیا وئەمریکاش کـــە بەداخەوە ئێمە مەزەندەمان دەکـــرد پێش هەموو لایەك بێنە کوردســـتان، بـــەڵام دوای زۆر وڵات ئینجـــا هەندێك جوولان و، ئێســـتا ئەوانیش گەیشـــتوونە ئەو قەناعەتەی دەتوانن بێنە کوردستان و سەرمایەی خۆیان بەگەر بخەن، بەڕێز ژەنرال جەی گارنـــەر ڕۆژی ٢٥ /٢٠٠٩/٢ بەمجۆرە باســـی ئەم هەنگاوە گرنگەی بەڕێز نێچرڤان بارزانی دەکات: (کوردستان عێراقێکی دیکەیە لەبەر ئەوەی زۆر لە دراوسێکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی پێشـــکەوتوو ترە،کوردستان ١٢ ساڵ پێش حکومەتی مەرکەزی بەغـــدا هەڵبژاردنی ئـــازادی ئەنجامداوە لە ســـاڵی ١٩٩٢، کوردســـتان لە بواری ئابووری و پـــەروەردە و کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە حکومەتی ناوەندی پێشـــکەوتووترە، لەهەر شـــوێنکی کوردســـتان ســـەیر بکەیت ئەوە هەر باڵەخانە و پرۆژەی تازەیە بونیاد دەنرێت،ئێستا ئەم هەرێمە بۆ تە دروازەیەك بۆ وەبەرهێنی



نێو دەوڵەتی سوپاس بۆ ئەو هاندانەی لە یاسای وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ کردوتانە) ئەمە هەڵسەنگاندنی ژەنراڵ گارنەرە بۆ یاسای وەبەر هێنانی ئەو حکومەتەی کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات.

٥- نێچیرڤان بارزانی یەکەم کەسە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی خاوەن پەترۆل کە چەمکێکی تازەی بۆ بە کارهێنانی داهاتی نەوت بەکارهێناوە، ئەویش ئەوەیە (نەوت بەرامبەر کاری خزمەتگوزاری) نەوت بەرامبەر دابینکردنی کارەبا، بەرامبەر پرۆژەی ئاو و ئاوەرۆ، بەرامبەر جوانکردنی کوردستان،ئەمە لۆژیکی نێچیرڤان بارزانییە پرانیسیپی قەرزی درێژخایەنی بێ قازانج لە داهاتی نەوت دروست دەکات،هەربۆیە ژەنراڵ گارنەر لە جێی خۆی ئاماژەی پێکردووە کە هەموو لایەکی هەرێمی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی جێگەی سەرسورمان و هەڵوەستە لەسەر کردنە.

## ئەو رەخنانەی لە نێچیرڤان بارزانی دەگیرێت و بە لۆژیکانە وەڵامیان دەداتەوە

ئەو رەخنانەی لە سەرئاستی ناوخۆ لە حکومەت و شەخسی نێچیرڤان بارزانی جیاوازە لەو رەخنانەی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەولەتی لێیدەگیرێت، بەڵام ئەگەر رەخنەکانی ناو خۆ لە گەڵ رەخنە دەرەکیەکاندا بەراورد بکەین ئینجا ئومێدی خەڵکی کوردستانمان بەم سەرکردە لێهاتووە بۆ دەردەکەوێت:

١- لەسەر ئاستی ناوخۆ هەموو کەس بە کارمەندانی حکومەت و بە ئەندامانی پارتی و یەکێتیشەوە سەرجەم هاوڵاتیانیش، ئەو دەسکەوتانە بەکەم دەزانن کە نێچیرڤان بارزانی لەماوەی ٣ ساڵی کابینەی یەکگرتوودا بەدەستی هێناوە،هەمووی هەر دەڵیت هیچ نەکراوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و رامانە لە نێچیرڤان بارزانی ئەوەیە سەبارەت بەو هەموو هەوڵەی دەیدا هێشتا خۆی بە قەرزداری ئەو متمانەیە دەزانێت کە گەلی کوردستان پێیداوە، خۆی بە قەرزداری ئەو متمانەیە دەزانێت کەشەخسی مام جەلال و سەرۆك بارزانی پێیان داوە، ئەو دەزانێت ئەو چ متمانەیەکی پێدراوە، متمانەی زیاتر لە نیو سەدەی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی پێدراوە، بۆیە زۆر بە راشکاوانە بە زمانی ئینگلیزی بە هەموو جیهانی راگەیاندووە من بریارم داوە خزمەتکاری میللەتی (servant) خۆم بم، بەڵام هەر خزمەتکارێکی ئاساییش نا بەڵکو خزمەتکارێکی شەفاف و بەرپرسیار، واتە دەست لەسەر سنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەوە میللەتەکەی پێی دەڵیت، ئەوەی میللەتەکەی پێی رازی نەبێت و داوای زیاتری لێبکات ئەو ئەوە بە هەقی میللەتەکەی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەی ئەو بریاری داوە فەرمانی میللەتەکەی جێبەجی بکات، بۆ ئەوەی میللەتەکەی لێی رازی بێت کاتێك حسێن شەهرستانی لە کۆنتراکتەکانی نەوت هەرەشەی بە لیستی رەش دەکرد، نێچرڤان بارزانی پێی دەگوتن ئەوە ئیمزای نێچیرڤان بارزانی بەسەرەوەیە و نێچیرڤان بارزانی تەحەمولی ئاکامەکەی دەکات، ئەوە لێهاتوویی تێچیرڤان بارزانییە دوو گەورە تۆژەری ئەمریکی کینس پۆلاك و مایکل ئۆهالۆن لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز دەنووسن و پرسیار لە ئیدارەی ئۆباما دەکەن ئەوە نەوتی کوردستان یەکدوو مانگی دیکە ئامادەدەبێت بۆ ناردنە دەرەوە ئایا چۆن لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە مامەڵە دەکەیت، ئەگەر نێچیرڤان بارزانی نەبوایە دەبوو هەتا ئێستاش چاوەرێی مۆلەتی حسێن شەهرستانیمان بکردایە.

٢- لەسەر ئاستی عێراقی د.مالکی زۆر لە چالاکی و حکومرانیە سەرکەوتووەکەی، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ناوخۆ، مالکی بە ئاشکرا دەڵێت ئێستا هەولێر کارەکانی بەغدا دەکات، ئێستاهەولێر وەك پایتەختی عێراق وایە، هەموو دەوڵەتانی جیهان لە هەولێر کونسوڵخانەی خۆیان کردۆتەوە، ئەوان نێچیرڤان بارزانی بەوە تاوانبار دەکەن کە پێگەی هەموو

●●●

پارک چانگ سەرۆکی کۆریای باشور وەک دیکتاتۆرێک هەموو بزنسمانە گەورەکانی کۆریای دەستگیرکردو سەرمایەکانی دەستبەسەردا گرتن، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی دڵنیان لە کوردستانیش هاوسۆزیەک هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە ئەو بزنسمانانەی کوردستان سزا بدات کە بە خراپ سوودیان لەم باردۆخە وەرگرتووە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی بەشێوەیەکی زانستیانەتر سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات

●●●

●●●

نێچیرڤان بارزانی نەفسی شەرعیەتی نییە هەتا بە چەند رەفتارێکی دیکتاتۆریانە ئەو نەفسە پربکاتەوە، بۆیە هەوڵدەدات هاندەرەکانی گەندەڵی بگۆرێت بۆ هاندانی دژە گەندەڵی

●●●

●●●

نێچیرڤان بارزانی دەیەوێ کەرتی تایبەت فراوان بکات و کەرتی گشتی بچووک بکاتەوە

●●●



●●●
**چۆن بتوانین بنەمایەک بۆ سیستەمی حکومرانی دابڕێژین لە کوردستان کە گەل حکومەت بە خێو بکات نەک حکومەت گەل بە خێو بکات، حکومەت فەرمانبەری گەل بێت، نەک گەل فەرمانبەری حکومەت بێت، گەل بە راستەقینە خاوەنی بریاری گۆڕینی حکومەت بێت نەک حکومەت خاوەنی بریار فەرزکردن بێت لەسەر گەل**
●●●

عێراقی گواستۆتەوە هەولێر، بەڵی ئەمە جیاوازی نێچیرڤان بارزانییە.

٣- لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمی ئەوە نێچیرڤان بارزانییە، هەڵوێستی بەرێز ئەردۆگان و دەوڵەتی تورکیا دەگۆڕێت لە هێرشی زەمینییەوە بۆ سەر کوردستان، بۆ چاوەروانی ٤ سەعات (ئەمە دەقی لێدوانی جەنگیز چاندارە بۆ گوڵان، کە لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا پێی راگەیاندین، کە بەرێز ئەردۆگان بۆ ئەوەی دیدارێك لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی گرێبدات ماوەی ٤ سەعات لەبەغدا سەردانەکەی دواخست، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لەنەمساوە نەیتوانی بگاتەوەبەغدا) بۆ ئەوەی دیدارێکی هاوبەش رێکبخەن، ئەوە نێچیرڤان بارزانییە کە پۆستەکەی سەرۆکی حکومەتێکی لۆکاڵە لە کۆشکی سپی، جۆرج بوش وەك سەرۆکی حکومەتێکی خاوەن سەروەری پێشوازی لێدەکات و رۆژی دواتریش گروپی هاریکاری نێوان کورد وئەمریکا لە ناو کۆنگرێسدا دادەمەزرێنێت.

٤- لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و تەنها لەو ماوەیەی سەرۆکایەتی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەکات باشترین دوو خەڵاتی جیهانی پێبەخشراوە، یەکەمیان وەك یەکێك لەسەرکردە لاوەکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ئەو سەرکردەیەی کە دەتوانێت لە جیهانی سەردەمدا سەرکردایەتی بکات، خەڵاتی دووەمیش خەڵاتی دکتۆرای فەخری زانکۆی واشنتۆن –جیفرسۆنە وەك یەکێك لەسەرکردە دیموکراتخوازەکانی جیهان، بۆیە ئەوە کۆمەڵگەی جیهانیە نازناوی سەرکردەی جیهانی و سەرکردەی دیموکراتخواز وەك مەدالیا دەکاتە ملی نێچیرڤان بارزانی، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردەیە کە هێشتاش خۆی بە خزمەتکاری میللەتەکەی دەزانێت و هەوڵی ئەو بۆ ئەوەنییە گەلی کوردستان رەخنەی نەمێنێت و لێ رازی بن، ئەو هەوڵ بۆ ئەوە دەدات دینامکیەتێك لە گیانی گەلی کوردستان دروست بکات، پێشکەوتن بە ئاستێك بەردەوامی هەبێت، ئەوەی ئەمرۆ گەلی کوردستان بیری لێدەکاتەوە سبەینێ دواکاری دیکە بەرهەمبهێنێ، نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەو کەبتەی سەرکوتکردن لە ناخی تاکی کوردا دروستبووە، بەجۆرێك بتەقێنێتەوە کەنەك هەر گارنەر بەڵکو هەموو جیهان بە سەرسورمانەوە سەیری بکەن.

●●●
**ئەم سووربوونەی نێچیرڤان بارزانی لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بونیادنانەوەی کوردستان پێویستی بە سەرمایەکی مەزندە نەکراو هەیە،واتە ئەو پرۆسەیەی نێچیرڤان بارزانی دەستپێیکردووە، زیاتر لە سەدان ملیار دۆلاری تێدەچێت بۆیە دەبێت ئەو پارەیە بێتە کوردستان و ئەم وڵاتە ئاوەدان بکرێتەوە. یەکێک لەو رێگایانەی بۆ ئەم مەبەستە گرتوویەتە بەر دەرکردنی یاسای وەبەرهێنانە**
●●●

## ئەگەر دیموکراتی بەرهەمی دەنگدان بێت لیبرالیزم بەرهەمی سەروەری یاسایە

فەرید زەکریا نووسەری کتێبی ئایندەی ئازادی: دیموکراتیەتی لیبراڵی و دیموکراتیەتی نا لیبرالی ئاماژە بەوە دەکات لە هەموو هەڵبژاردنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هیچ هەڵبژاردنێك وەك هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی ئێران پاك و بێگەرد نەبووە،بەڵام دەبینین ئەم هەڵبژاردنە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی رادەربرین، کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسیی، تەنانەت ئاستەنگی بەردەم جل لەبەر کردنی ژنانی ئێرانیش هەڵبگیرێت، هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە راستە ئەنجامدراوە بەڵام ئاستەنگەکانیش وەك خۆیان ماونەتەوە.

● ئەم دوو ئاماژەیەی فەرید زەکەریا و هنتگتن پێمان دەڵێن،لیبرالیزمی دەستووریی پەیوەندی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت لەبەر رۆشنایی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە نییە، بەڵکو لیبرالیزمی دەستووریی ئەگەر بووە ئامانجی ئەو حکومەتەی کە لەو هەڵبژاردنە ئازادە پێکدەهێنرێت، ئەوا هەنگاو بۆ هەموو ئەو خاڵانەی هەڵدەگیرێت، وەك سەروەری یاسا، پاراستنی ئازادییەکان، مافی موڵکداریەتی تایبەت، بەڵام ئەگەر ئەمە نەبووە ئامانجی حکومەت، ئەوا حکومەتەکە دیموکراتیشە و بەڵام گەندەڵ و ناچالاك ونابەرپرسیاریش دەبێت.کەواتە ئەگەر دیموکراتی بەرهەمی سندوقەکانی دەنگدان بێت،ئەوا دیموکراتیەتی لیبرالی

●●●
**نێچیرڤان بارزانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە بە شەخسیی رۆڵی باڵای تێدا دەگێڕێت وتەنها بۆ ئەوەی وەبەرهێنەکان دڵنیا بکاتەوە، خۆی بۆتە دامەزراوەی تەئمین و دڵنیایاندەکاتەوە ورنە کوردستان زەرەر ناکەن**
●●●



بەرهەمی سندوقەکانی دەنگدان و ئەو بناخە دەستوورییە کە سەرەتاکەی لە رۆمانەوە بە پیادەکردنی سەروەری یاسا دەست پێدەکات،هەر ئەمەش وایکردووە دیموکراتیەتی لیبرالی لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکا پەرەبسێنێت، ئەمە مانای ئەوەنییە هەڵبژاردنی ئەمریکا وئەوروپای رۆژئاوا دیموکراسیەتی باش بەرهەمدەهێنێت و هەڵبژاردنی رۆژهەڵات دیموکراتیەتی خراپ، نەخێر هۆکارەکەی ئەوەیە لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکا، بناخەیەکی دەستووری لیبرالی هەیە کە پێش ئەوەی سندووقی دەنگدان دابنرێت وبە یاسا ئازادیەکان و مافی تاک و مافی موڵکداریەتی پارێزراوە، ئەم بناخە دەستوورییە ئەم ئامانجانەی دابینکردووە:

١- سیستەمی چاودێری دەسەڵات و بەکارنەهێنانی دەسەڵات بەشێوەیەکی خراپ.

٢- یەکسانی هەموان لەژێر سێبەری سەروەری یاسا و لەبەرامبەر یاسادا.

٣- سەربەخۆیی دادگا ودەسەڵاتی داد وەری.

٤- جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت.

کەواتە ئەگەر دەوڵەتێك ئەو بناخە دەستوورییەی هەبێت ناتوانین پێی بڵێین ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی دیموکراتیە، بەڵکو دەوڵەتێکی لیرال ئۆتۆکراتیە، هەڵبژاردن ئەم ئۆتۆکراتیە دەگۆڕێت بۆ دیموکراتی و دەبێتە دەوڵەتێکی لیبرال دیموکراتی، ئەم خاڵە زۆر گرنگە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ودەبێت بزانین کە هەڵبژاردن دیموکراتیەت بەرهەمدەهێنێت، بەڵام لیبرال دیموکراتی بەرهەم ناهێنێت، دەوڵەتێك خاوەنی دەستووری لیبرالیزم بێت، بەئاسانی وەردەچەرخێت بۆ دیموکراسی، بەڵام دەوڵەتێك بناخەی دەستووری لیبرالیزمی نەبێت بە تەنها بە هەڵبژاردن نابێتە دەوڵەتێکی لیبرال دیموکراتی، دەکرێت بە حکومەتێکی لیبرال ئۆتۆکراتی بڵێین شێوە دیموکراتی یان نیمچە دیموکراتی لەبەر ئەوەی بەرهەمی بناخە دەستوورییە لیبرالیەکە حکومرانی باشە، بەڵام ناتواین بە حکومەتێکی گەندەڵ و نابەرپرسیار کە بەرهەمی هەڵبژاردنێکی ئازاد وعادیلانەیە بڵێین حکومەتێکی نادیموکراتی، بەڵێ حکومەتێکی دیموکراتیە، بەڵام لیبرال دیموکراتی نییە،مێژووی دیموکراتی پێمان دەڵێت دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا کە بە نموونەی دیموکراتیەتی لیبرالی پێناسە دەکرێت لە ساڵی ١٨٣٠ تەنها ٪٢ هاوڵاتیانی بەریتانیا دەنگیان بۆ ئەنجوومەنی گشتی (مجلس العموم) داوە، لە ساڵی ١٨٦٧ بۆتە لە ٪٧، لە ساڵی ١٨٨٠ ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ ٪ ٤٠، لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو رێژەی دەنگدان لە زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا بە بەریتانیاشەوە گەیشتۆتە لە ٪١٠٠، کەواتە دوای پیادەکردنی ١٠٠ ساڵ لە دەستووری لیبرالی ئینجا لە ئەوروپای رۆژئاوا سیستەمێك دەرکەوتووە کە بتوانرێت پێی بگوترێت سیستەمی دیموکراتی لیبرالی.

• مێژووی دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیاش هەمان رێچکەی مێژووی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوای گرتووە، ئەمەش واتە وەرچەرخان لە سیستەمی ئۆتۆکراتی خۆسەپێن ودیکتاتۆرەوە بۆ سیستەمی ئۆتۆکراتی لیبرالی یان سیستەمی تاکرەوی بەڵام لەژێر سێبەری سەروەری یاسادا،ئەم حاڵەتی وەرچەرخانە لە ئۆتۆکراسی خۆسەپێنەوە بۆ ئۆتۆکراسی لیبرالی گەلێك جار هەنگاو هەڵگرتنە بۆ سیستەمێکی نیمچە دیموکراتی و حکومرانی باش، راستە سیستەمەکە حکومرانی تاك حزبیە یان پادشایەتیە، بەڵام بەپێی یاسا ئازادیەکان و مافی موڵکداریەتی دابینکردووە، کە هەڵبژاردن دەکرێت بۆ شەرعیەتدانەوەیە بەو حکومە تاکرەوییە نەك ململانیی ئازاد ودەستاودەستکردنی دەسەڵات،هەنگاوەکان بۆ لیبرالیزمکردنی ئابوورییە نەك بۆ لیبرالی سیاسیی، بێگومان ئەوەی دەبێتە مایەی گەشبینی لەم وەرچەرخانە ئەوەیە لیبرالیزەکردنی

●●●

**ژنرال جەی گارنەر رۆژی ٢٥ /٢/٢٠٠٩ بەمجۆرە باسی ئەم هەنگاوە گرنگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکات لەهەر شوێنکی کوردستان سەیر بکەیت ئەوە هەر باڵەخانە و پرۆژەی تازەیە بونیاد دەنرێت،ئێستا ئەم هەرێمە بۆ تە دروازەیەک بۆ وەبەرهێنی نێو دەوڵەتی سوپاس بۆ ئەو هاندانەی لە یاسای وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ کردوتانە**

●●●

●●●

**لۆژیکی نێچیرڤان بارزانییە پرانیسپی قەرزی درێژخایەنی بێ قازانج لە داهاتی نەوت دروست دەکات**

●●●

●●●

**ئەوەی جێگەی سەرنج و رامانە لە نێچیرڤان بارزانی ئەوەیە سەبارەت بەو هەموو هەوڵەی دەیدا هێشتا خۆی بە قەرزداری ئەو متمانەیە دەزانێت کە گەلی کوردستان پێیداوە**

●●●

●●●

**کاتێک حسێن شەهرستانی لە کۆنتراکتەکانی نەوت هەرەشەی بە لیستی رەش دەکرد، نێچرڤان بارزانی پێی دەگوتن ئەوە ئیمزای نێچیرڤان بارزانی بەسەرەوەیە و نێچیرڤان بارزانی تەحەمولی ئاکامەکەی دەکات**

●●●

**ئەوە لێهاتوویی نێچیرڤان بارزانییە دوو گەورە تۆژەری ئەمریکی کینس پۆلاک و مایکل ئۆهالۆن لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەنووسن و پرسیار لە ئیدارەی ئۆباما دەکەن ئەوە نەوتی کوردستان یەک دوو مانگی دیکە ئامادەدەبێت بۆ ناردنە دەرەوە ئایا چۆن لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە مامەڵە دەکەیت، ئەگەر نێچیرڤان بارزانی نەبوایە دەبوو هەتا ئێستاش چاوەڕێی مۆڵەتی حسێن شەهرستانیمان بکردایە**

**مالکی بە ئاشکرا دەڵێت ئێستا هەولێر کارەکانی بەغدا دەکات، ئێستاهەولێر وەک پایتەختی عێراق وایە، هەموو دەوڵەتانی جیهان لە هەولێر کونسوڵخانەی خۆیان کردۆتەوە، ئەوان نێچیرڤان بارزانی بەوە تاوانبار دەکەن کە پێگەی هەموو عێراقی گواستۆتەوە هەولێر، بەڵی ئەمە جیاوازی نێچیرڤان بارزانییە**

**نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەو کەبتەی سەرکوتکردن لە ناخی تاکی کوردا دروستبووە، بەجۆرێک بسڕێتەوە کەنەک هەر گارنەر بەڵکو هەموو جیهان بە سەرسورمانەوە سەیری بکەن**



ئابووری هەنگاوێکی حەتمی دەبێت بۆ لیبرالیزەکردنی سیاسیش و پاشان بۆ بونیادی لیبرال دیموکراتی.

• دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسـیا بە تایبەتی (کۆریای باشور، سەنگافورە، تایوان، ژاپۆن، هۆنك کۆنك) ئەمانە هەر هەموویان لەبواری ئابووری ئەو موعیجزەیەن کە سەرانسەری جیهانیان سەرسام کردووە، بەڵام ئەگەر سەیری دەسپێکی ئەم گەشەسەندنە گەورەیە بکەین دەبینن، ئەم گەشەسەندنە بەرهەمی وەرچەرخانە لە ئۆتۆکراسیەوە بۆ لیبرال ئۆتۆ کراسی، نەك بەرهەمی وەرچەرخان بێت لە ئۆتۆکراسیەوە بۆ دیموکراتی، باسەرنج لە حکومرانی ژەنرال پارك چانگ هوو بدەین:

## سەردەمی حکومرانی ژەنرال پارک چانگ هوو،قۆناخی راگواستنی کۆریای باشور لە دەوڵەتێکی هەژاری دواکەوتووە بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتوو

دوای کۆتایهاتنی شەری کۆریا، ژەنراڵ پارك چانگ و کۆمەڵێك ئەفسەر لە سوپای کۆریا لە ساڵی ١٩٦٠ کودەتای سەربازی بەسەر حکومەتی سینگمان رەیدا کرد، ئەمریکا بە گومانەوە سەیری پارك چانگی دەکرد لەبەرئەوەی پێشتر یەکێك بووە لە ئەندامی شانە کۆمونیستیەکان لە کۆریای باشور،هەربۆیە ئەمریکا گومانی ئەوەی لە پارك دەکرد کۆریای باشور بەرەو بلۆکی سۆڤیەتی ستالینی پەلکێش بکات، میدیاکانیش لەو سەردەمە بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم گومانەی ئەمریکا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە پارك لە حکومرانی کردندا شێوازێکی ستالینی و تۆقاندن لە حکومرانی بەکاردەهێنت، بەڵام پارك بەرەو ئەزموونی ستالینی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ سۆشیالیزم هەنگاوی هەلنەگرت، بەڵکو لەسەر شێوازی ژاپۆنی سیستمی ئۆتۆکراتی سەنترالی بۆ بونیادنانەوە و بووژانەوەی ئابووری بەکارهێنا، واتە گومانەکە راست بوو،پارك سیستمی ئۆتۆکراتی شێوە ستالینی لە کۆریای باشور پیادەکرد، بەڵام بە مۆدێلی ژاپۆنی (کەواتە سیستەمی ژاپۆنیش بۆ پیادەکردنی ئابووری ئازاد هاوشێوەی سیستەمی کۆریای باشوور بووە و کۆریای باشوور سوودی لە مۆدیلی ژاپۆنی وەرگرتووە) ، واتە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو ئابووری تێکەڵاو (ئازاد، سەنترالی ) نەك تەنها ئابووری سەنترالی،کەواتە حکومەت دەستی لە ئابوری وەردا، دەستی لەکەرتی تایبەت وەردا، بەڵام ئەم دەستێوەردانە بەو ئامانجە نەبوو کە ئابووری ئازاد وکەرتی تایبەت بگێڕێنێتەوە بۆ ئابووری سەنترالی و خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان، پارك لەگەڵ دەست بەکاربوونی ئەم هەنگاوانەی هەڵگرتووە:

١- دەستگیرکردنی هەموو ئەو بزنسمانانەی لە کۆریا بونیان هەبوو، هۆکارێك بوون بۆ سوود وەرگرتن لە گەندەڵی حکومەتی کۆریای باشور، ئەمانە کە ژمارەیان ٢٥ بزنسمانی گەورە بوو لە کۆریا ٢٤ یان دەستگیرکرا و خرانە بەندیخانەوە، تەنها بزنسمان لی بیونگ سەرۆکی کۆمپانیای سامسۆنگ کە تائەو کاتە ئەم کۆمپانیایە وەك کۆمپانیەکی بچووك کاری بازرگانی هەناردەو هاوردەی دەکرد، لەم هەڵمەتی دەستگیرکردنە رزگاری بوو هۆکاری رزگاربوونەکەشی ئەوەبوو کە پارك ئەم هەڵمەتەی




دەستپێکرد لی بێۆنگ لەدەرەوەی کۆریا بوو.
٢- خۆماڵیکردنی بانکەکان.
٣- هەڵمەتێکی دەستپێکرد دژی هێنانە ناوەی شمەکی بیانی وەك جگەرە، هەروەها دژی هێنانی کولتووری بیانی بوو بۆ ناو کۆریا.
٤- بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە لیژنەیەکی سەنترالی پێکهێنا کە بریتی بوو:
أ- دەستەی پلاندانەرانی ئابووری.
ب- وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.
ت- وەزیری دارایی
٥- لی بیونگ دژی ئەم هەڵمەتەی پارك رانەوەستا بە ڵکو پشتگیری لێکرد و کە گەرایەوە بۆ کۆریای باشور لەگەڵ پارك کۆبۆەوە،بریاریدا بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان هاریکاری پارك بکات.
٦- لی بیونگ پاش رێککەوتنی لەگەڵ پارك لەگەڵ بزنسمانە گیراوەکان دانیشت وهەموویانی گەیاندە قەناعەت کە هەموو سامانەکەیان یان بەشێك لە سامانەکەیان بخەنە خزمەتی حکومەت و بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەربخات.
٧- رێککەوتنی لی بیونگ لەگەڵ بزنسمانە گەورەکانی کۆریای باشور بەو مەرجە بوو دوای ئەم هەنگاوە پارك ئەو بزنسمانانە ئازاد بکات لەکەرتی تایبەت کاری خۆیان بکەن و رێزیان لێبگیرێت.
٨- ئەم هەنگاوەی لی بیونگ، سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری کۆریای باشووری لەگەڵ پارك بەشکرد، پرۆسەکە بووە پرۆسەی (لی پارك) نەك پارك بە تەنها، هەربۆنمونە کۆمپانیای سامسۆنگ کە ئێستا یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و حاڵی حازر لە ٥٨ دەوڵەتی جیهان لقی هەیە و زیاتر لە ٢٥٤ هەزار فەرمانبەری هەیە، لە ساڵی ١٩٨٧ کە لی بیونگ کۆچی دوایی کرد ئەم کۆمپانیایە یەکێك بوو لە ٥٠ کۆمپانیا گەورەکەی جیهان و لە ١٦ دەوڵەت لقی هەبوو، زیاتر لە ٧٥ هەزار فەرمانبەری هەبووە.
٩- ئەم هاوکارییەی لی بیونگ کە کۆریای گەیاندە ئەم رۆژە، و ئێستا کۆریا ١٥ هەمین دەوڵەتی دەوڵەمەندی جیهانە و جێ دەستی لی بیونگیشی پێوە دیارە، نەبووە هۆکارێك بۆ ئەوەی لی بیونگ یان بنەماڵەکەی لەسەروو یاساوە سەیر بکرێت، بەڵکو کوڕی لی بیونگ (لی کون هو) کەپاش لی بیونگ بووە سەرۆکی کۆمپانیای سامسۆنگ و لەوکاتەی سامسۆنگ هەر بۆخۆی حکومەتێك بوو (لە ٥٨ وڵات لقی هەبووە و زیاتر لە ٢٥٤ هەزار کارمەندی هەبووە) لە ساڵی ٢٠٠٨ و بەتۆمەتی گەندەڵیکردن لە پێدانی باج بە حکومەتی کۆریای باشور بە سزادانی ماڵیی ١٠٩ ملیۆن دۆلار و ٣ ساڵ بەندکردنی (وقف التنفیذ) سزا دراوە، ئەمە مانای ئەوەیە کۆیای باشوور لە حکومرانی عەسکەریەوە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لی کون هی کوری لی بیونگ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لەبەردەم دادگا دادگایی بکرێت و لەگەڵ هەر هاوڵاتیەکی دیکەی کۆریا لەبەردەمی یاسا یەکسان بێت.

●●●
ئەوە نێچیرڤان بارزانییە، هەڵوێستی بەرێز ئەردۆگان و دەوڵەتی تورکیا دەگۆڕێت لە هێرشی زەمینیەوە بۆ سەر کوردستان، بۆ چاوەروانی ٤ سەعات (ئەمە دەقی لێدوانی جەنگیز چاندارە بۆ گوڵان، کە لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا پێی راگەیاندین، کە ئەردۆگان بۆ ئەوەی دیدارێک لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی گرێبدات ماوەی ٤ سەعات لەبەغدا سەردانەکەی دواخست، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لەنەمساوە نەیتوانی بگاتەوەبەغدا
●●●

●●●
ئەوە نێچیرڤان بارزانییە کە پۆستەکەی سەرۆکی حکومەتێکی لۆکاڵە لە کۆشکی سپی، جۆرج بوش وەک سەرۆکی حکومەتێکی خاوەن سەروەری پێشوازی لێدەکات و رۆژی دواتریش گروپی هاریکاری نێوان کورد وئەمریکا لە ناو کۆنگرێسدا دادەمەزرێنێت
●●●

●●●
دوای پیادەکردنی ١٠٠ ساڵ لە دەستووری لیبرالی ئینجا لە ئەورپای رۆژئاوا سیستەمێک دەرکەوتووە کە بتوانرێت پێی بگوترێت سیستەمی دیموکراتی لیبرالی
●●●

**پرۆفیسۆر باری بۆسۆرس یەکێکە لە تۆژەرە دیارەکانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز وپسپۆر و تایبەتمەندە لە ئابووری نێودەوڵەتی لەسەردەمی سەرۆك جیمی کارتەردا بەرێوەبەری سەقامگیری و نرخ بووە لە کۆشکی سپی و چەندین کتێبی لەسەر ئابووری ئەمەریکای لاتین و ئاسیای رۆژهەڵات هەیە، سەبارەت بە چۆنییەتی پەیوەندی نێوان پەرەپێدان و دیموکراسی پرۆفیسۆر باری بۆسۆرس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**



## باری بۆسۆرس بۆ گوڵان:

# لە سەنگافورە ئۆتۆکراتییەکی نەرم هەیە راستە ٥٠ ساڵە یەک حزب حکوم دەکات، بەڵام سەرکوتکەر نەبووە

*** هەندێك لە دەوڵەتان بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئەمەریکای لاتینش چیلی و سەنگافورە، پەرەپێدانیان پێش دیموکراتی خست، ئایا تۆ ئەم جیاکردنەوە بەپێویست دەزانیت؟**

- نەخێر پێموانییە پێویست بێت، پێموایە تۆمارکردنەکان بە تەواوی تێکەڵ کراون، لەساڵێکدا وڵات زۆر باش کاردەکات لە رووی ئابوورییەوە بەدڵنیاییەوە لە پێشووتردا دیموکراسییەتییەکی بەهێزی هەبووە. سەرەڕای رۆژهەڵاتی ئاسیا زۆرێك لەو وڵاتانە ئەستەمە وەسف بکرێن، لەوانەیە دیموکراسی نەبووبن لە تێگەیشتنی ئەمەریکاوە. بەڵام کە وادەزانم بە ئۆتۆکراتییەتی نەرم بانگ بکرێن. لە زۆرترین بارووددۆخدا رژێمی سیاسی سەرکوتکەر نەبوون. بۆیە پێموایە ئەزموونەکان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا بەشێوەیەکی تەواو بەرچاو جیاواز بوون. پێموایە لە ئەمەریکای لاتین مەسەلەکانی گەشەپێدانی ئابووری ئاڵۆزکرابوونەوە لەلایەن ئەوەی کە خەڵك لەگەڵ بەرەو گەل پەروەری بوون، بەڵام گەل پەروەری نیشانەیەکی گرنگ نەبوو لە رۆژهەڵاتی ئاسیادا. پێموایە ئەنجام لە بارەی ئەمەوە ئەوەیە کە ئەستەمە بە گشتی بکرێت. زۆر مەسەلەمان هەیە بە فراوانی سیستەمە سیاسییەکان جیادەکاتەوە کە هەموویان لە رووی ئابوورییەوە باش کاریان کردووە و، لە هەمان کاتدا سیستەمە سیاسییەکان لە رووی ئابوورییەوە باش کاریان نەکردووە. پێموایە ئەوەی کە خەڵك بۆ گەشەپێدانی ئابووری پێویستییانە جێگیری و سیستەمێکی سەرەتایە کە بە هەمانشێوە سەیری خەڵك دەکات بۆ هەوڵەکانیان، هەندێ جار ئەوە بە دیموکراسی بەدەست دەهێنیت، بەڵام پێموایە ئەستەمترە، پێموایە ئەمەریکای لاتین پیشانی دەدات کە دەکرێ چەند قوورس بێت. بەڵام دەزانم ئەستەمە بەگشتی بکرێت.

***بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی خەڵك پشتگیری گەشەپێدانی ئابووری دەکەن، پێیان وایە باشترە کە خەڵك ژیانێکی باشتریان هەبێت وەك لە مەینەتی ئابووری لەگەڵ زیاتر سەربەخۆیی.بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەکردنی ئابووریان پێ باشترە لە دیموکراسی. پێتوایە دەتوانین واز لە سەربەخۆیی بێنین لەبەر ئابووری یان لەبەر برسێتی؟ چی دەڵێیت لەمبارەوە؟**

-لەگەڵ ئەمەدام پێموایە خەڵك زۆر هەژارن، گرنگترین شت بۆ ئەوان ئابوورییە، لەناوبردنی هەژاری و ئەمە گرنگترین رەچاوکردنە لە مێشکی ئەواندا. پاشان سیستەمی سیاسی. بەڵام پێموایە کە ئەستەمە خێرا پێشبکەویت بە گەشەپێدان ئەگەر سیستەمێکی ئابووری توندت هەبوو. پێموایە کە رێکخستنی فراوانتر هەیە کە سیستەمی نیمچە دیموکراسی کە دەتوانێت تەواو پشتگیریکەری گەشەپێدانی ئابووری بێت. کاتێ خەڵك هەژارن گوێ بە دیموکراسی نادەن. گوێ بە خواردنی تەواوو جێگەو جل دەدەن.

*** ئایا هەر ئەمەیە سەنگافوررە لە کوبا جیادەکاتەوە، بۆ نموونە سەنگافورە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دەبێت لە لایەن یەك حزبی سیاسییەوە حکومڕانی دەکرێت لەگەڵ بێدەنگ بوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەبەرامبەردا و لە لایەکی ترەوە کوبامان هەیە کە ئەویش لە لایەن یەك حزبەوە حوکمڕانی دەکرێت، بەڵام حوکمڕانییەکەی رەخنەی لێدەگیرێت. چی لەمبارەوە دەڵێیت؟**

-ئەمە سەرنجێکی جوانە. پێموایە دەبێ ناڕازی بن لە سەرکوتکردنی ئازادی خەڵك. دەتوانی یەك حزبت هەبێت کە بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی بکات، بەڵام ئەگەر سەرکوتکەر نەبێت لەوانەیە ئەوە ئەو شکڵەی حکومەت بێت کە خەڵك پێیان باشە. تەنیا پێموایە کە بارودۆخەکە زۆر جیاوازە. بەمانایەکی تر لەوانەیە پێویست بێت زیاتر بەتەنگی مافەکانەوە بین زیاتر لە شکڵی دیاریکراوی حکومەت. بۆیە زۆرێك لە بەتەنگەوەهاتنەکان لەسەر چەوساندنەوەی ئەو خەڵکانەیە کە دژ بە حکومەتن و تێکشکاندنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ زیاتر لەوەی گفتوگۆکردن بێت لەسەر دیموکراسی و ئۆتۆکراتی و دیکتاتۆرییەت.

*** کەواتە باپرسیارەکەم بەو شێوەیە بکەم بۆچی لە رۆژئاوادا دیموکراسی و گەشەسەندن تێکەڵ کراون؟**

-بەڵێ، بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ مێژوویەکی دوور لە وڵاتانی رۆژئاوا لە زۆر بارودۆخدا بێهاوتا نەبوون بەشێوەیەکی مێژوویی بە ئەزموونی شێوە ئۆتۆکراتییەکانی حکومەت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی درێژە دیموکراسییەتێکی باشی هەیە و بەریتانیا بۆ ماوەیەکی درێژ بەشێوەیەکی رێژەیی دیموکراسی بووە.

بەڵام تەنانەت جیاوازی زۆر لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا هەیە لە شێوە وردەکانی حکومەتـــەکان. پێموایە لە بارودۆخێکی وەك هی چین، بەڵـــێ حوکمڕانی یەك حزبە بەڵام تـــەواو لێبووردەییە و پارێزەری ئەو خەڵکانەیە کە دەیانەوێ شـــوێن پێگەی ئابوورییان گەشە پێ بدەن. بۆیە دنیای خۆیان نارِفێنێ .سیســـتەمێکی یاسایی هەیە کە پارێزەرە. تەواو هەســـت بەسەلامەتی دەکەن. لەگەڵ کاروباری تازەو ناچەوســـێنرێنەوە لە ئەنجامی ئەمـــەدا، بۆیە پێموایە ئەمە نمونەیەکە نەك دیموکراسی، بەڵکو نموونەی حکومەتێك کە تەواو گونجاوە لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری دا، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانە کە حکومەتەکانیان گەندەڵ بوون و هەنگاوەکان بە باشی خەڵکیان لێ دووردەخەنەوە یان مافی تایبەت دەدات بە تاکەکان لە ئابووری دا، پاشـــان ئەمە ســـوودی نییە. بەڵام بەڕاستی ئەمە دەکرێ لە دیموکراسیدا ڕوودەدات. پێموایە ئەمە لە ئەمەریکای لاتین کێشەیە. ئەو وشـــەیەی کە بەکاری دێنم ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە وا لێدەکات هەموو کاتێ ڕاوەستن لە ویستنی بە دوادا گەڕان. لە بری باشکردنی کاروباری بەرهەمهێنەر هەوڵدەدەن هەندێ ناوەندی سیاسی بەدەست بهێنـــن کە دەوڵەمەندیان دەکات. وەکـــو ڕێگاپێدانێکی تایبەت بۆ هاوردنی شـــتی باش کـــە نرخێکی لە ڕادەبەدەریـــان بۆ دێنێ و ئەمە تاکە کەســـە کە ڕێگاپێدراوی هاوردەی هەیە. هەوڵ دەدەن سیاسەتێك پێك بێنن کە دەوڵەمەندیان دەکات، ئەم جۆرە لە گەندەڵی دەکرێ لە دیموکراسیدا هەبێت و دەکرێ لە دیکتاتۆریدا هەبێت و لە هەردوو دۆخەکەدا دەکرێ گەشەسەندنی ئابووری بەهێز هەبێت.

*** لیبراڵیزمی دەســـتووری واتە ئەگەر دەسەڵاتی یاسا لە وڵاتدا هەبوو، سەربەخۆیی تاك هەبوو، موڵکداری تایبەت هەبوو، ئایا دەبێت کە لیبراڵیزمی دەســـتووری بگۆڕێت بۆ دیموکراسییەتی لیبراڵ؟ بەڵام خەتەریاتەکە ئەوەیە کە دیموکراســـییەتێك لەســـەر بنەمای هەڵبژاردن بنیات نراوە ناتوانرێ بگۆڕدرێت بۆ دیموکراســـییەتی لیبراڵ لەم خاڵەدا بەبۆچوونی تۆ بۆچی لیبراڵیزمی دەستووری گرنگە و دەکرێ چۆن بەدەست بهێنرێت؟**

- پێموانییە بتوانم ئەم پرســـیارە بە باشـــی وەڵام بدەمەوە. پێموایە کە دەســـتوورە بەهێزەکان بەشـــێکی زۆر گرنگی گەشەســـەندنی ئابوورییەکانیان پیشانداوە. ئەمە واتە جۆری پاراستنی مافەکانی خاوەنداری تایبەت و دەســـەڵاتی یاسا. بەڵام ئەو جۆرە بارودۆخانە پێویســـتیان بە دیموکراسی نییە. لەراســـتیدا هەندێ دیموکراسی دەکرێ تەواو ناجێگیر بن. بۆیە پێموایە کە گەشەسەندنی ئابووری بۆ مەســـەلەی دیموکراسی یان نا دیموکراسی شتێکی جەوهەری نییـــە. کەجەوهەری واتە کـــە خەڵك هەندێ باوەڕیـــان هەیە کە مافە ئابوورییەکان پارێزراون، کە شـــتەکان بە هەڕەمەکیانە لێیان دوورناخرێتەوە. دەسەڵاتی یاسا هەیە کە دەتوانن پشتی پێ ببەستن لە هەڵسانیان بە چالاکییە ئابوورییەکانیان. پێموایە کە ئەو دیاردە دامەزراوەیانە دەرکەوتوون کە گرنگن بۆ سامانی ئابووری زیاتر لە بەدەستهێنانی دیموکراسی.

*** بەڵام لە ڕووی شێوازەکانی دیموکراسییەتەوە لە دوای داهێنانی زۆر جۆری دیموکراســـی، پێتوایە ئێســـتا گرنگ نییە بۆ هەموو دیموکراسییەتەکان کە وەکو دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا دەرکەون؟ باشە بۆچی؟**

-نەخێر، پێموایە کە بە ڕێگای جیاواز دەتوانی بیکەی لە ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا دیموکراسی تەواو هەمان شت نییە وەکو دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو کاریگەر کاردەکەن. پێموایە خەڵك زۆر دڵخۆشن پێیان، دەبینی هەموویان سوود دەپارێزن. سەنگافورە لەوانەیە هی ئامای هەبێت. ئەمە دیموکراسییە بەڵام دەسەڵاتێکی بەهێزیان بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە. ئەمە زیاتر ئۆتۆکراتیکیە. بۆیە بوارێکی فراوان هەیە بۆ دامەزراوە سیاسییەکان کە گونجاون لەگەڵ دنیای ئابووریدا. پێویســـت ناکات بڵێین ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ دیموکراسی.

*** ئایـــا پێتوایە ئەم پەنجا ســـاڵەی داهاتوو بـــۆ چین قۆناغی گواســـتنەوەی بێت لە کۆمۆنیزمەوە بۆ لیبراڵیزمی دەستووری؟ دەکرێ ڕوویدات؟**

-دەکرێ بەڵام پێموانییە ڕوویدا، خەڵك بیریان دەکردە ئەوەی ڕوویدا خێراتر لە ڕۆژهەڵات. بۆیە پێموایە هەندێك ڕێکخستن هەیە هێشتا کاتێکـــی درێـــژ دەخایەنێ. بەڵام هۆنگ کۆنـــگ نموونەیەکی باشە، زۆر ئاڵۆزە، فەرمانڕەوایەتییەکی هەیە کە وەکو دیموکراسی دەردەکەوێ، بەڵام ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ چینی گەورەدا هەیە، دەتوانـــن ئەوەی کە لە ڕووی سیاســـییەوە دەیکەن بگرن. هێشـــتا ئابـــووری ئەمەی تیـــادا هەیە تا باش کاربکات. پێناســـەیەکی پتەو نییە کە بەدەســـتی بهێنین. پێویســـتە شێوەیەکی تایبەتت لە دیموکراسی هەبێت تا سەرکەوتوو بیت.

*** دوو جۆر لە دەوڵەت یان وڵات هەن کە لە دەوڵەتی کۆمۆنیزمی پێشـــوەوە دەرچوون. هەندێك لەوان وەکو ڕۆمانیاو بولگاریا و چیك و ســـلۆڤاکیا بوون کە ســـەربەخۆ بوون بەڵام ڕووەو دیموکراســـی هەنگاویان ناوە. جۆرەکەی تر ئـــەو وڵاتانە بوون کە دەرئەنجامی هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ کۆمۆنیزمی ســـۆڤێتی پێشـــوو دروست بوون. پرســـیارەکەم ئەوەیە کە بۆچی وڵاتانی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست ســـەرکەوتوو بوون لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی بەڵام وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو سەرکەوتو نەبوون؟**

-پێموایە ئەمە دابونەریـــت و مێژوویەکی تەواو جیاوازە، وڵاتانی ســـۆڤییەتی پێشـــوو لەوانەیە لە کاتێکدا پەرەبســـێنن بۆ دەوڵەتی دیموکراسییەتی زیاتر، بەڵام ئەوان ترادسیۆنی ئەوەیان لە ڕابردووەوە نییە، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەندێ ترادسیۆنیان لە هەندێ پلەدا هەیە کە زیاتر وەکـــو دامەزراوەکانی ڕۆژئاوایی دەردەکەون. هەنـــدێ جێبەجێکردنی ئابووری هەن زۆر جیـــاوازن. هەندێکیان باش کاریان کـــردووە و هەندێکیان خراپ کاریان کردووە. ئەمە وا دەرناکەوێت کە بڕیارێکی زاڵ بێـــت. زۆرێك لە وڵاتانی یەکێتی ســـۆڤیەتی پێشـــوو هەروا هەژار نەماونەتەوە. پلەیەکی خوێندنی باشیان نەبوو.

*** من هیچم نەماوە تەنیا دەپرسم ئەگەر بەڕێزتان شتێکتان هەبێت بە خوێنەرانی ئێمەی بڵێن یان لە بارەی بابەتەکەوە شتێکتان مابێ بیڵێن؟**

- نەخێر.خەڵـــك زۆر هـــەوڵ دەدەن کە پەیوەنـــدی بکەن لە نێوان دامەزراو سیاسییەکان و گەشەسەندنی ئابووریK کە تەواو قابیلی جیاکردنەوەن. بەڵام پێموایە پلەیەکی نزمی پاراســـتنی مافی تاك هەیە، بەتایبەت مافی خاوەنداری تاك. کە سامانێکی ئابوورییەکی ســـەختە. هەموو کەســـێك وەکو یەك نابێ، بەڵام پێویستە هەندێ نیشـــانی دامەزراوەیـــی بنەچەیی هەبێت تا پاریـــزگاری بکات لـــە(individual anti or ante commerce) کـــە هەوڵدەدات سەرمایە کۆبکاتەوە.

●●●

**لەوانەیە پێویست بێت زیاتر بەتەنگی مافەکانەوە بین زیاتر لە شکڵی دیاریکراوی حکومەت**

●●●

●●●

**دەستووورە بەهێزەکان بەشێکی زۆر گرنگی گەشەسەندنی ئابوورییەکانیان پیشانداوە. ئەمە واتە جۆری پاراستنی مافەکانی خاوەنداری تایبەت و دەسەڵاتی یاسا**

●●●

**پرۆفیسۆر ئالان ویستۆن کافرونی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نیویۆرك و سەرۆکی بەشی حکومەتە لە کۆلێژی هامیلتۆن، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە یاسا و ئابووری و ئابووری سیاسیی، پرۆفیسۆر ئالان بە هەموو شێوەیەك جیاکردنەوەی پەرەپێدان لە دیموکراسی رەتدەکاتەوە و پێی وایە ئەگەر گەشەپێدانی ئابووریش رووبدات، بەڵام ئەگەر سیستەمە سیاسییەکە نەگۆڕێت بۆ دیموکراسی پەرەپێدانەکە سەرکەوتوو نابێت ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی ئالان ویستۆن کافرۆنییە بۆگوڵان.**

## ئالان کافرونی بۆ گوڵان:

# پەرەپێدانی ئابووری و دیموکراتی دوو جمکن لەیەکتری جیاناکرێنەوە



**• بەڵام وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات بەر لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی دەستییان بە گەشەی ئابووری کردووە و ئێستا سەرکەوتوون، ئایا چۆن ئەم هاوکێشەیە دەخوێنیتەوە؟**

- پەیوەندی لە نێوان گەشەسەندنی ئابووری و نەبوونی دیموکراسییدا نییە، کە مەبەستتە هەردووکیان بە پێویست پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت، دەتوانی گەشەسەندنی ئابووریت هەبێت لە پەیوەندیدا بە دیموکراسیەوە، ئەمە پشت بەوە دەبەستێت کە مەبەستت لە سەرکەوتوو چییە، سەرکەوتوو لە زۆر بواردا لە رووی دنیای ئابووری یەوە هەیە، بەڵام زۆر بەهای تر سەرەڕای دنیای ئابووری هەیە، بۆیە پێویستە دیموکراسی یەکەمێتی وەرگرێ لەسەرووی هەموو شتێکی ترەوە و درێژخایاندنی نەبوونی دیموکراسی باش نییە بۆ گەشەسەندنی ئابووری.

*** راستە سەرکەوتنیان کۆکە لەگەڵ گەشەی ئابووریدا، بەڵام پێتوایە ئەگەر لەهەمان کاتدا کە دەست بە گەشەپێدانی دیموکراسی دەکەن دەست بە گەشەپێدانی ئابووریش بکەن سەرکەوتوو بن؟**

-بەڵێ تەنیا ئەمە دەشێ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەوتووە، لە باکو سیستەمێکی دیموکراسی هەبوو و توانادار بوو لە گەشەسەندن، بۆیە پێموایە شتێکی زۆرئاڵۆز وەردەگری بەسانایی بڵێیت کە گەشەسەندنی ئابووری پێویستی بە نەبوونی دیموکراسی هەیە.

*** بەڵام مانایەکی تر ئەو خەڵکانەی پشتگیری گەشەپێدانی ئابووری دەکەن، پێیان وایە باشترە کە خەڵك ژیانێکی باشتریان هەبێت وەك لە مەینەتی ئابووری لەگەڵ زیاتر سەربەخۆیی یان ئازادی، بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەکردنی ئابووریان پێ باشترە لە دیموکراسی، پێتوایە دەتوانین واز لە ئازادی بێنین لەبەر برسێتی؟**

-بەڵێ، بەڵام پێویستە بیر لە رێگای پرسیارکردنەکە بکەمەوە، تۆهەوڵ دەدەیت وەڵامت لە من دەستکەوێ.ئەگەر لێکۆڵینەوە بکەیت بێ ئەملاو ئەولا بۆت دەردەکەوێت کە برسیەتی لە پەیوەندی دا لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیدا روونادات، تێکڕایەك هەیە کە پایەی بەهێزی دیموکراسی نووسینی بەهایە.

بۆ نمونە سەنگافورە و کوبا دوو وڵاتی زۆر جیاوازن، و هەرگیز روون نییە کە ئەگەر سەنگافورە سیستەمێکی زیاتر دیموکراسی هەبووایە گەشەسەندنێکی ئابووری کەمتری دەبوو، پەیوەندییەکە ئاوا نییە،و لە دۆخی کوبادا هەندێ هۆکاری تر هەن کە روونی دەکەنەوە کوبا چ جۆرە جێیەکی دووەمە، بەلای کەمەوە لەبارەی هەندێ ئاستی ئابووری خەڵکی راست لەسەردەمی کاسترۆدا کاری باشتریان کرد،بەلای کەمەوە خەڵکێکی زۆر، بەڵام دووبارە ئەمە بارودۆخێکی ئاڵۆزە.

**• بەڵام ئێستا چین لە لایەن حزبێکی کۆمۆنیستییەوە حوکمڕانی دەکرێت، بەڵام هێشتا چاکسازییە ئابوورییەکانی دنیای سەرسامکردووە، ئەی سەبارەت بەمەیان رای بەرێزت چییە ؟**

- بەڵێ دووبارە پێموایە بە زۆر شێوەنەبوونی دیموکراسی لە چین کێشەیە، راستییە بۆ مۆدێلی گەشەسەندنی ئابووری چینی ئێستا، کێشەی زۆریان لەگەڵ پەیوەندی نێوان دنیای کۆچکردن و بێتوانییە لە گەشەپێدانی بازاڕی ناوخۆدا هەیە، بۆیە پێموایە دیموکراسییەتی زیاتر باشە بۆ چین و بۆ گەشەسەندنی ئابووری چینی.

**• دەکرێ کە لیبڕالیزمی دەستووری بگۆڕێت بۆ دیموکراسییەتی لیبڕاڵ، بەڵام خەتەریاتەکە ئەوەیە کە دیموکراسییەتێك لەسەر بنەمای هەڵبژاردن بنیات نراوە ناتوانرێ بگۆڕدرێت بۆ دیموکراسییەتی لیبڕاڵ، لەم خاڵەدا بە بیروبۆچوونی تۆ بۆچی لیبڕالیزمی دەستووری گرنگە و چۆن راڤەی دەکەیت و دەکرێ چۆن بەدەست بهێنرێت؟**

- لە رووی مێژووییەوە بووەتە هۆی ململانێی جەماوەری لە یاساوە کە پاشایەتی دیکتاتۆری رووخاندووەو دەسەڵاتی لیبڕاڵ دیموکراسی دامەزراندووە، بۆیە لە رووی مێژوویەوە ئەمە لەسەرووی جەنگەوە دراوە.

*** بۆچــی لیبرالیزمی دەســتووری گرنگــە و چۆن راڤەی دەکەیت؟**

-زۆر دڵنیا نیم لە تێگەیشتنم لە پرسیارەکە، ئەگەر مەبەستت لە لیبرالیزم ئازادی دیموکراسی بێت کە لەگەڵ لیبراڵ دیموکراسی دا یەکیــان دەخەین،بەڵێ زۆر گرنگە و، بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەمە مافی باشــترە بۆ خەڵك، دووبارە بیر پێموانییە هۆیەك بۆ گەشەسەندنی ئابووری لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا هەبێت.

**● لە دوای داهێنانی زۆر جۆری دیموکراســی، پێتوایە ئێستا دەتوانین بڵێین کە گرنگ نییە بۆ هەموو دیموکراســییەتەکان وەکو دیموکراسییەتی رۆژئاوا دەرکەون؟**

- تێدەگەم دەڵێی چی، پێموایە کە مافی بنچینەیی جەوهەری دیاریکراو هەن لە دەرەوەی ئەوەن بەڕاستی کە لە ئەورووپا دەستی پێکرد، بەڵام داوانامەی گەردوونیان هەیە، پێموایە خەڵك لەسەر ئاســتی دنیادا ئەو مافــە بنچینەییانەیان دەوێ، نایانەوێ کە ئازادی قسەکردن و دین و پەیوەندییەکانیان لێ قەدەغە بکرێت، بۆیە پێموایە کە نابێ وا ببینین پرەنســیپی دیموکراســییەتی لیبراڵ رۆژئاواییە، بەڵکو وەکو توانایەکی جیهانییە.

**● لەبارەی ســۆڤیەتی پێشــوو، دەبینین دوو جــۆر لە دەوڵەت یان وڵات هەن کە لە دەوڵەتی کۆمۆنیزمی پێشــوەوە دەرچوون. هەندێك لەوان وەکو رۆمانیاو بولگاریا و چیك و سلۆڤاکیا بوون کە ســەربەخۆ بوون و رووە و دیموکراسی هەنگاویان ناوە، بەڵام جۆرەکەی تر ئەو وڵاتانە بوون کە دەرئەنجامی هەڵسووکەوتییان لەگەڵ کۆمۆنیزمی سۆڤێتی پێشوو درووست بوون، پرسیارەکەم ئەوەیــە کە بۆچی وڵاتانی ئەورووپای ســەدەکانی ناوەڕاســت سەرکەوتوو بوون لە هەنگاونان لە کۆمۆنیزمەوە بەرەو دیموکراسی، بەڵام وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو سەرکەوتوو نەبوون؟**

- ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە، پێموایە ئەوانەی رۆژهەڵاتی ئەورووپا ئەزموون و ترادســییۆنی دیموکراسی پێشینەیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا کە فراوان نەبوو، بەڵام هەیانبوو و، لە رووی ئابوورییەوە زۆر پێشکەوتن و ویستییان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا یەکبگرن، ئەمە هەمووی هۆکار بوون، بەڵام نازانین کە دیموکراســییەتی لیبراڵ تا چەند دەخایەنــێ لە هەندێك لەو وڵاتانەی ئاماژەت پێدان، یان دەســەڵاتێکی باســتر لەونێوانــەدا، ئەمە زۆر بێ مەترسی نییە.

**● دوا پرســیارم دەربارەی هۆنــگ کۆنگە، دەبینین لە دوای ســەدو پەنجاو شەش ساڵ دابڕان دەگەڕێتەوە بۆ چین، ئێستاش دەبینین کە پێویســتە ئابووری پەنجا ساڵی تر زیاتر بە جیا لە چین بمێنێتەوە، ئایا پێتوایە ئەم پەنجا ساڵەی داهاتوو بۆ چین قۆناغی گواســتنەوەی بێت لە کۆمۆنیزمــەوە بۆ لیبراڵیزمی دەستووری؟دەکرێ روویدات؟**

- پرســیارێکی زۆر قورســم لێدەکەیت، پێویستە نەزانم، تۆزێك بەگومانــم، بەڵام پێموانییە کە کەس دەتوانێ پێشــبینی ئەوە بکات کە پەنجا ســاڵی داهاتوو زۆر زەحمەتە، پێشبینی دەکەم کە کەس ناتوانــێ وا بڵێ، حەزم دەکرد بمتوانییایە وەڵامێکی گونجاوت بدەمێ بەڵام ناتوانم.

**● ئەی بارودۆخی ئابووری ئێســتای ئێــراق چۆن دەبینی و پێشبینیت بۆ داهاتوو چییە؟ دەبینین کە ئێستا ئێراق ناجێگیرە و ئاســتی گەندەڵی تەواو بەرزەو هەروەها بارودۆخی ئابووری زۆر باش نییە، ئەگەر ئامۆژگاری بە خەڵك یان سەرکردایەتی ئێراقی بدەیت چ هۆکارێکییان پێویستە یەکەمینی پێبدرێت.؟**

- پێویستە زۆر چاك لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکاندا کۆشــش بکەن، لەبەر ئەوەی تۆ لە من باشتر دەزانی کە نەوت ســەرچاوەی سەرەکی گەشەســەندنی ئابوورییە لە ئێستادا و، گرنگە کە چۆنی دەکەن، ئەگەر توانیتیان ئەمە بکەن دەتوانن گۆڕانی جێگیری سیاسی بکەن و بۆ کاتێکی درێژ لە داهاتوودا بۆ ئابووری تەواو باش دەبێت.

**● بەڵام ئەوەی لەم وەڵامەوە تێگەیشتم، وا دەبینی کە یەکەمجار دیموکراســییەتی ئێراق پێویســتە جێگیر بێــت ئینجا هەوڵی گەشەپێدانی ئابووری بدات؟**

-پێموایە ئەمە باشــترە، مەبەســتم ئەمە تاکــە رێگا نییە بۆ گەشــەپێدانی ئابووری، بەڵام بە دڵنیاییەوە باشترە، وەکو گوتم تێگەیشتووم کە ئەو هەموو زەحمەتی یە لەگەڵ جیاوازییە دینی و ئاکارییە وا ئاسان نییە.




●●●
**پەیوەندی لە نێوان گەشەسەندنی ئابووری و نەبوونی دیموکراسییدا نییە**
●●●

●●●
**پێویستە زۆر چاك لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکاندا کۆشش بکەن، لەبەر ئەوەی تۆ لە من باشتر دەزانی کە نەوت سەرچاوەی سەرەکی گەشەسەندنی ئابوورییە لە ئێستادا**
●●●

پرۆفیسۆر گاری هافبور پێش ئەوەی وەکو تۆژەرێك پەیوەندی بە ئەنجوومەنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بکات، ئوستادی ئابووریی بووە لە زانکۆی جۆرج تاون و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بەتایبەتکردن دوای بونیادی نەتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە گرنگە پرۆفیسۆر هافبور بەمجۆرە بۆ گوڵان پێتە ئاخاوتن.

## گاری هافبور بۆ گوڵان:

# بوونی سیستەمی دادوەری سەربەخۆ لە هەڵبژاردن گرنگترە



**• پرۆسەکانی پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوە دەخەنەڕوو کە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتین ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری لە سەر حسابی پەرەپێدانی دیموکراسی و سەربەخۆیی بەدەستهات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە سەرەتادا ئەولەوییەت بۆ پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئابوورییە، واتە ئایا دەبێت پەرەپێدانی دیموکراسی بخرێتەدوای گەشەپێدانی ئابوورییەوە؟**

- ڕەنگە ئێوە مەبەستتان لە وڵاتی چین بێت، کە ئەم مۆدێلە لە وڵاتانی کۆریای باشوور و سەنگافورە و تایوانیشدا پیادەکراوە، ئەم مۆدێلە هەمیشە سەرکەوتوو نابێت، بەڵام هەندێ جاریش دەرئەنجامی باش و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەم وڵاتانەدا سەرەتا بایەخ بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری دراوە، پێش ئەوەی بایەخ بەو شێوەیە دیموکراسییە بدەن، کە من پێی دەڵێم مۆدێلی بەریتانی بۆ دیموکراسییەتی پەرلەمانی. ئەم مۆدێلە لەو کاتانەدا سەرکەوتوو دەبێت کە سەرکردەکان هەوڵ و وزەی خۆیان بۆ پەرەپێدان تەرخان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دیموکراسی لە ئارادانەبوو، ئەوا سەرکردەکان بە ئاسانی دەتوانن خۆیان سەرقاڵ بکەن بەخۆدەوڵەمەندکردنەوە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی ئەم مەیلە سنووردار دەکات. هەرچۆنێك بێت ئەم ئەزموونە سەرکەوتووانەمان هەیە و ناکرێت فەرامۆشیان بکەین.

**• خەڵکانێك هەن بایەخ بە پەرەپێدانی ئابووری دەدەن و پێیان وایە ئەمە ڕێگاچارەیە بۆ نەهێشتنی هەژاری و لەم ڕووەوە پێیان وایە دەبێت مەسەلەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بکرێتە قوربانی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت لە پێناو ڕزگاربوون لە برسێتی دەست لە سەربەخۆی هەڵبگیرێت؟**

- لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئەولەوییەتەکە بۆ نەهێشتنی هەژارییە، بۆ دابینکردن و زەمانەتکردنی ژیان و بژێویە و دواتر بۆ بەدەستهێنانی کەلوپەلەکانی دیکەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەو زانیاری و لێکۆڵینەوانەی لە ئارادان ئاماژە بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێز دەکەن لە نێوان ئازادییەکی سیاسی بەرفراوانتر و بەدەستهێنانی داهاتێکی زیاتردا، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك داهاتت زیادی کرد، ئەوا ئەولەوییەتت دەبێتە بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی زیاتر.

**• کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حکومڕانێتی باش بەو شێوەیە پێناسە دەکەن کە بتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان دابین بکات و ئاستی ژیان و گوزەران بەرزبکاتەوە، بۆ نموونە ماوەی پەنجا ساڵە تاقە حزبێك حکومڕانێتی سەنگافورە دەکات، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەڵام کوبا کە بە هەمان شێوە یەك حزب حکومڕانێتی دەکات، بەڵام تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەخنەی لێدەگرێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە بەراوردێکی گرنگ و جێی سەرنجە، ڕاستە ڕۆژگارێکی دوورودرێژە تەنیا حزبێك حکومڕانێتی سەنگافورە دەکات، بەڵام حاڵی حازر ئازادییەکی زیاتر هەیە لەم وڵاتەدا بە بەراورد بە بیست ساڵ پێش ئێستا، ئەگەرچی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەم وڵاتەدا نەگەیشتۆتە ئاستی وڵاتێکی وەك فەڕەنسا. من چەند جارێك سەردانی سەنگافورەم کردووە و دەتوانم ئەو ڕاستیەتان پێ بڵێم کە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە لە ژیان و گوزەرانی خۆیان ڕازی و ئاسوودەن، هەر لەبەرئەمەش وڵات جێناهێڵن و کۆچ ناکەن، کەواتە سەرکەوتنی ئەم وڵاتە ئاشکرایە و نکۆڵی لێناکرێت. کوبا چیرۆکێکی جیاوازە، ڕاستە تەنیا حزبێك حکومڕانی ئەم وڵاتە دەکات، بەڵام حکومەت بایەخێکی جیددی و ڕاستەقینە نادات بە باشترکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵك، بە چەشنێك خەڵکی کوبا بە بەراورد بە بیست ساڵ پێش ئێستا پتر هەژارن، واتە لە کوبا بە هیچ شێوەیەك حکومڕانێتی تاقە حزبێك نەبۆتە هۆی باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە. بەو پێیە ناتوانین بەشێوەیەکی گشتی و وەك ڕێسایەکی گشتی بڵێین حکومەتی تاکڕەوی و ئیستبدادی باشترە بۆ بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونی ئابووری، ڕاستە هەندێ جار ئەم دەرئەنجامە بەدەست دەهێنن، بەڵام ناتوانین بڵێن ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ڕاستە.

**• لە وڵاتی چین، هێشتا پارتی کۆمۆنیستی حکومڕانێتی دەکات، بەڵام هەنگاوەکانی ئەم وڵاتە لە بواری پەرەپێدانی**

**لە کوبا بە هیچ شێوەیەك حکومڕانێتی تاقە حزبێك نەبۆتە هۆی باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە**

ئابووریدا جێی سەرسوڕمانی جیهان بوو، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە ڕۆژئاوا پرۆسەی پەرەپێدان و دیموکراسی پێکەوەگرێدراون؟**

- لە راستیدا ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، پێشتر بیروباوەڕێکی بەربڵاو لە ئارادابوو کە ئەو دوو پرۆسەیە پێکەوەگرێدراون، رەنگە پێش بیست ساڵی رامان بگەیاندایە کە ناتوانرێت بێ بوونی دیموکراسی پەرەپێدان و بەرەپێشچونی ئابووری بەدەست بهێنین، بەڵام ئێستا نمونەگەلێکی دیکەمان لەبەردەستدایە. رەنگە ئەو هێزانەی دەبنەهۆی گەشەکردنی دیموکراسی، هەمان ئەو هێزانە نەبن کە دەبنەهۆی پەرەپێدانی ئابووری، رەنگە پەیوەندیەکیان لە نێواندا هەبێت، بەڵام بەو شێوەیە توندوتۆڵ نییە وەك ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا، یان ئەمەریکا، ئوسترالیا و کەنەدادا بەدی دەکەین. من لێرەدا خوازیاری ئەوەم ئاماژە بە نمونەیەکی دیکە بکەم، وڵاتی بەرازیل کە دیموکراسی لەم وڵاتەدا بە ئاستێکی باش و بەرچاو گەشەی کردووە، هەرچەندە بێ کەموکوڕی نییە، چونکە هیچ دیموکراسییەتێك تەواو کامڵ نییە، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە شکستێکی گەورەی خواردووە، ئەمە لە کاتێکدا رۆژگارێك بوو( رۆژگارێکی دوورودرێژ پێش ئێستا ) لە نێو ٥ بۆ ١٠ وڵاتە دەوڵەمەندەکەی جیهاندا بوو، بەڵام دەیە لە دوایە دەیە خراپتربووە. هەروەها ئەزموونی چیلی لەم رووەوە ئەزمونێکی سەرنجڕاکێشە، لەبەر ئەوەی پێشتر لە پێش سەردەمی "پینۆشێ"وە دیموکراسی لە چیللیدا بەرقەراربوو، بەڵام ئابووری ئەو وڵاتە بە تەواوەتی داتەپی بوو، دواتر کە پینۆشێ دەسەڵاتی گرتەدەست، کە کەسێکی تاکڕەو بوو لەگەڵ ئەوەی چەندین کردەوەی خراپی ئەنجامدا، بەڵام ئابووری وڵاتەکەی بوژاندەوە، حاڵی حازر لە چیللیدا دیموکراسی هەیە، هەروەها ئەدای ئەم وڵاتە لە رووی ئابووریەوە لە ئەمەریکای لاتیندا بە باشترین ئەدا دادەنرێت، بەو پێیە دەتوانین بڵێن پەیوەندی نێوان دیموکراسی و پەرەپێدان پەیوەندیەکی زۆر بەهێز نییە.

**• دوای دروستبوونی ئەو هەموو شێوە و شێوازە جیاوازەی دیموکراسی، کاتی ئەوە نەهاتووە بڵێین مەرج نییە تێکڕای دیموکراسییەکان دەبێت هاوشێوەی دیموکراسییەتی رۆژئاوابن؟**

- بە دڵنیاییەوە، دەکرێت هەر وڵاتێك ئەو شێوازە بگرێتەبەر کە بە باشترین شێوە لەگەڵ کولتوور و کۆمەڵگەکەی خۆیدا دەگونجێت، بەڵام چەند توخم و خاڵێکی سەرەکی هەیە دەبێت رەچاوبکرێن، بۆ نموونە دەبێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت، هەروەها دەبێت دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت و ئاستێکی دیاری کراو لە ئازادی رۆژنامەگەری هەبێت، بەڵام ئەمانە هێڵی گشتین و شێوەیەکی دیاری کراوی دیموکراسی ناسەپێنن بەسەر هیچ وڵاتێکدا. بۆ نموونە من لە هۆنگ کۆنگ بووم کە ئیدارە و حکومڕانی ئەدایەکی باشیان هەیە و بە شەفافییەتەوە کارەکان بەڕێوەدەبەن، لە هۆنگ کۆنگدا دەسەڵاتی یاسادانان سنوردارە، پەرلەمان دەسەڵاتی پێشنیارکردن و گەڵاڵەکردنی یاساکانی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی رەتکردنەوەیانی هەیە، بەشێکی ئەم دەسەڵاتە بە پێی دانیشتوانی هەڵبژێدراون و بەشێکی دیکەیان لە لایەن کۆمەڵە پیشەگەرەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، وەك ژمێریاران و پارێزەران و هتد، واتە شێوەیەکی زۆر جیاوازی حکومڕانی هەیە لەووڵاتەدا.

**• هۆنگ کۆنگ بۆ ماوەی ١٥٦ ساڵ لە چین دابڕابوو، هەروەها بۆ ماوەی ٥٠ ساڵی دیکە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ماوەی ٥٠ ساڵی داهاتوودا چین لە وڵاتێکی کۆمۆنیستیەوە دەگۆڕێت بۆ دیموکراسییەتی لیبراڵی؟**

- بەڵێ من پێموایە دەگۆڕێت و لە راستیدا من پێشبینی دەکەم لە ماوەی ٥٠ ساڵی داهاتوودا چین زیاتر لە هۆنگ کۆنگ بگۆڕێت، لە راستیدا مەترسی و نیگەرانی هەبوو کە لە دوای جێهێشتنی بەریتانییەکان هۆنگ کۆنگ هەرەس دەهێنێت و بە چەشنی زۆرێك لە ناوچەکانی چین دووچاری گەندەڵی دەبێتەوە، بەڵام لە هۆنگ کۆنگدا دامەزراوەگەلێکی باش بوونیان هەیە و من پێی دەڵێم دەوڵەت_شارێکی سەرکەوتووە.

**• لە دوای رووخان و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، دوو شێوازی جیاوازمان بەدی کرد، یەکێکیان وڵاتانی وەك رۆمانیا، هەنگاریا و چیك بوون کە وڵاتانی سەربەخۆبوون و توانیان هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێن، بەڵام کۆمەڵە وڵاتێکی دیکە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت سەریان هەڵدا، پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی وڵاتانی ئەوروپای ناوڕاست لە رووی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی سەرکەوتوبون، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی دواتر سەریان هەڵدا سەرکەوتوو نەبون؟**

- دووبارە ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، ئەگەر لە خودی وڵاتی روسیا و چەند وڵاتێکی دیکە بڕوانین کە لە دوای لەبەرەیەکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت سەریانهەڵدا، ئەوە بەدی دەکەین کە نوخبەیەکی دەوڵەمەند لەم وڵاتانەدا دروست کرا کە پشتگیری حکومەتیان کردووە و دەسەڵاتێکی ئابووری و سیاسی زۆر کەم بۆ خەڵکی وڵاتەکە جێهێڵراوە، ئەو بەرەپێشچونە ئابووریەشی بەدەستهات، هۆکارەکەی بۆ داهاتەکانی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین نە دیموکراسی و نە بەرەوپێشچونی ئابووری لەو وڵاتانەدا کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەیان بۆ دەکەن ریشەی قوڵیان نییە.

**• شارەزایانی دیموکراسی پێیان وایە لیبراڵیزمی دەستووری دەبێت هاوشان بێت بە بوونی سەروەری یاسا و ئازادییە فەردییەکان و موڵکایەتی تایبەت، هەروەها لیبراڵیزمی دەستووری بە ئاسانی دەگۆڕێت بۆ دیموکراسی لیبراڵی، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە ناکرێت ئەو دیموکراسییەی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دروست بووە بگۆڕێت بۆ دیموکراسییەتی لیبراڵی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لیبراڵیزمی دەستووری گرنگە و چۆن بەدەست دەهێنرێت؟**

- من دووبارە جەخت لەسەر ئەو توخم و رەگەزە گرنگانە دەکەمەوە کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد، بووونی مافی مۆڵکداریێتی تایبەت و پاراستنی لە لایەن دەوڵەتەوە زۆر گرنگە، هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ بە هەمان شێوە، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم کە هەڵبژاردنەکان گرنگترین بەردی بناغەی دیموکراسی بن، راستە گرنگن، بەڵام من گرنگییەکی زیاتر بە بوونی سیستەمێکی قەزائی سەربەخۆ دەدەم.

●●●

**رەنگە ئەو هێزانەی دەبنەهۆی گەشەکردنی دیموکراسی، هەمان ئەو هێزانە نەبن کە دەبنەهۆی پەرەپێدانی ئابووری، رەنگە پەیوەندیەکیان لە نێواندا هەبێت، بەڵام بەو شێوەیە توندوتۆڵ نییە وەک ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا**

●●●

●●●

**دەکرێت هەر وڵاتێک ئەو شێوازە بگرێتەبەر کە بە باشترین شێوە لەگەڵ کولتوور و کۆمەڵگەکەی خۆیدا دەگونجێت، بەڵام چەند توخم و خاڵێکی سەرەکی هەیە دەبێت رەچاوبکرێن، بۆ نموونە دەبێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت**

●●●

●●●

**من لەو باوەڕەدانیم کە هەڵبژاردنەکان گرنگترین بەردی بناغەی دیموکراسی بن، راستە گرنگن، بەڵام من گرنگییەکی زیاتر بە بوونی سیستەمێکی قەزائی سەربەخۆ دەدەم**

●●●

## هنری وان بۆ گوڵان:

# وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەشەسەندنی ئابوورییان پێش دیموکراتی خست



**پرۆفیسۆر هنری وای وان ئوستادی ئابوورییە و پێجگە لەوە خۆی هاوڵاتییەکی چینییە تایبەتمەندە لە سەرئابووری چین و کۆریای باشور و سەنگافورە، بەڵام پێدەچێت کەماوەی زیاتر لە ساڵی ٤٠ چینی بە جێهێشتووە هێشتا ناتوانێت لە ناو ئەمەریکادا بە ئازادی لەسەر سیاسەت بکات و، وەك خۆی دەڵێت بە لێنی بە خێزانەکەی داوە لە باری ئابوورییشدا قسە لەسەر سیاسەت نەکات، پرۆفیسۆر وان پێی وایە گەشەسەندنی ئابووری بەبێ دیموکراتی دێتە ئاراوە بۆ وتووێژ لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر وان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** واتە ئایا دەبێت پەرەپێدانی دیموکراسی بخرێتەدوای گەشەپێدانی ئابوورییەوە؟**

- ئەمانە مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن، من تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە پێناسەگەلێکی جیاواز هەبێت بۆ دیموکراسی، بۆ نموونە دیموکراسییەتی پەرلەمانتاری هەیە، هەروەها دیموکراسییەتی سەنتراڵیزمیش هەیە، ئێمە باس لە دیموکراسییەتی پەرلەمانتاری دەکەین، بۆ نموونە خەڵکی هانۆی خۆیان بە کەسانێکی دیموکراتی دەزانن، ڕەنگە پرسیار لە کەسانێك لە پەکین، یان هاڤانا بکەیت لەم ڕووەوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە خۆیان بە کەسێکی دیموکرات بزانن. ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەینەوە، ئەوان ئەم مەسەلەیە پێویستی بە ئارامی و سەقامگیری هەیە، بۆ نموونە نابێت گۆڕانەکان بە ڕەوتێکی زۆر خێرا ڕووبدەن، لە لایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانینەش لە ئارادایە کە کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی دەسەڵات ڕێگرە لە بەردەم هێنانەدی گەشەپێدانی ئابووریدا، هەروەك ئەوەی لە میانمار و بۆرما بەدی دەکەین، بەڵام ئەمانە مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن، بەم دواییە من بەشداریم کرد لە نووسینی لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی ئابووری جیهانی و پێداچوونەوە بە بازرگانی نێودەوڵەتیدا، ئێمە هەڵساین بە بەراوردکردنی بەرنامەی سیاسی نووخبە دەسەڵاتدارەکانی هەر یەکە لە وڵاتانی کۆریای باشوور، سەنگافور، هۆنگ کۆنگ و تایوان، ئەو ڕاستی و دەرئەنجامەمان بۆ دەرکەوت کە بەرنامە سیاسییەکانیان ناکۆکی نییە لەگەڵ پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێداندا، هەروەها هۆنگ کۆنگ لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانییەکانیشدا گەشەی کرد، ئەگەرچی بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩٩٧دا هۆنگ کۆنگییان بەجێهێشت. مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی هەیە لە نێوان پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام پەیوەندییەکە ئاڵۆزە و ڕاستەخۆ نییە.

*** ئایا دەبێت لە پێناو ڕزگاربوون لە برسێتی دەست لە ئازادییەکان هەڵبگیرێت؟**

- زۆرجار سیستەمێکی پەرلەمانتاری لە ئارادایە، بەڵام هەڵبژاردنەکان ئازاد و عادیلانە نین، هەروەها ئەدای حکومەتەکە لاوازە و لە ئاستی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکدا نییە، بە هەمان شێوە سیاسییەکانیش لە ئاست بەرپرسیارێتیەکانیاندا نابن، بۆ نموونە لە کۆریای باشور ئەم حاڵەتە لە ئارادابوو، کاتێك سیستەمی پەرلەمانتاری هەبوو، بەڵام لە سایەی ئەو حکومەتەی حکومڕانێتی دەکرد ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك دابەزی، بۆیە کاتێك سوپای ئەو وڵاتە هەڵسا بە ڕوخاندنی حکومەتەکە هیچ کەسێك بەرگری لێنەکرد. ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٨٧دا جارێکی دیکە خەڵکی دەستییان کرد بە بەرهەڵستی کردنی ئەو حکومەتەی لە ئەنجامی دەستێوەردانی سوپاوە دروست ببوو، بەڵام ئەمە بۆ ژیری و وریای خەڵکی کۆریا دەگەڕێتەوە کە بڕیار دەدەن لە چ کات و ساتێکدا بەرهەڵستی حکومەت بکەن.

*** ئەی سەبارەت بە سەنگافورە کە زیاتر لە پەنجا ساڵە یەك حزب حکومڕانی دەکات و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی وەکو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی عەرەبی وایە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە سەنگافورە، حکومەت هەڵنەستاوە بە کوشتن و زەوتکردنی ژیانی تەنیا کەسێك لەو وڵاتەدا، ڕاستە کەسانی تیرۆریست هەبوونە و حکومییان لەسەرداوە و دواتر لە سێدارەدراون، بەڵام تەنیا کەسێکیش نەکوژراوە و حاڵەتی ئەشکەنجەدان بەدی نەکراوە لەو وڵاتەدا، ڕاستە لە سەنگافورە بەرهەڵستکاران بە چەشنی بەرهەڵستکارانی ئوستراڵیا کار و چالاکی ناکەن، واتە سەنگافورە لەم ڕووەوە توندە و ناتوانین بڵێین سەد دەر سەد دیموکراسییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕژێمێکی دڵڕەقیش نییە.

*** باشە تۆ خۆت هاوڵاتییەکی چینیت ئەی سەبارەت بە چین ؟**

- من ئامۆزایەکم هەیە لە چین کە تەمەنی ٩٤ ساڵە و هەر بەم هۆیەشەوە تەندروستی باش نییە، ئەو باسی ئەوە دەکات کە نەوە بە نەوە دەسەڵاتدارانی چین باشتر دەبن، بەڵام من لەبەر ئەوەی لە ئەمەریکا کاردەکەم و کاتی خۆی، ٤٠ ساڵ پێش ئێستا، هاوسەرەکەم بەڵێنی لێوەرگرتووم کە نابێت تێکەڵی ژیانی سیاسی بم ( بە پێکەنینەوە) ئەوا ناتوانم هیچ لێدوانێکم هەبێت لەم ڕووەوە.

***تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ پارتی " کۆمین تانگ" حکومڕانی تایوانی کرد، بەڵام پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بە باشی بەرێوەچوو، مەبەستمان ئەوەیە ئەم گەشەکردنە بەرهەمی دیموکراسی نەبوو، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم بەرەوپێشچوونە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پارتە تا ساڵی ٢٠٠٠ حکومڕانێتی کرد، بەڵام لەو ساڵەدا لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی هێنا و دەسەڵاتی لەدەستدا، ئەگەرچی ساڵی پار توانێتی جارێکی دیکە ڕێژەیەکی گەورەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و جارێکی دیکە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بەڵام لە سایەی "چۆنەیشەمۆ چەنکاشێك"دا تایوان گەشەی کرد، ئەگەرچی ڕەنگە لە زۆر بواردا لەگەڵ ئەو کارانەدا هاوڕانەبین کە ئەنجامی دا، بەڵام لە سەردەمی ئەودا تایوان گەشەی کرد، نەك لە سایەی حوکمی کورەکەیدا، کە کورەکەی لە کاتێکدا هەڵسا بە دیموکراتیکردنی تایوان، بەڵام دەستی لە دەسەڵاتی سیاسی هەڵنەگرت تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوای کرد، بەڵام دواتر جێگرەکەی دوو جار لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

*** ئایا تایوان دەیتوانی بە هەمان ئێستا لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی بکردایە، ئەگەر لە هەمان کاتدا دەستی بە پرۆسەی بەدیموکراتیکردن بکردایە؟ هەروەها چۆن تایوان توانیتی لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە هەنگاو بەرەو وڵاتێکی پیشەسازی بنێت؟**

- من نازانم هۆکارەکە چییە، بەڵام ئەوەی لە وڵاتانی سەنگافورە، تایوان و کۆریای باشووردا هاوبەشە، ئەوەیە ئەم وڵاتانە سیستەمی پەرلەمانتاریی و دیموکراسییەتی نوێنەرایەتییان نەبوو، هەروەها هۆنگ کۆنگ کۆلۆنیالێکی بەریتانی بوو، کە هیچ ئازادییەکی سیاسی تێدانەبوو، ئازادی شەخسی هەبوو، بەڵام نەك ئازادی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا توانییان پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بەرەوپێش ببەن.

# تەتەڵەکردنی لیستی پاڵەوانە نەتەوەییەکانمان



فەرید ئەسەسەرد

زۆر جار پێوانەکانی هەڵسەنگاندن لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازییان دەبێ و لەم سۆنگەیەوە جیاوازی لەدیدی نەوەکان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕابردوو پەیدا دەبێ و بەم پێیە مێژوو هەمیشە پێویستی بەپێداچونەوەو ڕاستکردنەوەو هەڵسەنگاندنەوە هەیە.

لەسەر ئەم بناغەیە، پاش ١٧٧ ساڵ لەجینۆسایدکردنی ئێزدییەکان لەسەر دەستی پاشای ڕەواندز میر محەمەد، کاتی ئەوە هاتووە ئەم ڕووداوە بکەینە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پاشای ڕەواندز لەمێژودا.

میر محەمەد هێشتا وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی سەیر دەکرێ و لەخوێندنگاکانمان و لە ویژدانی نەتەوەییماندا بۆ ئاستی سەروەرانی مێژوی خەباتی نەتەوەییمان بەرز دەکرێتەوە. هۆی کردنی میر محەمەد بەپاڵەوانێکی نەتەوەیی پەیوەندیی بەهەلومەرجی سەدەی بیستەمەوە هەیە. لەسەدەی بیستەمدا کە بەکردەوە سەدەی شکستەکانی کوردە، پێویستمان بەمێژوویەك هەبوو بیسەلمێنێ کە کورد لەسەدەی نۆزدەهەمەوە لەجۆش و خرۆشدا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی و هەرگیز بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە کۆڵی نەداوە. ئەمەش بەوەی گەیاندین کەچەندین پاڵەوانی نەتەوەییمان بۆ خۆمان دروست کردو هەموو مەرجەکانی ئازایەتی و جوامێری و مەردایەتیمان پێ بەخشین. لەڕاستیدا ئەمڕۆ پێویستمان بەپاڵەوان نییە، بۆیە هەومو ئەوانەی کە بەپاڵەوانی نەتەوەیی دانراون پێویستە لەشوێنی شیاوی خۆیان دابندرێن، لەوانە میر محەمەد.

سەرەڕای ئەوەی میر محەمەد بەپاڵەوانێکی نەتەوەیی دانراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر هەستی نەتەوەیی نییە. ناکۆکیی میر محەمەد لەگەڵ عوسمانییەکاندا بەڵگەی هەستی نەتەوەیی نییەو ئەم ناکۆکییە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ناکۆکیی نێوان داود پاشای بەغدا (١٧٧٤-١٨٥١) و ناکۆکیی محەمەد عەلی پاشای میسر (١٧٦٩-١٨٤٩) لەگەڵ ئیستانبوڵدا نیەو هەوڵی هەر یەك لەداود پاشاو محەمەد عەلی پاشا بۆ خۆبەهێزکردن زیاتر پەیوەندیی بەگیانی فراوانخوازانەو ڕاییی کردنی دەسەڵاتەوە هەبووە. بەم پێودانگە، هەوڵی میر محەمەد بۆ خۆ بەهێزکردن و دروست کردنی تۆپ ئەوەندەی پەیوەندیی بەمەیلی دەسەڵاتەوە هەبووە ئەوەندە پەیوەندیی بەتین و تاوی کوردایەتییەوە نەبوەو تائێستا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە میر لەچوارچێوەو بەپێی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی هەڵسوکەوتی کردووە.

میر محەمەد ئامانجی فراوانخوازی هەبوو. لەساڵی ١٨٣٢دا یەکێ لەدڕندەترین لەشکرکێشییە فراوانخوازییەکانی لەدژی ئێزدییەکان، بەسود وەرگرتن لەفەتوای مەلای خەتێ، دەست پێکرد. لەمێژووی بادیناندا هیچ کات یەك کەس بەقەد میر محەمەد خەڵکی لەئێزدییەکان نەکوشتوە، تەنانەت ئەوەندەی میر لەماوەی ٣ ساڵدا لەئێزدییەکانی کوشت، عوسمانییەکان لەماوەی سەد ساڵدا نیوەی ئەوەندەیان لێ نەکوشتون.

بەپێی گیو موکریانی لەکتێبەکەیدا دەربارەی مێژوی میرانی سۆران، میر محەمەد بە ٤٠ هەزار تا ٥٠ هەزار چەکدار لەشکرکێشیی کردە سەر ئێزدییەکان. ئەم ژمارەیە سێ یان چوار ئەوەندەی ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێ لەماوەی ١٤ ساڵەکەی نێوان ١٩٧٦ء ١٩٩٠دا. میر لەبەراییی لەشکرکێشییەکەیدا هەمو گوندە ئێزدینشینەکانی سەر ڕێگای خۆی وێران کردو قڕی خستە ناو دانیشتوانەکەوە. بەر لەوەی بگاتە ئەلکیش، ناوبانگی وەك بکوژو وێرانکەر گەیشتبوە ئەوێ. دانیشتوانی ئەلکیش بەجۆرێك تۆقی بون، سەرتاپایان شارەکەیان بەجێ هێشت. هاوپەیمانێتیی بادینانی- ئێزدی بەرگەی لەشکرکێشییەکەی نەگرت و پاش شەڕێکی سەخت لەگەڵ سوپای میر محەمەددا، بادینییەکان و ئێزدییەکان کشانەوە دواوەو لەچیاکانی باعدرێ گیرسانەوە.

شێخانیش جینۆسایدێکی ترسناکی بەخۆوە دی. میر محەمەد هەموو دەرگاکانی ئاشتی و دایەلۆگی بەڕوی عەلی بەگی داسنیی ڕابەری ئێزدییەکاندا داخست و ڕێی شەڕو وێرانکردنی هەڵبژارد.

هەموو ئەو ئێزدییانەی کە بۆ خۆ ڕزگارکردن ڕوویان کردە موسڵ، ڕەنجیان بەبا چوو، چونکە کاربەدەستانی موسڵ دەروازەکانی شاریان بۆ نەکردنەوەو لەئاکامدا لەتەختایی بەردەم شورە بەرزەکانی موسڵدا سەدان ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی ئێزدی، بەچەقوو شمشێرو تفەنگەکانی لەشکری میر محەمەد لەناو بران.

دەستی کوشتارو وێرانکردن و تاڵانی میر محەمەد گەیشتە شنگاریش. لەوێ لەشکرکێشییەکەی بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات. ئیتر لەوێوە بەگەنجینەیەکی زۆرەوە گەڕایەوە ڕەواندز. کەس نازانێ کوشتاری ئێزدییەکان چەندە بەڵام بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی سدیق دەمەللوجی، تەنها لەسەدا پێنجی ئێزدییەکان لەکوشتن ڕزگاریان بووە. هەر ئەوە بۆ خۆی مایەی تێڕامانە کەسەرچاوەکانی دەڵێن ٤ هەزار تا دە هەزار ئێزدی، لەناویان عەلی بەگ داسنی، بەدیلی براون بۆ ڕەواندزو لەوێ هیچ ئاسەوارێکیان نەماوە.

ئێزدییەکان شایستەی ئەوەن داوای لێبوردنیان لێ بکرێت و یەکەمین نیشانەی داوای لێبوردنەکەش دەرهێنانی میر محەمەدە لەریزی پاڵەوانە نەتەوەییەکانمان.

لەڕاستیدا میر محەمەد هیچ مەرجێکی پاڵەوانی نەتەوەیی تێدا بەدی ناکرێ. هەموو شەڕەکانی ئەم میرە لەدژی میرایەتیی ئامێدی و ئێزدییەکان بووەو هەموو هەوڵەکانیشی بۆ خۆ بەهێزکردن تەنها بۆ جێبەجێکردنی نەخشە فراوانخوازییەکانی بووە. ساڵی ١٨٣٦ میر محەمەد هەڵوێستێکی وای بەرامبەر بەعوسمانییەکان نیشاندا کەبچوکترین هەست بەلێپرسراوەتیی نەتەوەییی لێ بەدی ناکرێ. هەر ئەوەندە بوو هەواڵی نزیك بونەوەی عوسمانییەکان لەڕەواندز بڵاو بۆوە، میر محەمەد قەڵەمی دەست و ئەژنۆی شکاو زۆری نەبرد، بەبێ شەڕو بەبێ تەقاندنی یەك گوللە تۆپ، بەشێوەیەك خۆی بەدەستەوە دا کە کەس ناتوانێ شانازیی پێوە بکاو پاش ئەوەی برایە بەردەمی سوڵتان لەئیستانبول، داوای لێبوردنی لێ کردو دەستی ماچ کرد.

بەکردەوە، ڕەفتارەکانی میر محەمەد کاریگەریی خراپیان لەسەر جیۆپۆلەتیکی ناوچە قڕتێخراوەکان بەجێ هێشت چونکە بونە مایەی دروستکردنی بۆشاییەکی دیموگرافی. پاش سەدەو نیوێك کەمیی چڕیی دانیشتوان لەناوچەکەدا، لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریبدا، بوو بە هاندەرێك بۆ نیشتەجێ کردنی عەرەب لەوێدا. ئەگەر دەست بەجینۆسایدکردنی ئێزدییەکان نەکرایە، ژمارەی دانیشتوانی ئێزدیی ناوچەی نێوان باعدرێ و شنگار لانی کەم دوو ئەوەندەی ئێستا دەبوو. ئەمەش قورسایی جیۆپۆلەتیکیی ژمارەی دانیشتوانی کوردی لەپارێزگای موسل سەقامگیرترو کاریگەرتر دەکرد. ئەمە، بەشێوەك لەشێوەیەکان، بەو مانایە دێ کەجینۆسایدکردنی ئێزدییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا کارێکە ئاسەوارە خراپەکەی لەسنوری سەردەمی خۆی دەترازێت و کاریگەریی خراپ لەسەر ئەم سەردەمەی خۆیشمان بەجێ دێڵێ.

ئەوەی میر محەمەد لەسەدەی نۆزدەهەمدا کردی، ئەمڕۆ لەدەوروبەری موسڵ هەست بەسەرەنجامە خراپەکەی دەکرێ. مێژو وایە. ڕووداوی باش سەرەنجامی باش بەجێ دێڵێ و ڕووداوی خراپ سەرەنجامی خراپ.

●●●
**ئەوەندەی میر لەماوەی ٣ ساڵدا لەئێزدییەکانی کوشت، عوسمانییەکان لەماوەی سەد ساڵدا نیوەی ئەوەندەیان لێ نەکوشتون**
●●●

●●●
**هاوپەیمانێتیی بادینانی- ئێزدی بەرگەی لەشکرکێشییەکەی نەگرت و پاش شەڕێکی سەخت لەگەڵ سوپای میر محەمەددا، بادینییەکان و ئێزدییەکان کشانەوە دواوەو لەچیاکانی باعدرێ گیرسانەوە**
●●●

# فەتحوڵڵا گولەن دەڵێت ئەگەر سەعیدی نورەسی کورد نەبووایە مرۆڤێکی چەندە گەورە دەبوو



## وتوێژی گوڵان لەگەڵ ئەحمەد تورک سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لە پەرلەمانی تورکیا

ئەحمەد تورك، پەرلەمانتاری مێردین و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لە پەرلەمانی تورکیا هەم وەك کەسایەتی و هەم وەکو پەرلەمانتار خاوەن ئەزموونێکی قاڵبووەوە و کەڵەکەبووە لەنێو سیاسەتدا و ساڵانێکی درێژە کاری سیاسیی و پەرلەمانی دەکات.

تورك دوای ١٨ ساڵ هەمان سیناریۆی پەرلەمانتارنی DEP لەیلا زانا و هاوەڵانی لەنێو سەکۆی پەرلەمانی تورکیادا دووبارە کردەوە کاتێك بە کوردی قسەیانکرد، کە دواتر ڕەوادونان و زیندان و مەنفا بووە چارەنووسیان. هەرچەندە ئەحمەد تورك ئەوکاتە خۆیشی ئەندام پەرلەمان بووە.

ئەمجارەیان تورك لەدواین کۆبوونەوەی پەرلەمانی تورکیا و لەبەردەم گروپی پارتەکەیدا لەڕۆژی ٢١ی شوبات کە ڕۆژی پاراستنی زمانی دایکە لەجیهان، بە زمانی شیرینی کوردی هاتە ئاخاوتن. کاتێك کەناڵی TRT٣ پەخشی زیندووی کۆبوونەوەکەی دەکرد، تورك لەنیوەی کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند کە ئەو دەخوازێ بە کوردی قسە بکات و دوای نزیکەی ١٠ خولەك لەپێشکەشکردنی ئاخاوتنەکانی، کەناڵی TRT٣ پەخشی کۆبوونەوەکەی ڕاگرت و زۆربەی پەرلەمنتارەکانی DTPش لەخۆشیان فرمێسکی شادییان بۆ قسەکانی تورك هەڵڕشت.

هەرچەندە کە ئەحمەد تورك لە دەستپێکی ئاخاوتنەکانیدا ڕایگەیاند کە ئەوان هیچ حەساسیەتێکیان لەگەڵ زمانی تورکی نییە بەوەی کە زمانێکی فەرمی بێت، بەڵام گوتی "ئەمڕۆ لەجەژنی زمانی دایك بە کوردی دەپەیڤم، لەبەرئەوەی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی هەیە زۆر گرنگە بۆ فرەزمانی و زیندووکردنەوەی زمان لە مەترسی ئاسمیلەبوون، چونکە هەموو زمانەکانی دنیا بێ تاوانن و هەر زمانێك برای ئەوی دیکەیە. تورك گوتیشی: "چ پەرلەمانتارەکان و چ سەرۆك شارەوانییەکان لەبەرئەوەی بە کوردی قسەیان کردووە سزادراون، ئەی کاتێك سەرۆك وەزیر ئەردۆگان بە کوردی قسە دەکات، بۆچی بە تاوان و سەرپێچی دانانرێت؟! لەکاتێکدا ئێمە زمانی دایکمانە و ئەردۆگان چۆن دەزانێ پێی بدوێت". دوای تەواوبوونی ئاخاوتنەکانی ئەحمەد تورك هەڵوێست و کاردانەوەی پەرلەمانتارانی لیستی CHP و MHP زۆر توند بوو و پێیانوابوو ئەو قسانەی ئەحمەد تورك وەك پرۆڤاکسیۆنە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان. هەروەك ڕاشیانگەیاند ئەگەر هەڵوێستەکانی ئەحمەد تورك لەبەرچاو بگیرێت ئەوا دەبێ زمانی نەتەوەکانی ئەرمەن و ڕۆم و لاز و چەرکەزیش لەپەرلەمانی تورکیا بەکاربێت. بۆیە زۆربەی پەرلەمانتارە ناسیۆنالیستەکان دژی ئەوە بوون کە زمانی دایك وەك ئامرازی پروپاگەندە بەکاربهێنرێ، لەبەرئەوە وای دەبینین کە نابێت پۆپولیزم لەسەر حیسابی دەوڵەت بێت و دەڵێن TRT٦ بۆ خۆی پۆپولیزمە.

گەرچی هەندێ لەپەرلەمانتارە پەڕگر و توندڕەوەکانیش داوایانکرد لێپرسینەوە لەگەڵ ئەحمەد تورك بکرێت و سزایەکی قورسی بۆ ببڕێتەوە. بەڵام هەندێ لەپەرلەمانتارانی CHP و MHP دەڵێن: "لە بنەڕەتەوە ئەوەی پێویستە سزا بدرێ ئەحمەد تورك نییە، بەڵکو ئەو لایەنەیە کە قانوونەکانی گۆڕیوە. ئەگەر سەرۆك وەزیران وشەی کوردی بەکاربهێنێ و تەلەڤزیۆنی دەوڵەت بە کوردی بکاتەوە ئەوا ئەحمەد تورك-یش جەسارەت دەکات بە کوردی بپەیڤێت". ئەوان لەو لێدوانەشیان پتر مەبەستیان سزادانی AKP بوو.

جێی باسە، ئەو دیدارەی گوڵان لەتەك ئەحمەد تورك هاوزەمانە لەگەڵ سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ شاری دیاربەکر بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن و ناساندنی قوتبەددین ئارزووـی کاندیدی پارتەکەی بە جەماوەر.

دیمانە: گوڵان/ دیاربەکر

*** ســـەرۆك وەزیـــر ئـــەردۆگان وەك هەموو جاران بە كۆمەڵێك بەڵێن و پرۆژەی سیاســـی وئابوورییـــەوە رووی لـــە دیاربەكر كرد، ئایا ســـەردانی ئەمجارەی ئەردۆگان بۆ دیاربەكر چۆن دەبینن؟**

- هەموو كەسێك دەتوانێ بە ئیرادەیەكی ئازاد سیاسەت بكات و پرۆژە و داخوازییەكانی خۆی بۆ خەڵك رابگەیەنێت، ئێمە لە دژی ئەوە نین، بۆیە لە دژی هاتنی ئەردۆگانیش نین، بەڵام ئێمە بە ئەردۆگان دەڵێین ئێوە بە چ روویەك دێـــن بۆ دیاربەكر، تا ئێســـتا تەنیا خەڵكتان هەڵخەڵەتاندووە و هیچ یەكێك لە بەڵێنەكانی خۆتان بۆ كوردان رایـــی نەكردووە، كارێكی ئەوتۆتان بۆ مافە سیاسی و كولتوورییەكانی كورد نەكردووە، لەبەر ئەوە كاتێك ئەوان شتێك بۆ گەل نەكەن، ئەوا بۆچی گەل پێشـــوازیان لێ بكات و لـــە ئامێزیان بگرێت. بۆیە ئێمە ئەو سەردانە پرۆتســـتۆ ناكەین بەڵام دەڵێین شـــەرمە بەدەست بەتاڵی ســـەردانی كوردان دەكەن و بەڵێنەكانتان جێبەجێ ناكەن.

*** پێتوایە بۆچی كورد لە AKP و ئەردۆگان رەشبین و بێ هیوا بوونە؟**

- لەراســـتیدا كـــورد لـــەدوای هەڵبژاردنی تەممـــوزی (٢٠٠٧)ەوە بۆی دەركەوتووە كە سیاسەتی ئەردۆگان هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ سیاسەتی باڵی ســـەربازی و ئایدیۆلۆژیای رەســـمی دەوڵەتـــی تـــورك نییـــە. بەڵكو سیاســـەتی حكومەتی مەدەنی ئەردۆگانیش درێژكراوەی هەمان سیاســـەتی تانسۆچیللەر و بولەنـــد ئەجەویـــد و ئەوانـــی دیكەیە. بۆ كوردان دەركەوتووە كە ئیدی ئەردۆگان هیچ پرۆژەیەكی چارەسەری پێ نییە، تێڕوانینەكانی AKP لە تێڕوانینـــی CHP و MHP و دەوڵەتی ســـتاتوپارێز جیاوازتر نییە. بۆیە كاتێك دادگای بـــاڵای توركیا لە بەرامبەر پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) دۆسیەی قانوونی دەســـتی پێكرد، ئەوا لەنێو دەوڵەت كۆمەڵێك گفتوگۆ و مشـــتومڕ سەریهەڵدا و چەند سیناریۆیەكان لەســـەر كوردان بەرێوە برد، لەبەر ئەوەی لـــە نێو كورداندا CHP و MHP نەمابـــوون و لەرووی سیاســـیی و جەماوەرییەوە ئیفلاســـیان كردبـــوو، تەنیا AKP و ئەردۆگان هەبوون، لەبەرئەوە كاتێك پارتەكەی ئـــەردۆگان قەدەخە بكرابایە ئەوا دەوڵەتی تورك لە هەرێمی كوردان بەبێ هیچ پارتێكی سیاســـی دەمایـــەوە. هەر بۆیە من زۆر بە راشكاوی دەڵێم هۆكاری دانەخستن و قەدەخە نەكردنی AKP بۆ مەسەلەی كورد دەگەڕێتـــەوە، چونكە لە كوردســـتاندا هیچ پارتێكی سیاســـی نەبووە پێگەی جەماوەری هەبێت و هاریكاری دەوڵەت بكات. لەبەر ئەم هۆكارە ئەو بازاڕە لەسەر كوردان دروست بووە. ئەردۆگان ماوەیەكە زۆر بە توندی دژایەتی كورد دەكات و بە كـــوردان دەڵێ یان لەگەڵ ئێمەدان یانیـــش دوژمنی ئێمەن، ئەگەر هەر كەسێك لەبەرامبەر سیاسەتی دەوڵەت نارازی بێت، جا ژن و منداڵ یان پیر بێت ئەوا بەبێ جیاوازی تەپەسەر دەكرێ. لەبەر ئەوە رۆژ لە دوای رۆژ تێڕوانین و لۆژیك و ئیزدواجییەتی ئـــەردۆگان بە دیار دەكـــەوێ. بۆیە پێموایە ماســـكی AKP كەوتۆتە خوارەوە و ئیدی خەڵك دەیانناســـێ و بە هیـــچ كلۆجێك ئەو پشتیوانییەی خەڵك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە AKP یان كرد ئەوا جارێكی دیكە بە چاوی

خۆیان نابیننەوە.

*** هەڵبژاردنی هەرێمی تورکیا لەمانگی ئاداری ئەمساڵ بۆتە رۆژەڤی سەرەکی تورکیا، دیارە ئەو هەڵبژاردنە چارەنووسی هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیا دەستنیشان دەکات و، DTPش کە ئێستا (٥٦) شارەوانی لە ژێر دەستدایە، رایگەیاندووە کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لانی کەم (١٠٠) شارەوانی بەدەست دەهێنێت. ئێوە کەشوهەوا و کێبرکێی پارتە سیاسییەکان لە باکووری کوردستان چۆن دەبینن؟**

- ئیمرۆ لەسەروبەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا هەندێ کەس و لایەن لەسەر ناوی دەوڵەت کار دەکەن و دەیانەوێ هاوپەیمانی سیاسی لە دژی کوردان ئەنجام بدەن. تەنانەت هەموو لایەنە سیاسی و سەربازی و نەژادپەرستەکان بانگەوازی ئاراستەی خەڵك دەکەن کە لە بەرامبەر DTP خۆیان بکەنە یەك سەنگەر، بەڵام ئەمە تا چەند بەردەوام دەبێت ئێمە نازانین. ئێمە وەك DTP دەمانەوێ ببینە دەنگی گەلەکەمان و داخوازییەکانی خەڵك بەجێبهێنین، بەراستیش هەر کاتێك دەنگی گەلی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتی تورك بەهێز بێت، ئەوا پەیامێکی بەهێز و جیاوازترە بۆ هەموو لایەنێك. من دەڵێم کێشەی گەلی کورد لە تورکیا کێشەی تەواوی کوردانە، لەبەرئەوەی داخوازی کوردان لە بنەڕەدا یەکانگیرە. ئێمە زۆرجار سەردانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و هەرێمی کوردستان دەکەین و دیدار و وتوێژ ئەنجام دەدەین، پێمان دەڵێن ئێوە پارتێکی کوردین، کەچی دەنگەکانی پارتەکەی ئەردۆگان لەهی ئێوە زیاترە؟ من دەڵێم هەر کاتێك لە نێو کوردان یەکێتی نەتەوەیی کورد بەهێز بێت و سیاسەتێکی نەتەوەیی بەڕێوە بچێت ئەوا لە رۆژەڤی نێودەوڵەتییشدا کێشەی کورد بەهێزتر دەبێت. کێشەی ئێمە نەبوونی متمانە و گوتارێکی سیاسیی هاوبەش. باوەڕ بکەن ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا DTP بتوانێت دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنێت ئەوا کێشەی کورد لە تورکیا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەچێتە قۆناغێکی زۆر گرنگ، رەنگە ئەوکاتە دەوڵەتی تورکیاش لەبەرامبەر کێشەی کورد لەبری ئۆپەراسیۆن و شەڕی چەکداری بیر لە رێباز و میتۆدی مەدەنی و دیموکراسیانە بکاتەوە.

*** ئەگەرچی DTP لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا چاوی لە شارەکانی (سێرت، وان، تبلیس، بینگول و چەند ناوچەیەکی دیکە) بڕیوە، بەڵام زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەرکی DTP لە ناوچەکانی سێرت و وان زۆر قورسە، گلەیی هەیە کە هەندێ لە کاندیدەکانی DTP ئاپۆچین، بەتایبەتی کاندیدی شاری وان؟**

- راستە ئەرکی DTP ئاسان نییە، بەڵام سەبارەت بە کاندیدەکانمان ئەوا من دەڵێم رەنگە لەدەستنیشانکردنی کاندیدەکان ١٠٠٪ هاوکۆك نەبووبین، بەڵام بەگشتی هەنگاوێکی باشە. بۆ پارێزگای سێرت ئێمە هیوامان زۆر بەهێزە، ئەگەرچی نیوەی سێرت هاووڵاتی عەرەبیشن، بەڵام ئێمە بڕوامان بە خۆمان بەهێزە. هەروەها بۆ تبلیس و بینگۆڵ باوەڕمەندین. جگە لەوەی لەناوچەکانی دیاربەکر و باتمان و شرناخ و ناوچەکانی



●●●
**هۆكاری قەدەخە نەكردنی AKP بۆ مەسەلەی كورد دەگەڕێتەوە، چونكە لە كوردستاندا هیچ پارتێكی سیاسی نەبووە پێگەی جەماوەری هەبێت و هاریكاری دەوڵەت بكات**
●●●

دیكە DTP پریستیژی زۆر خورت بووە. لەبەرئەوە پێموایە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هەم بۆ پۆستی سەرۆكی شارەوانی و هەم بۆ پۆستی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دەنگێكی زۆر بەدەست دەهێنین.

*** ئەی سەبارەت بە دیاربەكر كە بە پایتەختی مەعنەوی كوردستان دادەنرێ، جێی چاوتێبڕینی AKP و لەم ڕووەوە AKP خەرجییەكی زۆری بۆ كاندیدی خۆی كردووە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك شارەوانی دیاربەكر، ئەگەرچی بەپێی ئەنكێتەكانی ڕاپرسی دەڵێن پێدەچێ DTP ڕێژەی ٧٠٪ی دەنگەكان بۆ خۆی ببات؟**

- دیاربەكر سیمبوڵی ئاشتی و ئازادی و بەرخودانە. دیاربەكر قەڵایەكە بۆ ئێمەی كورد، بۆیە هەرگیز ناهێڵین ئەو قەڵایە بكەوێت. كێشەی ئێمە ئەوە نییە كە ببینە سەرۆك شارەوانی، بەڵام ئەگەر ئێمە كورسی شارەوانییەكانی دیاربەكر، دێرسیم، باتمان بدۆڕێنین، ئەوا هیچ واتایەك بۆ خەبات و تێكۆشانی گەلی كورد نامێنێتەوە.

*** ئەمجارە پارتەكەی نەجمەدین ئەربەكان، پارتی سەعادەتی ئیسلامی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان دەكات. ئایا ئەمە هیچ كاریگەری لەسەر كەمكردنەوەی دەنگەكانی AKP دەبێت لە ناوچە كوردنشینەكان؟**

- بێگومان بەشداریكردنی پارتەكەی

ئەربـــەكان وا دەكات هەنـــدێ لە دەنگەكانی AKP دابەش ببێت، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە لایەنگرانی AKP لە چەند ساڵی رابردوودا لە ئەدای پارتەكەیان رازی نین، بۆیەچاوەڕێ دەكرێت ئەمجارە پارتی سەعادەت لە هەندێ ناوچەدا كێبركێ لەگەڵ AKP دا بكات.

*** ئێوە دوای ســـەردانەكەتان بۆ لای هەردوو بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی چ هیوایەكتان بە رۆڵ و پێگەی ســـەركردایەتی هەرێمـــی كوردســـتانی عێـــراق هەیـــە لە چارسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا؟**

- هەڵبەتـــە، رۆڵـــی هەرێمی كوردســـتان و سەركردایەتییەكەی لەم بوارەدا زۆر گرنگە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك بزانێت هەتاكو گەلی كورد لە رۆژهەڵاتی ناویـــدا نەبێتە خاوەن ماف و ســـتاتۆیەكی ئازاد ئەوا ئاشـــتەوایی و برایەتی نێـــوان گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین مەحاڵ دەبێت، بۆ چارســـەری ئاشتیانەش دەبێـــت پرۆژەیەكـــی ئاشـــتی هەبێـــت كە میكانیزمەكانی گونجاو و رۆشـــن بن، ئێمە دەخوازیـــن كۆنفرانســـێكی نەتەوەیی گرێ بدرێت بۆ چارەســـەركردنی كێشـــەی كورد لە رۆژهەڵاتی ناوین و توركیا، بەشـــێوەیەك كوردان لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین ببنە خاوەن ماف و ناسنامە و زمان و ئیرادەی ئازادانەی خۆیان. بۆ ئەمەش ئێمە لە باكوور هەمیشـــە دەرگامان بۆ رێبازی ئاشتی و دیموكراسیانە كراوەیە. من پێموایـــە، هەتاكو گەلی كورد یەكێتـــی ریزەكانی خۆی رێـــك نەخاتەوە و مەرجەعێكی نەتەوەیی نەبێت كە سیاســـەتی نەتەوەیی بەڕێوە ببات ئەوا لەســـەر ئاســـتی كۆڕ و كۆبوونەوە و كۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا پێگەمان لاواز دەبێت، بۆیە كورد پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەكی نەتەوەیی هەیە كە سیاسەتی نەتەوەیی بەڕێوەببات و بەشێوەیەك بڕیارەكانی ئەو دەزگایە لە ســـەرووی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەكانەوە بێت.

*** ماوەیەكـــە ترافیكێكـــی دیبلۆماســـی نەرم لە نێوان هەرێمی كوردســـتان و توركیا هەیە، بەشـــێوەیەك چاودێـــران پێیانوایە ئەم پێوەندییـــە دۆســـتانەیە كاریگـــەری دەبێت لەسەر خاوكردنەوەی گرژییەكان و دواجاریش تواندنەوەی بەســـتەڵەكی نێـــوان هەردوولا، ئایا ئێوە لەباكووری كوردســـتان ئایندەی ئەو پێوەندی و نزیكایەتییە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**


- ئێمە دەمانەوێ باشـــووری كوردستان، كە بۆتە خاوەنی قەوارەیەكی فیدراڵی دانپیانراو لەعێراق، لەنێو پێوەندی و جموجۆڵێكی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ئینسانی بەهێز دابێت لەگەڵ توركیا. بەڵام ئێمە پێمانوایە دەبێ ئەو پێوەندیيانـــە كراوە بن، نەك تەمومژاوی بێت و گومان لەلای كوردەكانی باكوور دروستبكات و لەســـەر حیسابی بزووتنەوەی سیاسی كورد لەتوركیا تەواوبێت، ئێمە هیچ لاریمان لەو جۆرە پێوەندییانە نییە ئەگەر بێتو بەشێوەیەكی كراوە ئەنجام بدرێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی و برایەتیدا، بەڵام كاتێك ئەو پێوەندییانە داخراو و نارۆشـــن بێت ئەوا بەراستی بۆ ئێمە زۆر زەحمەت و دژوار دەبێت.

*** پلاتفۆرمـــی ئابانت ماوەیـــەك لەوەوبەر لەهەرێمی كوردســـتان كۆنفرانسێكی لە پێناو دیالـــۆگ و لێكتێگەیشـــتنی زیاتری نێوان هەولێـــر و ئەنقـــەرە گرێدا، ئێـــوە گرێدانی وەها كۆنفرانســـێك كە لەلایـــەن بزووتنەوەی**

**فەتحوڵـــلا گولەن پشـــتیوانی دەکرێ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئێمە لە تورکیا هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان باش دەناسین، بەتایبەت ئەوانەی بە ماسکی ئایینـــی کـــوردان هەڵدەخەڵەتێنن. فەتحوڵڵا گولەن کــە پلاتفۆرمی ئاباتنی دامەزراندووە و پشـــتیوانی ماددی و مەعنەوی ئەو وەقفە دەکات و بـــۆ ئەمەش کۆمەڵێك نووســـەری دیـــار و بەرچاوی لەخۆیان کۆکردۆتەوە و، بانگەشەی ئەوە دەکات کە قوتابی و پارێزەری بیر و ڕێبازی مەلا ســـەعیدی نەورەســـییە، بـــەلام هەموو کەس دەزانێـــت کە فەتحوڵڵا گولەن دەڵێت ئەگەر ســـەعیدی نەورەســـی کورد نەبووایـــە مرۆڤێکی چەندە گەورە بوو. ئەوان بـــەردەوام لە باکوور بـــە کوردان دەڵێن ئێوە هەمووتان موســـڵمانن و پێویستە وەلائی ئایینتان پێش وەلائی نەتەوەیتان بخەن، بەمەش هانی کوردان دەدەن لە ناسنامە و کولتووری کوردایەتی دوور بکەونەوە. تا ئێســـتا دەیان تاوانـــی چەپەڵیان ئەنجام داوە و وشـــەیەکی کوردیـــان لە زار دەرنەچووە، خێرە ئەمرۆ دێن لەســـەر ناوی کوردان پلاتفۆرمی ئاشـــتی و دیالـــۆگ بەڕێوە دەبەن. بۆیە بەڕاســـتی ناتوانم متمانەی خۆمیان پێ ببەخشـــم. من پێموایە ئێمە لەبری پلاتفۆرمی ئابانت، زیاتر پێویستیمان بە پلاتفۆرمی کوردی و کۆنفرانسی نەتەوەیی هەیە، بەرژەوەندی کوردیش هەر لەو کۆنفرانســـە نەتەوەییە دەبینیـــن، لەبەرئەوەی ئامانجی دوورمەودای جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن ئەوەیە شـــەڕی کـــوردی باکوور بە کوردی باشـــوور بکەن و وا لەسەرکردایەتی باشـــوور بکەن پشـــتگیری سیاســـەتەکانی AKP بکـــەن. پلاتفۆرمـــی ئابانت بانگی ئێمەشیان کرد، بەڵام پێمان گوتن کە ناتوانین بەشـــداری لەوەها کۆنفرانســـێکدا بکەین کە هەندێکیان رابردوویـــان لەنێو کوردی ئێمەدا باش نەبێت و هەندێ کەســـی ساختەکار لە پشتەوەی بن. ئەوان هەوڵیاندا ئەو پلاتفۆرمە لە دیاربەکریش بەڕێوە ببەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. لەبەر ئـــەوەی ئاباتنییەکان دەیانەوێ ئەقڵیەتی کـــوردان خراپ بکـــەن و درزێك بخەنـــە نێو یەکێتی ڕیزەکانی کورد لە باکوور و باشـــوور. هاوکات ئێمە بەشداری نەکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-یش لەو کۆنفرانســـە بـــەرز هەڵدەســـەنگێنین. هەرچەنـــدە ئێمە پێمانوایە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بەرژەوەندی هاوبەشی خۆی و پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا پەرە پێبدات، بەڵام بەمەرجێك لەسەر حیســـابی کوردەکانی باکوور نەبێت و دەبێ پێوەندییەکانی شەفاف و کراوە بن.

پرۆفیسۆر فوئاد عەجەمی ناوێکی ناسراوە و یەکێکە لە دامەزرینەرانی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و لە حکومەتی ئەمریکیشدا راوێژکاری کۆندالیزا رایسی ئەمریکا بووە و لە پۆل ۆلفۆڵتیزی جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکاش نزیك بووە، بەرێز عەجەمی بە حوکمی ئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان کەسایەتێکی نەناسراو نییە بۆیە زۆر لەسەر ناساندی بەخوێنەرانمان راناوەستین و بۆ قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە عێراقدا، ئەمجارەش پەیوەندییمان بە بەڕێز فوئاد عەجەمی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.




## فوئاد عەجەمی بۆ گوڵان:

# هیچ کێشەیەک لە عێراقدا ئەمەریکا ناچاری دەستێوەردان ناکاتەوە، بۆیە من گوێ لە خودی ئۆباما و نانسی پلۆسی دەگرم دەربارەی بایەخنەدانیان بە عێراق

**• چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت، هەروەها تێڕوانینت لەسەر سیاسەتی ئۆباما چییە لە ئاست عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتییەکە، دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە هەرگیز شەڕی عێراق، شەڕی بەڕێز ئۆباما نییە، عێراق جێی سەرنجڕاکێشانی ئۆباما نییە، چونکە تەنیا یەکجار سەردانی عێراقی کردووە و ئەوەش گەشتێکی خۆش نەبوو بۆ ئەو، شەڕی عێراق شەڕی بەڕێز بۆش بو بەلای ئۆباماوە. بەلای لیبراڵەکانی ئەمەریکاوە شەڕی عێراق شەڕێکی خراپە و شەڕی ئەفغانستان شەڕێکی باشە، ئەمە گۆشەنیگای لیبراڵەکانی واشنتۆنە لە نێویاندا ئۆباما و جێگری سەرۆک، جۆزیف بایدن و کەسانی دەوروبەریان، واتە ئەوان بڕوا بەو بیرۆکەیە دەدەن کە شەڕی عێراق شەڕێکی ئیختیاری بوو، واتە جۆرج بۆش شەڕی عێراقی هەڵبژارد، لە کاتێکدا لە ڕوانگەی ئەوانەوە شەڕی ئەفغانستان شەڕی زەرورەت بوو، واتە پێویست بوو شەڕەکە بکرێت. ئێمە دەبێت ڕێز لە حوکمی دیموکراسی بگرین، من دەنگم بۆ جۆن مەککین دا لەبەر ئەوەی مەککین پابەندبوو بە پڕۆژەی عێراقەوە، پابەندبوو بە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا، بەڵام ئۆباما باوەڕی بەم مەسەلەیە نەبوو، هەروەها ڕاستگۆیانە ئەمەی ڕاگەیاند، ئۆباما لەو باوەڕەدانییە کە عێراق شانۆ و گۆڕەپانی شەرعی شەڕی دژە تیرۆربێت، جۆن مەککین بڕوای بە سیاسەتی زیادکردنی هێزەکاندا، مەککین پێی وابوو عێراق بەرەیەکی سەرەکییە لە شەڕی دژە تیرۆردا، واتە گرنگی بە عێراق دەدا. بەڵام لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاندی، لە بنەڕەتدا هاتنی ئۆباما بۆ بۆژاندنەوە و چاککردنەوەی ڕەوشی ئابووری وڵاتەکەیە، حاڵی حازر ئەمەریکا شەکەتە، هیلاکە و سەرقاڵە بە ئەولەوییاتەکانی خۆیەوە، بە نیگەرانییەکانی خۆیەوە، بە بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکارییەوە، بە چارەنوسی بانقەکان و بە باوردۆخی داراییەوە، واتە لە ئەمەریکا هەستی شەکەت بوون و هەستی دڵەڕاوکێ لە ئارادایە، لەبەر ئەوە ئۆباما و ڕای گشتی ئەمەریکا ئەوە پەسەند ناکەن ئەمەریکا شەڕێکی دەرەکی بکات و بارگرانی و بەرپرسارێتی وڵاتێکی دیکە بگرێتەئەستۆ، ئەمڕۆ ئۆباما بە تێروتەسەلی سیاسەتی خۆی لە بارەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە لە عێراقدا ڕادەگەیەنێت، ڕەنگە تەنها ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە عێراقدا بهێڵێتەوە تا ئابی ساڵی ٢٠١٠ کە هێزی جەنگاوەرنین، لەبەر ئەوە پێم وایە هەر لە ئێستاوە ڕۆژگاری دوای ئەمەریکا، پاش ئەمەریکا لە عێراقدا دەستی پێکردووە، هەروەها ئۆباما خۆشبەختە لەبەر ئەوەی دەتوانێت دەست بە کشاندنەوەی هێزەکانی بکات لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی سیاسەتی بۆش لە عێراقدا و ستراتیژییەتی زیادکردنی هێز بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتووبوونە، بەو پێیە سەردەمی دوای ئەمەریکا لە عێراقدا دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوەی چیتر ئەمەریکا ڕۆڵی باڵادەست نابینێت لە عێراقدا، ٥٠،٠٠٠ سەرباز ئەوەندە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری بۆ ئەمەریکا دەستەبەرناکات لە عێراقدا کە دەیەوێت، بەڵام ئەمە بەلای ئۆباماوە گرنگ نییە، ئۆباما بە ئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاندووە و ئەمەش شتێکی نهێنی نییە.

بەم شێوەیە سەیری مەسەلەکە بکە، جۆرج بۆش کەسایەتییە عێراقییەکانی دەناسی و پەیوەندی هەبوو لەگەڵیاندا، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، نوری مالیکی، واتە تێکڕای کەسایەتییەکانی عێراقی دەناسی، عێراق و شەڕی عێراق کێشەی جۆرج بۆش بوو، نەك کێشەی ئۆباما، ئۆباما لەم ڕووەوە ئازادە و ئەم پابەندبوونانەی نییە، لە ڕاستیدا ئۆباما پابەندبوونێکی گشتی هەیە کە ئەو هەوڵ و کۆشش و سەرچاوانەی لە عێراقدا خراونەتەگەڕ دووبارە لە ئەفغانستاندا بەکاریان بهێنێتەوە، لە شەڕە ئیجابییەکەدا، بەلای ئۆباماوە بەرەی سەرەکی شەڕی دژە تیرۆر پاکستان و ئەفغانستانە.

**• لە نیویۆرك تایمزدا، کینیس پۆلاك و مایکڵ ئۆهانلۆن، وتارێکیان نووسیوە و ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ عێراق ساڵێکی سەخت دەبێت، بە تایبەتی بەهۆی کێشەی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- بۆ ئەوەی ڕاشکاوبم لەگەڵتاندا من زۆر موعجیبی ئەم دوو کەسەنیم، ئێوە دەتوانی ئەمە بڵاوبکەنەوە بە ناوی منەوە، چونکە ئەوان لەسەرەتادا دژی شەڕەکەبوون و پێیان وابوو شەڕی عێراق بڕیارێکی هەڵەبوو، بەڵام دواتر کە سەردانی عێراقیان کرد بیروبۆچوونی خۆیان گۆڕی، من ئەم وتارەم خوێندۆتەوە، ئەمە تەنها بیروبۆچوونێکە، کە پێیان وایە دەبێت ڕەوتی پاشەکشەکە خاوبکەینەوە، بەڵام ئەوان باسی بایەخپێنەدانی ئیدارەی ئۆباما ناکەن بۆ خوێنەرەکانیان، ئۆباما خوازیاری شکستهێنانی عێراق نییە، بەڵام عێراق شەڕی ئۆباما نییە و ئەو ڕایگەیاندووە کە پاشەکشە بە هێزەکانی دەکات و تەنیا ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە عێراقدا دەهێڵێتەوە، بەڵام تەنانەت سەرۆکی ئەنجوومەنی زۆرینەی دیموکراتەکان کە سیناتۆری ویلایەتی نیڤادایە، هێری ڕید و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی نانسی بیلوسی ڕایانگەیاندووە ئەوە ژمارەیەکی زۆرە بۆ ئەوەی لە عێراقدا جێگیربکرێن، لەبەر ئەوە من وتارەکانی ئەم دو کەسە ناخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە هەڵوێست و سیاسەتی ئۆباما تێبگەم لە ئاست عێراقدا، من گوێ لە خودی ئۆباما و نانسی بیلۆسی و دیموکراتەکان دەگرم دەربارەی بایەخنەدانی ئۆباما بە عێراق.

**• ئایا ئۆباما تەنیا لەبەر ئەوە بایەخ بە عێراق نادات، چونکە شەڕەکە شەڕی جۆرج بۆش بووە و ئێستاش ئۆباڵەکەی دەکەوێتەئەستۆی بۆش؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، ئۆباما لەم ڕووەوە خۆشبەختە، لەبەر ئەوەی عێراق ڕێگای شکستهێنانی نەگرتۆتەبەر و شکست ناهێنێت، بەهۆی سەرکەوتنی سوپای ئەمەریکاوە لە عێراقدا، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕوویان داوە، هەروەها لە پێگەیەکی زۆر باشدایە بۆ ئەوەی بتوانێت بایەخ و کۆششەکانی لە عێراقەوە بگۆڕێت بۆ پاکستان و ئەفغانستان، عێراق نابێتە حاڵەتی شکستێکی گەورە، هەروەها ئەگەر لە عێراقیشدا گیروگرفت ڕوویاندا، ئەوا هەڵوێست و کاردانەوەی دیموکراتەکان ئەوەدەبێت کە دەڵێن بڕوانە، ئەوە عێراقە لەوە زیاتر چی پێشبینی دەکەن.

**• لە حاڵەتی شەڕی ناوخۆیی و تائیفی نێوان شیعە و**

●●●

**هەرگیز شەڕی عێراق، شەڕی بەڕێز ئۆباما نییە، عێراق جێی سەرنجڕاکێشانی ئۆباما نییە، چونکە تەنیا یەکجار سەردانی عێراقی کردووە و ئەوەش گەشتێکی خۆش نەبوو بۆ ئەو**

●●●

●●●


**شەڕی عێراق کێشەی جۆرج بۆش بوو، نەک کێشەی ئۆباما، ئۆباما لەم ڕووەوە ئازادە و ئەم پابەندبوونانەی نییە، بەلای ئۆباماوە بەرەی سەرەکی شەڕی دژە تیرۆر پاکستان و ئەفغانستانە**

●●●

**ئۆباما خوازیاری شکستهێنانی عێراق نییە، بەڵام ڕایگەیاندووە کە پاشەکشە بە هێزەکانی دەکات و تەنیا٥٠،٠٠٠ سەرباز لە عێراقدا دەهێڵێتەوە، باوەڕتان وانەبێت شەڕی کورد و عەرەب وەک موگناتیس ئەمەریکا رادەکێشێتەوە بۆ ناو عێراق**

**ئەگەر شەڕی نێوان کورد و عەرەب بەرپابێت، ئەوا یەکەمجار دەبێتە کارەساتێکی نیشتمانی دواتریش ئەمە نابێتەهۆی دەستێوەردانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە لە عێراق دەڕوانرێت کە جێی ئۆمێد نییە و دەڵێن ئێمە ٤٠٠٠ سەرباز و دەیەها ملیار دۆلاری خۆمان کردە قوربانی بۆ عێراقییەکان، بەڵام بڕوانن چۆن رەفتار دەکەن**

**کاریگەری گێلانەیە ئەگەر هەوڵی رزگارکردنی عێراق بدرێت لە گیروگرفتەکانی، من ئەمە دەڵێم و رۆژگاریش دەیسەلمێنێت کە هیچ کێشەیەک لە عێراقدا ئەمەریکا ناچاری دەستێوەردانی ناکاتەوە لەم وڵاتەدا**



**کوردەکان رۆڵی میانگیرییان بینی، بەڵام دوای هێوربوونەوە بارگرژییەکان، مالیکی هەڵوێستەکانی خۆی لە ئاست کوردەکاندا گۆڕی، بۆ نموونە ئێستا بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشبینی شەڕی کورد و عەرەب دەکرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا رۆڵی ناوبژیوانی نابینێت؟**

- ئەگەر شەڕی نێوان کورد و عەرەب بەرپابێت، ئەوا یەکەمجار دەبێتە کارەساتێکی نیشتمانی بۆ تێکڕای عێراقییەکان، بۆ کورد و بۆ عەرەبەکانیش، هەروەها ئەمە نابێتەهۆی دەستێوەردانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە لە عێراق دەڕوانرێت کە جێی ئۆمێد نییە و دەڵێن ئێمە ٤٠٠٠ سەرباز و دەیەها ملیار دۆلاری خۆمان کردە قوربانی بۆ عێراقییەکان، بەڵام بڕوانن چۆن رەفتار دەکەن، ئەمە دەبێتەهۆی سەلماندنی بیرووبۆچوونی دیموکراتەکان، ئەوانەی پەرۆشی شەڕی عێراق نەبوون، ئەمە تەنیا دەبێتەهۆی پشتڕاستکردنەوەی ئەو باوەڕەی کە نەتەوەیەك نییە بە ناوی نەتەوەی عێراقەوە، هەروەها وڵاتێك نییە بە ناوی عێراقەوە، بەڵکو وڵاتی کوردەکان و وڵاتی سوننەکان و وڵاتی شیعەکان هەیە، لەبەر ئەوەی کارێکی گێلانەیە ئەگەر هەوڵی رزگارکردنی عێراق بدرێت لە گیروگرفتەکانی، من ئەمە دەڵێم و رۆژگاریش دەیسەلمێنێت کە هیچ کێشەیەك لە عێراقدا ئەمەریکا ناچاری دەستێوەردانی ناکاتەوە لەم وڵاتەدا، بڕیاری کشاندنەوە لە عێراقدا دراوە، پابەندبوونی ستراتیژیی بە پاشەکشەکردن لە عێراقدا دراوە و باوەڕتان وانەبێت شەڕی کورد و عەرەب وەك موگناتیس ئەمەریکا رادەکێشێتەوە بۆ ناو عێراق، ئەمەریکا پێویستی بە هێز هەیە بۆ ئەوەی رەوانەی ئەفغانستانییان بکات، بۆ شەڕە ئیجابییەکە، شەڕی ١١ی سێپتەمبەر، شەڕی ئەو وڵاتانەی هێرشبەرانی ١١ی سێپتەمبەر مەشقیان تێداکرد، بۆ ئەمەش پێویستییان بە کشاندنەوەی هێزەکان هەیە لە عێراقدا، من دووبارە دەکەمەوە شەڕ و کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان ئەمەریکا پەلکێش ناکاتەوە بۆ عێراق، بە پێچەوانەوە گوڕ و تین دەدات بەو کەسانەی خوازیاری ئەم کشاندنەوەیەن بۆ ئەوەی بە رەوتێکی خێراتر ئەم پاشەکشەیە ئەنجام بدەن، هەروەها بە تێڕوانینی من کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکاتە شتێکی راستەقینە.

**• ئەگەر ئەمەریکا کێشەکانی عێراق چارەسەرناکات، ئایا کشاندنەوەی بەرپرسیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

- باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراقدا، رایان کرۆکەر کە کەسێکی سەرنجڕاکێشە و باش لە بارودۆخی عێراق تێگەیشتووە و بایەخیش بە عێراقدا دەدات، رایگەیاند کە چۆن لە عێراقدا دەکشێینەوە و چی لە دوای خۆمان جیدەهێڵین لەوە گرنگترە کە چۆن هاتینە ناو عێراقەوە، ئەوە گرنگ نییە لەبەرچی هاتینە ناوعێراقەوە هێندەی ئەوە گرنگە کە لەدوای کشانەوەمان چی لە عێراقدا جێدەهێڵین، گرنگە چیرۆکی سەرکەوتن لە دوای خۆمان جێبهێڵین، ئەو کاتە خوێنی ٤٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی و دەیان ملیار دۆلار بە هەدەرنەچوە، ئەو کاتە ئەمەریکا قوربانی بۆ کێشەیەکی بەرز و پیرۆز داوە. ئەگەر کورد و عەرەبەکان ریز لە ئازادی و دەرفەت نەگرن کە ئەمەریکا بۆی رەخساندون، ئەگەر کێشەیان لە نێواندا دروست بێت ئەوا مەسەلەکە ئەوە نابێت ئایا ئەمەریکا هێزی زیاتر رەوانەی عێراق دەکات یان لە عێراق دەمێنێتەوە، بەڵکو ئەمە تەنها رەوتی کشاندنەوەی هێزەکان خێراتردەکات، بەلای منەوە گرنگ نییە پولاك و ئۆهانلۆن چی دەڵێن، من گوێ لە دیموکراتەکان خۆیان دەگرم لەم رووەوە، من چاودێری بارودۆخە ئابوریەکە دەکەم، ئەمەریکیەکان سەرقاڵی چاودێری کردنی ئەو هەرەسە و داتەپینە ئابوورییەن کە رودەدات، هەرەسی بانقەکان و کۆمپانییاکان، ئەوا زۆر لەوە ماندووتر و شەکەتترن ببنە بەشێك لە کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان، متمانەتان هەبێت ئەمەریکا دەستێوەردان ناکاتەوە لەم رووەوە، خەڵکی ئەمەریکا دەیانەوێت ئەو پارە و داهاتەی لە عێراقدا خەرج دەکرێت لە پێداویستی و پرۆژەکانی خۆیاندا خەرجبکرێتەوە، ئەوان چاودێری وردەکارییەکی بارودۆخی عێراق ناکەن، مانشێتی رۆژنامە و بابەتی سەرەکی گفتوگۆ تەلەفزیۆنییەکان عێراق نین، بەڵکو ئەو کێشە و قەیرانە داراییەی کە لە ئەمەریکادا هەیە، ئەمە لە ساڵانی ٢٠٠٤ وە تا ٢٠٠٧ راست بوو، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکییەکان پێیان وایە کێشەی عێراق و شەڕی عێراق بوونە بە رابردوو، ئیدارەی ئۆباماش لە سیاسەتی دەرەوەیدا بایەخ بە شەڕی دەرەکی نادات، ئەگەر بایەخیش بدات بە شەڕی ئەفغانستانی دەدا. هەر لە بنەڕەتیشدا خەڵکی ئەمەریکا لەبەر ئەوە دەنگییان بۆ ئۆبامادا چونکە بەڵێنی کۆتایی پێهێنانی شەڕی عێراقی دابوو لە ماوەی ١٦ مانگدا، ئێستا پێدەچێت لە ١٩ مانگدا کۆتایی پێبێنێت، من پێم وانییە هیچ شتێك ئەمە بگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر بارودۆخی عێراقی ئاڵۆزبێت، ئەم خشتەیە تێکنادرێت، رەنگە کەسێکی وەك من، یان ئێوە بەمە خۆشحاڵ نەبن، رەنگە بەلای منەوە عێراق بەرەی سەرەکی

شـــەڕی دژە تیرۆر بێت، بەڵام لـــە ئەمەریکا هەڵبژاردن کرا و کەسانێك هاتونەتە سەردەسەڵات کە زۆر دژی شەڕی عێراقن، ئەگـــەر ئیدارەکە بایەخ بدات، بایەخ بە ســـەرکەوتنی ئەرکی ریتچارد هۆلبرۆك دەدات لە ئەفغانستان و پاکستاندا.

**● ئەگـــەر بارودۆخی عێراق ئاڵۆز بوو، هەروەها هەروەك رایان کرۆکەر رایگەیاند کە گرنگە ئەوەیە چ عێراقێك جێدەهێڵین لە دوای خۆمانەوە، بە هەمان شێوە فەرمانده سەربازییەکان پێیان وایە هێشـــتا شـــەڕی عێراق کۆتایی نەهاتووە و باوردۆخەکە نەگەیشـــتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویست بە هێزەکانی ئەمەریکا نـــەکات، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایـــا پێداگیری ئۆباما لەســـەر کشاندەوەی هێزەکان نابێتەهۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە، جارێکیان جۆرج بۆش وشـــەی " بڕیاردەر"ی بەکارهێنـــا، گوتی مـــن بڕیاردەرم، ئەوانەی جۆرج بۆشـــیان خۆشنەدەویســـت گوتیان ئەمە ترۆپکی غرورە جۆرج بۆش ئەم وەســـفە بداتە پاڵ خۆی، بەڵام ئێســـتا کەسێك بە ناوی باراك حوسێن ئۆباماوە هەمان دەسەڵاتی بۆشی هەیە، ئەو بڕیاردەرە، فەرماندە سەربازیەکانی راســـپاردە بەرزدەکەنەوە، بەڵام ئۆباما بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە دەدا. ئۆباما لە کەمپێکی سەربازیەوە بڕیارەکـــەی خـــۆی راگەیاند ئەمە چـــی دەگەیەنێت، ئەمە دوپاتکردنەوی دەسەڵاتی مەدەنی بەسەر دەسەڵاتی سەربازیدا، دوپاتکردنەوەی ئەو راســـتیەیە کە ئەو بڕیار لە سیاسەت دەدا. هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتیەکان هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ گـــۆڕان لە کەرتـــی تایبەتیەوە بۆ کەرتی گشـــتی لە بواری ئابووریدا، لە شـــەڕی عێراقەوە بۆ شـــەڕی ئەفغانســـتان لە سیاســـەتی دەرەوەدا، ئەگەر کورد و عەرەبەکان لەو باوەڕەدابن کە پشـــێوی و خوێنڕێژی لە عێراقدا بە چەشنی موگناتیس ئەمەریـــکا پەلکێـــش دەکەنەوە بـــۆ عێراق ئـــەوا دووچاری نائومێدی دەبنەوە، ئۆباما کەســـێکی سەرســـەختە و پێی وایە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەســـتهێناوە لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ گۆڕینی ئەولەویاتەکانی ئەمەریکا لە سیاسەتی دەرەکیەوە بۆ سیاسەتی ناوخۆیی، هەروەها لە سیاسەتی دەرەوەدا لە عێراقەوە بۆ ئەفغانســـتان، جیاوازیەکەی لەگەڵ جۆرج بۆشدا ئەوەیە کە بۆش بایەخی بە عێراق دەدات بە گۆڕەپانی ســـەرەکی شەڕی دژە تیـــرۆری دەزانی، بەڵام ئۆباما بەم شـــێوەیە بیرناکاتەوە، جـــۆرج بۆش بایەخـــی بە رزگارکردنی لوبنـــان دەدا لە دژی دەسەڵاتی سوریا، ئۆباما ئەم تێڕوانینەی نییە، بۆش پێی وابوو ئێران هێزێکی شـــەڕخوازە، ئۆباما پێی وایە دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات، ئۆباما لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، هەروەها دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەراندا باڵادەستن، لەبەر ئەوە پێموانییە هیچ شتێك هەڵوێستی ئۆباما بگۆڕێت لە ئاست عێراقدا.

**●هەڵبژاردنـــە پەرلەمانییەکان لە عێراقـــدا ئەنجام دەدرێن، بە دڵنیاییەوە هەموو جۆرە مەترســـیەك لـــە ئارادایە لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە هێشتا لەرزۆکە، هەروەها رەنگە هەندێ لە پارتەکان کشـــانەوەی هێزەکانـــی ئەمەریکا بکەنە بەشـــێك لە بەرنامە هەڵبژاردن و پەنابردنە بەر توندوتیژی، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا چـــۆن لەم بارودۆخە هەســـتیارەدا، ئەمەریکا ئەم کارتە دەداتە دەستی توندڕەوەکان؟**

- لە عێراقدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، بەڵام خەڵکی ئەمەریکا چاودێـــری ئەم هەڵبژاردنانەی نەکرد و بایـــەخ و گرنگیشـــیان پێنەدا، ئیـــدارەی ئۆباما خوازیاری ســـەرکەوتنی عێراقـــە، بەڵام نـــەك ســـەرکەوتنێکی گەورە چونکـــە فەزڵەکەی بۆ بـــۆش دەگەڕێتەوە، بـــەڵام خوازیارە ئەوەندە ســـەرکەوتوبێت بتوانێت لەم وڵاتە بکشێتەوە، ئۆباما لە وتاری ســـەرۆکایتیەکەیدا رایگەیاند کاتی ئەوە هاتووە عێراق بۆ عێراقیـــەکان خۆیان جێبهێڵین، ئەمـــە واقیعەکەیە خەڵکی ئەمەریـــکا و گەلی ئەمەریکا دەنگـــی بۆ ئۆباما داوە، حاڵی حازر کەســـانێك جیاواز لە کۆشکی سپی و لە ئەنجومەنەکانی پیـــران و نوێنەراندان، جۆزێف بایدن بە چەشـــنی دیك چینی بیرناکاتەوە، هیـــلاری کلینتۆن کە دەنگی بۆ بڕیاری شـــەڕ لە دژی عێراقدا، هەوڵیدا خۆی لەو مەســـەلەیە دووربخاتەوە، من دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کـــە ئەمەریکا بە بارودۆخێکی ئابووری زۆر ســـەختدا تێدەپەڕێت، من هـــەر لە گەنجێتیمەوە لە ئەمەریکام، تا ئێســـتا ئەم حاڵەتی نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەم نەبینیـــوە لە ناو خەڵکی ئەمەریکادا، ئەوان کە بەیانیان لە خەو هەڵدەســـتن بیر لە کار و بەدەستهێنانی چاودێری تەندروستی و دوارۆژی منداڵەکانیان دەکەنەوە، لەهەلومەرجێکی ئاوادا خەڵك کات و تاقەتی نامێنێت چاودێری بارودۆخی شـــوێنێکی وەك هەرێمی کوردســـتان، یان تەنانەت ئەفغانســـتان و پاکستانیش بکەنەوە، ئۆباما گوزارشـــت لەم حاڵەتە، لەم هەســـتی ترس و نیگەرانییە دەکات.

**● دوا وتەت بۆ باردۆخی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- من باوەڕم بە کوردســـتان هەیە، باوەڕم بەوە هەیە کوردستان دەتوانێت شـــتێکی زۆر پێشـــکەش بە عێـــراق بکات، خەڵکی کوردســـتان دەرســـیان لە مێژووی پڕ لە مەرگەساتی خۆیان وەرگرتووە، ئەوان خەڵکێکی هاوچەرخ و واقیعین، هەوڵ دەدەن جیهانێکی نوێ لە خۆڵەمێشـــی ئەو کارەســـات و رووداوانەی بەسەریاندا لەسەر دەســـتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، ســـوریا، تورکیا و ئێراندا هاتووە دروست بکەن. من لەم رووەوە پشـــتیوان و هاوسۆزی خەڵکی کوردستانم، بەڵام دەبێت ئێوەی کورد ئەو راســـتییە بزانن کـــە حاڵی حازر لە ئەمەریکا هەڵوێستی خۆدورخســـتنەوە و دابڕان هەیە لە عێراق، ئەمەش شتێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە بەشداربونێکی سیاسی و ئەخلاقی زیاتری ئەمەریکا هەیە لەم کاتەدا، هیلاری کلینتۆن کاتێك لە چین بوو باسی لە رەوشی مافەکانی مرۆڤ نەکرد، نەك هەر ئەوە بەڵکو رایگەیاند کە مەســـەلە ستراتیژی و ئابووریەکانـــی نێوان ئەو دوو وڵاتە لـــە مافەکانی مرۆڤ گرنگترن، ئەو راســـتیەکی تاڵی ژیانە، کە لەگەڵ رۆیشتنی بۆشدا، دیبلۆماسیەتی ئازادیشی لەگەڵ رۆیشت، ئەو واقیعە ناخۆشەی دەبێت موسڵمانەکان لێی تێبگەن ئەوەیە جۆرج بۆش دۆســـتی ئازادی بوو، بەڵام ئەم ســـەرۆکە نوێیەی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست بایەخ بەم مەسەلەیە نادات.

**●●●**

**هەرەسی بانقەکان و کۆمپانیپاکان، ئەوا زۆر لەوە ماندووتر و شەکەتترن ببنە بەشێک لە کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان، متمانەتان هەبێت ئەمەریکا دەستێوەردان ناکاتەوە لەم رووەوە، خەڵکی ئەمەریکا دەیانەوێت ئەو پارە و داهاتەی لە عێراقدا خەرج دەکرێت لە پێداویستی و پرۆژەکانی خۆیاندا خەرجبکرێتەوە**

**●●●**

**●●●**

**لە بنەڕەتیشدا خەڵکی ئەمەریکا لەبەر ئەوە دەنگییان بۆ ئۆبامادا چونکە بەڵێنی کۆتایی پێهێنانی شەڕی عێراقی دابوو لە ماوەی ١٦ مانگدا، ئێستا پێدەچێت لە ١٩ مانگدا کۆتایی پێبێنێت، من پێم وانییە هیچ شتێک ئەمە بگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر بارودۆخی عێراقی ئاڵۆزبێت، ئەم خشتەیە تێکنادرێت**

**●●●**

**●●●**

**دەبێت ئێوەی کورد ئەو راستییە بزانن کە حاڵی حازر لە ئەمەریکا هەڵوێستی خۆدورخستنەوە و دابڕان هەیە لە عێراق، ئەمەش شتێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە بەشداربوونێکی سیاسی و ئەخلاقی زیاتری ئەمەریکا هەیە لەم کاتەدا**

**●●●**

ئایا هەموو پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان تەنها یەک بەڵگەیان لایە بۆ خەڵکی کوردستانی بڵاو بکەنەوە، کە تاکێکی کورد یان کوردستانی سووکایەتی بە عەقیدە وئیمانی موسڵمانیەتی کورد کردبێت؟

نابێت دەقە پیرۆزەکانی قورئان بۆ پروپاگەندەی حزبی بەکاربهێنرێت

یەکگرتووی ئیسلامی ئازادە هەر ئایدۆلۆژیەتێک دەکاتە بەرنامەی سیاسیی خۆی، بەڵام ئازاد نییە بە ئایدۆلۆژیەتەکەی سووکایەتی بە کەرامەتی کورد بکات

ئەوانەی بە ناوی ئایینەوە رەشبەڵەک و فۆلکلۆری کوردیمان لێ قەدەغە دەکەن و رێگەمان لێدەگرن کە شانازی بە مازووچنینی لادێ و داستانە دڵدارییەکانی مەم وزین و خەج وسیامەند لەبیری نەوەکانی داهاتوومان بباتەوە، ئەوە شایستەی ئەوەنییە لە کوردستانی مەم وزیندا بە ئازادی بژی



# ئیسلام لای کورد عەقیدەو ئیمـ
# بە دەنگهێنانی ئەو راستییەی لە نێو گوتارە

(ولوشاء ربك لجعل الناس امة واحدة)❊
(ئەگەر خوا بیویستایە هەموومانی دەکرد بەیەك نەتەوە) ئەوەی نێوان ئەو دووکەوانەیە پەیامی پەروەردگارە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و ئەگەر پەروەردگار بەبەرژەوەندی بزانیبایە هەموو مرۆڤایەتی لە یەك نەتەوەدا کۆدەکردەوە، جیاوازی نەتەوەیی پیشاندەدا و ئورقانی پیرۆزیش سروشتی فرە تێروانین و فرە تێگەیشتنی پێنەدەدا، ئیمامی عەلی (خ.ل) دەڵیت قورئان (حماله اوجه) واتا تەفسیری قورئان چەند روویەکی هەیە، هەربۆیە ناکرێت گوتارێکی ئایینی لای گرووپێك بە جۆرێك سەیرکرا مانای وابێت دەبێت هەموو موسڵمانان بەوجۆرە سەیری بکەن و لێی تێبگەن ویان نەتەوەیەك بە جۆریك تەفسیری دەکات و دەبێت فەرز بێت هەموو نەتەوەکانی دیکەش بەو جۆرە تەفسیری بکەن و لێی تێبگەن، ئەم (حماله اوجه)ش کە ئیمامی عەلی ئاماژەی پێکردووە، لەو دەقە قورئانیەوە



# ...انه نەک ئایدیۆلۆژیای سیاسیی کەڵەکەبووەکانی ئیسلامی سیاسیدا کپکراوە

●●●
**ئێمە یەکێتی زانایانی ئیسلامی و لیژنەی فەتوای ئیسلامیمان هەیە گوێی لێبگرین و نابێت پارتی ویەکێتی کە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن لە هیچ کەسێکی قبوڵ بکەن بانگێشە بۆ ئەوە بکەن، بە قیاسی حەسەن بەنا و زەواهیری رەشەبەڵەکی کوردانە بخرێتە تای تەرازوی سەمای عەرەبییەوە کە بە ئافرەتی غەنیمەو بێگانە کراوە**
●●●

●●●
**هەڵپەرکێی کوردەواری رەقسی عەرەبی نییە هەتا حەرام بکرێت، ئەگەر حەرامیش بکرێت لە کوردستان یەکێتی زانایانی ئیسلام هەیە. لیژنەی فەتوا هەیە، کێ مافی بە خەڵکانێک داوە ٤ ئایایەتیان لەبەر نییە کولتووری عەرەبییمان بەسەردا بسەپێنن**
●●●

●●●
**دەبێت ئەو زەمەنە بەسەربچێت پیاوەکانی ئیخوان موسلمین لە وڵاتانی عەرەبی عەگال لەسەر نێن و لە کوردستان جامانەی هەورامی ببەستن**
●●●

●●●
**دەبێت ئەو کاتە بەسەر بچێت پیاوەکانی قاعیدە جاهەلەتی بیشاور بە پێشکەوتن و فەرموودەی پەروەردگار بە خەڵکی ئێمە بفرۆشنەوە**
●●●

سەرچاوەدەگرێت کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی بەرێگەی نێردراوی خۆی محەمـــەد (د.خ) ناردوویەتی، هەر ئەو دەقە قورئانیەش رێگەی بە دروستبوونی مەزهەبەکان لە ئیسلامدا داوە، ئەگەر قورئان (حماله اوجه) نەبوایە ئەوا رێگەی بە تەفسیری جۆراو جۆری مەزهەبەکان نەدەدا، کەواتە ئێمە لەم راپۆرتە باسەکەمان لەســەر ئەو دەقانەیە کە موســڵمانی کورد دەقێك کە لای خوا هاتۆتە خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەقی قورئاندا کردووە (النص التنزیلـــی) نەك دەقێك لەیەکێك لـــە رووەکانەوە تەئویل کرابیت (النص التاویلی)، بێگومان ئەم جیاوازیە نیشانەی دەوڵەمەندی و زیندوویەتـــی قورئانە بۆ ئـــەوەی بتوانرێت لەگەڵ گۆڕان و پێشـــکەوتنەکانی جیهان زیاتر رووە شـــاراوەکانی بخوێنرێتەوە و ســـوود لە قووڵی ماناکانی دەقە پیرۆزەکان وەربگیرێت، کەواتە موناقەشـــەی ئێمە لەم راپۆرتەدا بەو ئاوازە نییە کە ئیسلامیە سیاســـیە کورد زوبانـــەکان مەزندەی دەکـــەن و بزانن بەو جۆرە

**ئێستا ئەو زەمەنەیە، لەسەر سەلماندنی مافەکانی کورد وەک سەرکردە نەتەوەییەکان بە گژ ئەو خەڵکانەدا بچینەوە کە بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە ئیهانەی کەرامەتی میللەتی کورد بکەن**

**دەبێت نەهێڵین جارێکی دیکە دەنگی مەلای خەتێ سەرهەڵبداتەوە وچارەنووسی میللەتێک تەسلیمی قەدەر بکرێت**

**نامانەوێت بە ناوی ئایینەوە تازە بە تازە لێکدانەوەی سەفەتمان بۆ بکەن و قورئانەکەشمان لێ بشێوێن و فێرمان بکەن جیاوازی لە نێوان ئوممەی ئیسلام نییە**

**باشە کچی کورد چۆن ئاکاری تێکناچێت،کاتێک تۆ بێیت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەتەوە شانازی بە هیدایەتی سەماکەرێکی میسرییەوە بکەیت،کە لە دەیان فیلمدا لەقتەی ناشرین وسێکسی هەیە، یان شانازی بەوە بکەیت پارتی داد وگەشەپێدان لە ناو مەلهاکانی تورکیادا ئافرەتە لەشفرۆشەکانی ئیسلاح کردووە و تۆبەی پێکردوون**

کە بەرەیەك ئیسلام و بەرەیەك غەیرە ئیسلام بێت، نەخێر ئەم موناقەشەیە لە ژێرسایەی ئەو ئازادییە دەکرێت کەبەرهەمی پیشمەرگەی کورد وکوردستانیانەیە کە ئیمان وعەقیدەیان ئیسلام بووە و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیشیان ئایدۆلۆژیەتی کوردایەتی و تێکرای تەوژم و تەیارە جیاوازەکانی ناو بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان بووە، ئەم موناقەشەیە ئەو تێڕوانینە بەرزەیە نەك هەر بۆ موسڵمانێتی کورد بەڵکو بۆ ئەو دەروێش و عیرفانانەیشە لە پێناوی تەسەوف وسۆفیەتی و خۆشەویستی بۆ پەروەردگار و حەزرەتی محەمەد(د.خ)وازی لە هەموو خۆشیەکانی دنیا هێناوە و بەدەفەکەی دەشت و دۆڵی کوردستان بۆ خۆشەویشتی ئایینەکەی دێنێتە جۆش، ئەم موناقەشەیە بۆ دووبارە بەدەنگ هێنانەوەی دەنگی دەفەکەی دەروێش عەبدوڵڵایە کە مامۆستا گۆرانی گەورە شاعیری کورد ناسراو بە کۆمۆنیست وشیوعی بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لێدەکات و لە حزوری دەروێش عەبدوڵلادا دەڵێت: (لە بیتهۆڤن گەلێك زیاتر بە رۆحم ئاشنای بیلا، دە ئەی دەروێش سکالایەك لەگەڵ رۆحی کلۆڵم بکە)، بەڵام بڕوای گۆران ئەوەندە لە کۆمۆنیستیدا قووڵ ببوو دەیوت من حەزدەکەم چیرۆکەکانی چیخۆف بە رووسی بخوێنمەوە.



کەچی لە پرسی کوردایەتی و مۆرکی نەتەوەییشدا گۆران سۆزی دەفلێدانی دەفەکەی دەروێش عەبدوڵلا دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی لە شاکارە مۆسیقییەکانی بیتهۆفن بەرزترە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نیە ئیسلام وئیسلامەتی لای کورد عەقیدەو ئیمانە نەك ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی؟ ئەمە مانای ئەوەنییە تاکەکانی کورد وکوردستانی هەر ئایدۆلۆژیەتێکیان هەڵگرتبێت، خۆیان بەبەشێك لە عەقیدە وئیمانی میللەتەکەیان زانیوەو رێزیان گرتووە؟، پرسیار ئەوەیە ئایا هەموو پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان تەنها یەك بەڵگەیان لایە بۆ خەڵکی کوردستانی بڵاو بکەنەوە، کە تاکێکی کورد یان کوردستانی سووکایەتی بە عەقیدە وئیمانی موسڵمانیەتی کورد کردبێت؟، ئایا تاکی کورد هەر ئایدۆلۆژیەتێکی هەبووبێت، لەو سیستمە دەرچووە کە موسڵمانیەتی کورد لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروستی کردووە؟.

کەواتە گفتوگۆی ئێمە لەسەر عەقیدەو ئیمان نییە، بەڵکو گفتوگۆی ئێمە سیاسەتە و موناقەشەیەکی سیاسیانەیە، ئەوەی دەیەوێت خۆی بکات بە خاوەنی عەقیدەو ئیمانی موسڵمانیەتی کورد دەبێت لەو بازنەیە بێتەدەرەوە یان دەبێت بهێنرێتە دەرەوە، کە دەشڵێن دەبێت بهێنێتە دەرەوە (بەتێگەیشتنی ئیسلامیەکان دەبێتە صیغەیەکی ئەمری) مانای پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ یان زەوتکردنی ئازادیەکانی بەرامبەر نییە، بەڵکو سڕینەوەی زەوتکردن و رێگەگرتنە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی هاوسەنگیە بۆ ئەوەی گەمە سیاسیەکە وەك خۆی بە رێکو پێکی بەرێوە بچێت ئەمە مانای ئەوەنیە، یان بەوجۆرە تەفسیری بۆ بکەن، کە رێگەتان لێدەگیرێت سوود لە قورئان وەربگرن، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە موناقەشەکە بەمجۆرە بێت:

١- هەموو ئەوانەی خۆیان بە رۆشنبیر حساب دەکەن و دەیانەوێت لە قورئانی پیرۆز بەرنامەیەکی جوانتر لەوەی ئێستا حکومڕانی پێدەکرێت، بەرهەم بهێنن، فەرموون با بەرهەمیبهێنن و ئەو بەرنامەیە پیشانی خەڵك بدەن، بەبێ ئەوەی باسی قورئان بکەن، بەرنامەیەك لە قورئان دەربهێنن کە منیش ناچار بم بەدوای ئەو سەرچاوەیە بگەڕێم کە تۆ ئەو بەرنامەیەت لێ بەرهەم هێناوە، بەڵام ئایدۆلۆژیەتێکی بێگانە بهێنرێتە وڵاتەکەم و بە عەقیدەو ئیمانی ١٠٠٠ساڵی میللەتەکەم بیکەیت بە دێو جامە و ئیهانەی مێژووی نەتەوەیی و ئایینی میللەتەکەمی پێبکەیت و خۆشت بخەیتە ئەو سەنگەرەی کە تۆ دیفاع لە خوا و کتێبە پیرۆزەکەی دەکەیت، ئەوا بێ ئەوەی خۆتان زیز بکەن چەند قسەکانتان برازێننەوە ناگەنە تۆزی پێی خولە پیزە کە سەربازێکی هەڵاتووبوو لەسەر ئەوەی سووکایەتی بە قورئان کرا بەگژ دەسەڵاتی ئینگلیزدا چووەوە، ئەگەر نموونەیەکتان لە جوامێری خولە پیزە بۆ بەرگریکردن لە قورئان و ئیسلام زیاتر هەیە پێمان بڵێن تا پێتان بڵێن راست دەکەن.

٢- ئیسلام کە کرا بە ئایدۆلۆژیەت بۆ پارتێکی سیاسیی، پێتان خۆش بێت یان پێتان ناخۆش بێت، وەك عەقیدەو بیروباوەڕ سەیر ناکرێت، کەواتە لێرەوە دەبێت و عەقیدە وئیمانی موسڵمانیەتی

کورد لە ئیسلام وەك ئایدۆلۆژیەتی حزبێکی سیاسیی وەك هەر ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی سەیر دەکرێت، ئەو حزبە کە ناوی لە خۆی ناوە ئیسلامی ئازادە، ئازادە هەموو گەوهەری قورئان دەربهێنێت و بیکات بە دەرمان و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی پێ چارەسەر بکات، ئازادە لە گەوهەری قورئان رەوشت و ئاکاری بەرز دەربهێنێت و بیکات بە خۆراکی پروپاگەندەی حزبی خۆی، بەڵام نابێت ئازاد بێت قورئان ئەو دەقەی لە خواوە هاتۆتە خوارەوە بۆ بەندەکانی (النص التنزیلی ) بکات بە (النص التأویلی ) بێگانە، کەوای کرد مافی تاکی کورد، زانای کورد، زانایانی ئیسلامی کورد پێشێل دەکەن قورئان بەو شێوەیە تەفسیر بکرێت کە کورد تێی دەگات، هەروەها نابێت دەقە پیرۆزەکانی قورئان بۆ پروپاگەندەی حزبی بەکاربهێنرێت، ئەگەر ئەو دیاردەیە سنووری بۆ دانرێت دەبێت بۆ بەرگری کردن لە کەرامەت و ناسنامەی موسڵمانیەتی کورد، خەلافەتی کەس قبوڵ نەکەین، ئەمە نەك هەر بۆ ئیسلامیەکان، بەڵکو بۆ عەلمانیەکانیش قبوڵ نییە، ئینجا ئایدۆلۆژیەتەکەی نەتەوەییە، سۆشیال دیموکراتە، کۆمونیستە، کەبێت بە رێگەی ئایدۆلۆژیەتەکەی سووکایەتی بەکەرامەت وناسنامەی کوردبکات کورد وەك نەتەوە، کورد وەك موسڵمان، ئەمە قەبووڵ ناکرێت، چونکە ئەو ئازادە هەر ئایدۆلۆژیەتێك دەکاتە بەرنامەی سیاسیی خۆی، بەڵام ئازاد نییە بە ئایدۆلۆژیەتەکەی سووکایەتی بە کەرامەتی کورد بکات، هەر بۆنموونە ئەگەر حزبێکی مارکسی یا کۆمۆنیستی لە تەلەفزیۆن یان رۆژنامەکەی خۆیەوە بانگەشە بۆ ئەوە بکات و بڵێت، کورد بۆیە دواکەوتووە چونکە مارکسیی یان سۆشیالیستی نەبووە و، بە دوای ئیسلام کەوتووە و ئیسلامیش هی دوورگەی عەرەبیە بۆیە ئێمە دواکەوتووین، بێگومان ئەوەی لێ قبوڵ ناکرێت، چونکە لەو پەنایەوە دەیەوێت سووکایەتی بە ئەرکانەکانی ئیسلام بکات، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی ئەو هەڵەیە یان راستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام ئایینی زۆربەی نەتەوەکەمانە، بۆیە بۆ هیچ ئایدۆلۆژیەتێك بۆی نابێت بێت سووکایەتی بەکەرامەتی تاکی کورد بکات.

٣- نابێت رێگە بە هیچ ئایدۆلۆژیەتێك بدرێت کە سووکایەتی بە کولتوور و هونەری نەتەوەییمان و تەواوی نەتەوەکانی دیکە لە کوردستان بکات، سووکایەتی کردن بەو مانایەی نابێت بەرنامەی سیاسیەکەی بەو ئاراستەیە بێت بانگێشە بۆ ئەوە بکات ئەو گۆرانیانەی لە تەلەفزیۆنەکەیەوە پەخش بکرێت پۆلین بکرێن، ، واتا تەنها دەبێت گوێ لە فلان گۆرانی بێژ بگیرێت و، تەنها ئەو گۆرانی بێژە رەسەنە و ئەوانی دیکە نارەسەنن، ئەمە سووکایەتیکردنە بە کولتووری نەتەوەیەك، ئەوانەی بە ناوی ئایینەوە رەشبەڵەك و فۆلکلۆری کوردیمان لێ قەدەغە دەکەن و رێگەمان لێدەگرن کە شانازی بە مازووچنینی لادێ و داستانە دڵدارییەکانی مەم وزین و خەج وسیامەند لەبیری نەوەکانی داهاتوومان بباتەوە، ئەوە شایستەی ئەوەنییە لە کوردستانی مەم وزیندا بە ئازادی بژی. بەڵکو دەبێت زۆر بە راشکاوی داوای لێبوردن لە میللەتی کورد و کوردستانیش بکەن، ، چونکە قەبووڵ ناکرێ هەر جارەو کەسایەتییەکی نامۆ بە هەست و بیرو کولتووری نەتەوەکەمان وەك جارێك حەسن بەنا یان فلان و فیسار پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە، فەتوای لەسەرداوە یان فەتوای لەسەر نەداوە، ئەمانە نموونەی سەقەتن و بۆ بریندارکردنی هەستی نەتەوەییمانە، ئێمە یەکێتی زانایانی ئیسلامی و لیژنەی فەتوای ئیسلامیمان هەیە گوێی لێبگرین و نابێت پارتی ویەکێتی کە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن لە هیچ کەسێکی قبوڵ بکەن بانگێشە بۆ ئەوە بکەن، بە قیاسی حەسەن بەنا و زەواهیری رەشبەڵەکی کوردانە بخرێتە تای تەرازوی سەمای عەرەبیەوە کە بە ئافرەتی غەنیمەو بێگانە کراوە، ئێمە لە گەڵ خوشك ودایك و کچ و خێزانی خۆمان رەشبەڵەك دەکەین، قبوڵ ناکەین خوشك ودایك و کچ و خێزانمان، بە قیاسی غەیرە کورد بخرێتە تەرازووی ئەو ئافرەتانەی کە سەمایان پێدەکرێت بە پارە، هەڵپەرکێی کوردەواری رەقسی عەرەبی نییە هەتا حەرام بکرێت، ئەگەر حەرامیش بکرێت لە کوردستان یەکێتی زانایانی ئیسلام هەیە. لیژنەی فەتوا هەیە، کێ مافی بە خەڵکانێك داوە ٤ ئایایەتیان لەبەر نییە کەلتوری عەرەبیمان بەسەردا بسەپێنن.

٤- کاتی ئەوە هاتووە ئەو کولتوورەی ئیسلامیەکان دەیانەوێت



ئەوانەی لە ساڵانی حەفتاکان وهەشتاکان لەسەرجەم زانکۆکانی عێراق خوێندوویانە، با خۆیان شاهید بن، ئایا یەک کچی کورد لەلایەن باوکی یان برایەوە لەسەر نامووس کوژراوە، ئایا یەک کچی کورد کارێکی کردووە خێزانەکەی شەرمەزار بکات، ئەگەر هەیە با پێمان بڵێن،راستە دڵداری هەبووە، خۆشەویستی هەبووە،بەڵام هەرگیز کچی کورد رێگەی بە خۆی نەداوە وەک کچێکی میسری یان مەغریبی رەفتار بکات پرسیار ئەوەیە خێرە پارتە ئیسلامیەکان بە قیاسی کچانی میسر و مەغریب رێز لەکەرامەتی کچانی کورد دەگرن و پێیان دەڵێن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە، وەڵا وەبیلا وەتەللا،دڵداری زانکۆ درۆیە، خوشکە بەرێزەکەم بە قسەی کوڕان هەڵنەخەڵەتێن، تەنها پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە خیتابی مەدەنییە، یان ئەمە خیتابی جەهالەتە

کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە بیری ئیخوان و وەهابیزم بیرێکی قەومی عەرەبییە، بەڵام بەرگێکی ئایینی بەبەردا کراوە

وەك دەقێكی تۆز لێنیشــتوو كە هــاوكات وەك دیاردەیەكی لە ناو چووش ســەیر بكرێت، ناچارمان دەكەن لاوی كورد شیعری ئازادی خوای كوردین ئێمەی هەردی شاعیر بە گوێی هەموو ئەوانەدا بڵێتەوە و پیرەمێردی شــاعیر ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە بڵێتەوە، دڵدار جارێكی دیكە ئەی رەقیب بڵێتەوە، عەبدوڵڵا پەشێو ناسنامەی پێشمەرگەی شەهید(سەربازی ون) ەكەی كوردستان بخاتە ناو چاوی ئەوانەی ناسنامەی شەهیدی لێوەردەگرنەوە، ئەحەمەدی خانی ســەرلەنوێ مەم وزینێكی تر بنووسێتەوە.

٥- دەبێت ئەو زەمەنە بەســەربچێت پیاوەكانی ئیخوان موسلمین لە وڵاتانی عەرەبی عەگال لەسەر نێن و لە كوردستان جامانەی هەورامی ببەستن، دەبێت ئەو كاتە بەسەر بچێت پیاوەكانی قاعیدە جاهەلەتی بیشــاور بە پێشكەوتن و فەرموودەی پەروەردگار بە خەڵكی ئێمە بفرۆشنەوە، ئێستا ئەو زەمەنەیە لەسەر سەلماندنی مافەكانی كورد وەك سەركردە نەتەوەییەكان بە گژ ئەو خەڵكانەدا بچینەوە كە بەناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە ئیهانەی كەرامەتی میللەتــی كورد بكەن، دەبێت نەهێڵێــن جارێكی دیكە دەنگی مەلای خەتێ سەرهەڵبداتەوە وچارەنووسی میللەتێك تەسلیمی قەدەر بكرێت، كاتی ئەوە هاتووە هەموو موســڵمانی كورد بڵێت ئەوەی دژی ئەم ئەزموونە بێت و بێتە هۆكارێك بۆ لاوازكردنی بــۆ بەرژەوەنــدی دوژمنانی كورد، ئەوان ئیمانیــان نییە و لە موسڵمانیەتی كورد لایداوە.

٦- كاتی ئەوە هاتووە رێگە نەدەین ئەو دەقەی ئیسلامیەكان بۆ بەرژەوەندی بێگانە تەئویلی دەكەن لە كوردستاندا بڵاو بكرێتەوە، نامانەوێت بە ناوی ئایینەوە تازە بە تازە لێكدانەوەی سەقەتمان بۆ بكەن و قورئانەكەشمان لێ بشێوێن و فێرمان بكەن جیاوازی لە نێوان ئوممەی ئیسلام نییە، نەخێر جیاوازی هەیە، كورد خاوەنی بەها كۆمەڵایەتییەكانی خۆیەتــی، خاوەنی كولتوورو نەریتی خۆیەتی، تەنانەت تێڕوانینیشــمان بۆ ئایین و بۆ قورئان، وەكوو پاكستانییەك یا ئەفغانییەك تەنانەت وەكوو عەرەبیش نییە، كورد پەروەردەی حەســەن بەناو سەید قوتب رەتدەكاتەوە، كورد ئیجبار نەكراوە كاتێك موسڵمانێكی ســۆدان بڕوای بە حەسەن تورابی هەیە كە دەڵێت ئیرهاب واجبە، چۆن دەبێت موسڵمانێكی كورد لە موسڵمانێكی سۆدانی جیاواز نەبێت ئایا دەبێت موسڵمانێكی كوردیش بڵێت ئیرهاب واجبە؟ چۆن دەبێت موســڵمانێكی كورد لە موسڵمانێكی دەوڵەتانی كەنداو جیاواز نەبێت كە ئەوان بڕوایان بــە مافی ئافرەت نییە، دەبێت منیش لەبەر ئەوەی موســڵمانم بڕوام بە مافی ئافرەت نەبێت؟ئەمە شێواندنی قورئانە، شێواندنی تێگەیشتنی كوردە بۆ پەیامی پەروەردگار.

٧- لەوەتەی پارتە ئیسلامیەكان دروستبوون فەسادی ئەخلاقی زیادی كــردووە، بۆچی؟ باشــە كچی كورد چــۆن ئاكاری تێكناچێت، كاتێك تۆ بێیت لەســەر شاشەی تەلەفزیۆنەكەتەوە شــانازی بە هیدایەتی سەماكەرێكی میســرییەوە بكەیت، كە لە دەیان فیلمدا لەقتەی ناشــرین وسێكسی هەیە، یان شانازی بەوە بكەیت پارتی داد وگەشەپێدان لە ناو مەلهاكانی توركیادا ئافرەتە لەشفرۆشەكانی ئیسلاح كردووە و تۆبەی پێكردوون، باشە كە دوای هەموو ئەمانە تۆبــە قەبووڵ بێت ئایا چ رێگرێكی ئەخلاقی دەمێنیت؟، بەڵام رەشــبەڵەك و داستانی دڵداری خەج وســیامەند حەرامەو بێ ئەمری خودایە، ئەوانەی لە ساڵانی حەفتاكان وهەشتاكان لەسەرجەم زانكۆكانی عێراق خوێندوویانە، با خۆیان شــاهید بــن، ئایا یەك كچی كــورد لەلایەن باوكی یــان برایەوە لەســەر نامووس كوژراوە، ئایــا یەك كچی كورد كارێكی كردووە خێزانەكەی شــەرمەزار بكات، ئەگەر هەیە با پێمان بڵێن، راستە دڵداری هەبووە، خۆشەویستی هەبووە، بەڵام هەرگیز كچــی كورد رێگەی بە خۆی نــەداوە وەك كچێكی میســری یان مەغریبی تەســەروف بكات، پرسیار ئەوەیە خێرە پارتە ئیســلامیەكان بە قیاســی كچانی میسر و مەغریب رێز لەكەرامەتی كچانی كورد دەگرن و پێیان دەڵێن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە، وەڵا وەبیلا وەتەڵلا، دڵداری زانكۆ درۆیە، خوشكە



بەرێزەكەم بە قســەی كوڕان هەلنەخەلەتێن، تەنها پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمــە خیتابی مەدەنی؟، یان ئەمــە خیتابی جەهالەتەو دەمانگەڕێننەوە دواوە.

### دەمامكە شاراوەكانی ئیسلامی سیاسیی و ئەوگوتارەی ناوێرن بیدركێنن

ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پشت ئەستوورین بە رەســەنایەتی مێژووی موسڵمانیەتی كورد و ئاستی بەرزی تێگەیشــتنی كورد لە دەقەكانی فەرمــوودەی پەروەردگار و دڵنیاشــین ئەوانەی خۆیان بە بیروباوەڕی دەرەوە گۆشكردووە و دەیانەوێــت واقیعی موســڵمانیەتی كورد بشــێوێنن و هەر ئەوەندەیان بەسە تا لە ژێر چەتری مێژووی موسڵمانیەتی كورد دەردەهێنرێــن، بە چەند خاڵێك ئاماژە بەو ئایدۆلۆژیەتە نامۆیە دەكەین كە بەزۆر هێنراوەتە كوردستانەوە:

**ئەوانەی هەڵخلیسكاون بۆ ناو بیری شۆڤێنزمی عەرەبی لە ژێر پەردەی ئیخوان موسلمین و وەهابیزمدا، خەریكە عەقیدەو ئیمانمان لێدەكەن بە ئایدیۆلۆژیا،ئایدۆلۆژیایەک، بڕوای بە برایەتی نێوان ئایینە هەمەجۆرەكانی كوردستان نییە**

**چەمكی نیشتمانپەروەری و كوردایەتی لای ئەوان مانایەكی تاڵی هەیە، كە هیچ زەروورەتێک نابینن كورد لەسەر نیشتمان خۆی تووشی هیلاكەت بكات، مانای نیشتمان لای ئیخوان و وەهابییەكانی كوردستان كرچ و كاڵەو بە سەرلێشێوانی دەزانن**

**هەموو ئەوانەی ئێستاش ئیسلامەتیان كردۆتە ئایدۆلۆژیەت و حزبایەتی شەرعیەتیان لە مێژووی موسڵمانیەتی كوردستان وەرنەگرتووە و چوون لە ئەفغانستان و سعودیە و میسرەوە شەرعیەتی خوازراویان وەرگرتووە**

**راشكاوانەتر هەموو ئەم ئیمپراتۆریانە ئەوجا فارسی،یان توركی یان عەرەبی یان مەغۆلی هەموویان هەوڵیانداوە ناسنامەی كوردبوونمان و مێژووی رەسەنمان بشێوێنن**

• ئیسلامی سیاسیی وەك ئایدۆلۆژیایەك كە بەزۆر هێنراوەتە كوردستان ئەوجا چ ئەوانەی پاشكۆی ئیخوان موسلمینن یان ئەوانە پاشكۆی وەهابیزمن، واتە ئەو پرۆسەیە كە باردۆخی ناوخۆی كوردستان دەشێوێنێت، دەیەوێت بوونی ناسیونالیستی عەرەبی بەسەر ئەو خەڵكانەدا بسەپێنێت كە بەدیدی ئەوان لە ناو نیشتمانی عەرەبی دەژین و نەتەوەیەكی جیاوازن، بیری ئیخوان موسلمین و وەهابیزم بۆ سڕینەوەی كولتوور و ناسنامەی ئەو نەتەوانەیە كە كورد یەكێكیانە.

• وەك هەموومان دەبینین و ڕۆژانەش هەستی پێدەكەین، ئەوانەی سەر بە ڕێكخستنەكانی ئیسلامی سیاسین ودەیانەوێت ڕەگ وڕیشەی خۆیان لە ناو نەتەوەیەكی وەك نەتەوەی كورد دابكوتن، دەبینین هەموو ئەو مەزندانەی كەهەیەتی و دەیەوێت لەدوای ڕەگداكوتانی خۆی لەو نیشتمانە دایبكوتێت، هەمووی



شاراوەیە، ئینجا هەوڵدەدات ئەو فیكرە هێنراوە عەرەبییەی دەیەوێت بڵاویبكاتەوە لە دامەزراوەكانی و لە پرۆپاگەندە كردنی سیاسیدا لەناو مێژووی موسڵمانیەتی كوردا بیشارێتەوە، ئەمە دەقا ودەق هاوشێوەی ئەو پرۆسەیە كە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بۆ داگیركردنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات پیادەیانكردووە.

• سیاسەتی ئیسلامی سیاسی سەرەتا لەو خاڵەوە دەست پێدەكات كە سەیری واقیعی موسڵمانیەتی ئەو گەلانەی دەكات كە دەیانەوێت ئەو بیرە شۆڤێنییەی خۆیانی تیا بڵاوبكاتەوە، موسڵمانیەتی ئەو گەلە یان گەلی كورد بۆ نموونە وەك كەرەستەیەكی خاو سەیر دەكات و هەوڵدەدات لەو كەرەستە خاوە ئەوەی خۆی دەیەوێت لێی دروستبكات، ئەمەش بەڕێگای ئەو ڕێكخراوە سیاسیانەی بۆ ئەو مەبەستە لەو وڵاتانە دروستی دەكات و بەشێوەیەكی مەركەزی فەرمانی بۆدەنرێت و دەبێت بەدەق جێبەجێی بكەن.

• زۆر گرنگە جیاوازی لە نێوان گەوهەری ئیسلام لە لایەك و ئەو ڕێكخراوە سیاسیانەش لە لایەكی ترەوە بكەین كە بەدەستی دەرەكی دروست دەكرێن و دەیانەوێت بنەما وكولتووری كۆمەڵگاكەمان لەریشەوە هەڵتەكێنن.

• جیاوازی نێوان گەوهەری ئیسلام و ئەو ڕێكخراوە بەناو ئیسلامیانەی لە كوردستان بەدەستی دەرەكی دامەزراون وەك جیاوازی نێوان بزوێنەری ئۆتۆمبیل و بۆدی ئۆتۆمبیلەكەیە، ڕێكخراوە ئیسلامیەكانی كوردستان هەوڵدەدەن ئەو بۆدیە دروستكراوە عەرەبییەی نێردراوە بۆ كوردستان بە بزوێنەری گەوهەری موسڵمانیەتی كورد بیخەنە گەر، بەڵام ئامانجی سەرەتا و كۆتاییان ئەوەیە بزوێنەرەكە بشارنەوە و بۆدیە هێنراوەكە جێگەی گەوهەرو بزوێنەرەكە بگرێتەوە.. كە گەوهەری موسڵمانیەتی كوردە.

• گەوهەری موسڵمانیەتی كورد كە بەدرێژایی هەزار ساڵ زیاترە لە كوردستاندا ڕەگیداكوتاوە، بەو شێوەیە ئیسلامی ناسیوە كە تاكەكان پاكبكاتەوە و سەرەنجام لە كۆی تاكە پاكەكان كۆمەڵگەیەكی دادپەروەر و پاك بونیاد دەنێت، پارتە ئیسلامیەكانی كوردستان ئەم شێوازە ڕەسەنەی تێگەیشتنی كورد بۆ ئیسلام وخواپەرستی ڕەتدەكەنەوە، بەڵام ڕەتكردنەوەیەك كە موسڵمانی كورد بە جۆرێك فریو دەدەن بە شێوەیەك هەتا قاچی تێوە نەگلێت لە گەڵیاندا هەست بەوە ناكات چۆن لە بیرە ڕاست و ڕەسەنەكەی تێگەیشتنی كورد بۆ ئیسلام لە ختە دەبرێت و بیری موسڵمانیەتی كوردی لەبەر دادەكەنرێت و بیری شۆڤێنی قەومی عەرەبی بەبەردا دەكرێت، چونكە كەس ناتوانێ تكوڵی لەوە بكات كە بیری ئیخوان و وەهابیزم بیرێكی قەومی عەرەبییە، بەڵام بەرگێكی ئاینی بەبەردا كراوە.

• تێگەیشتنی كورد بۆ ئیسلام و خواپەرستی هەتا ئێستاش (بێجگە لەو ژمارە كەمەی ئەو بیرە پاكەیان لێداماڵراوە و بیری شۆڤێنی قەومیەی عەرەبیان بە ناوی ئیخوان موسلیمن و وەهابیزمیان بەبەردا كراوە)، بریتیە لە عەقیدەو ئیمان، بریتیە لە دۆزینەوەی خود لە ناو پاكیەتی ئیسلام، بریتیە لە بیری پێكەوە ژیان و لێبوردەیی ئاینی و پێكەوە ژیان و دیالۆگ وهاوكاری نێوان تێكڕای ئاینەكانی كوردستان، بەداخەوە ئێستاش ئەوانەی هەڵخلیسكاون بۆ ناو بیری شۆڤێنزمی عەرەبی لە ژێر پەردەی ئیخوان موسلیمن و وەهابیزمدا، خەریكە عەقیدەو ئیمانمان لیدەكەن بە ئایدیۆلۆژیا، ئایدۆلۆژیایەك، بڕوای بە برایەتی نێوان ئاینە هەمەجۆرەكانی كوردستان نییە، ئایدۆلۆژیایەك كە فەرزی دەكات دەبێت یەكەمجار ئیسلام بێت، ئینجا هەوڵبدیت خۆت فێری عەرەبی بكەیت، ئینجا كورد بێت، دەبێت ئاڵای ئایدۆلۆژیەتی قەومیەی عەرەبی كە وەك دێوجامە لە ژێر پەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا شاردوویانەتەوە لە ئاڵای كوردستان بەرزتر بێت، چەمكی نیشتمانپەروەری و كوردایەتی لای ئەوان مانایەكی تاڵی هەیە، كە هیچ زەروورەتێك نابینن كورد لەسەر نیشتمان خۆی تووشی هیلاكەت بكات، مانای نیشتمان لای ئیخوان و وەهابییەكانی كوردستان كرچ و كاڵەو

●●●

**ئیسلام بەم شێوەیە تەفسیر دەكەن، مادام ئێمە ئیسلامین كەواتە ئێمە بە شێكین لە شارستانیەتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی وئیسلامی و ئەوەی لە بەرامبەرمانە شارستانیەتی ڕۆژئاوای كافرە، كە كەوتیتیشە ناو ئەو پیلانەی خۆت بەبەشێك لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵات (عەرەبی +ئیسلامی) ئەوا دەبێتە ئەركی سەرشانت خۆت لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەراورد بكەیت و هەوڵ بدەیت بنەماكانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە هەر ڕێگەیەك بێت لەبەرچاوی خەڵكی خۆت ناشرین بكەیت وەك ئەوەی ئێستا پارت و ڕێكخراوە ئیسلامیەكان دەرهەق بە گەلی كوردستان دەیكەن**

●●●

●●●

**ئەم حاڵەتی ئێستای حزب و ڕێكخراوە ئیسلامیەكان دەرهەق بە خەڵكی كوردستان پیادەی دەكەن، دروست وەك ئەو مامەڵەیە كە لەسەدەكانی ناوەڕاست لەگەڵ زانایەكی وەك گالیلۆ ئەنجامدرا**

●●●

●●●

**بەپێی قەولی ئیمامی غەزالی، ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی بێجگە لە (٢٩ ساڵ وشەش مانگی سەردەمی خەلیفەكانی ڕاشدین) بەدرێژای ١٤٠٠ ساڵ ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە ئیمپراتۆریەتی فارس و عەرەب و تورك و مەغۆل بووە**

●●●

**پێمان بڵێن کام لەم ئیمپراتۆریانە بێجگە لە بەکارهێنانی کورد بۆ مەبەستی قەومی شۆڤێنی خۆیان چ سوودێکیان بۆ نەتەوەی کورد هەبووە، ماشەڵڵا هەموویان دووسێ هۆکاری راگەیاندنیان هەیە با بۆ خەڵکی کوردستانی روون بکەنەوە**

**پارتی داد وگەشەپێدان شەرعیەتی لە دەوڵەتی عوسمانیەوە وەرگرتووە، کە ئیمپراتۆریەتی تورکە، بنەمای ئەم حزبە (کە ناوەکەی ئیسلامی پێوە نییە) بۆ ئەوە نییە نەتەوەی تورک زەلیل بکات بۆ نەتەوەیەکی دیکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێت لەسەر بنەمای خەلافەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جارێکی دیکە هەیبەتی نەتەوەی تورک بەرزبکاتەوە**

**ئەربەکان دەڵیت: ئێمە هەموومان تورکین و ئەوەی تورکیش بێت ئیسلامە**

**پارتی داد وگەشەپێدان نایەت ئایدۆلۆژیایی عەرەبی دۆبلاژی تورکی بکات و پێی بڵێت ئێمە دەبێت واز لە مێژووی تورک بهێنین و دوای مێژووی عەرەب بکەوین**



بە سەرلێشێوانی دەزانن. ئەوەی لە پێناوی کوردو کوردستانیشدا گیانی خۆی فیدا بکات شەهید نییە.

• ئەگەر خوانە خواستە ئەو هەوڵەی شوێنکەوتوانی ئیخوان و وەهابیزمی سعودیە ومیسر و ئەفغانستان سەربگرێت و لە کوردستاندا ئیسلام لە عەقیدەو ئیمانەوە بگۆڕن بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە ئێستا ئیخوانەکانیان هەوڵدەدەن لە میسر و سعودیە و ئەفغانستان پیادەی بکەن، ئەوا ئەو عەقیدەو ئیمانەمان لە کیس دەچێت کە ماوەی هەزار ساڵ زیاترە وەك بەرزترین ئاستی پیرۆزیی لە کوردستاندا رەگیداکوتاوە، پیرۆزیەك کە پەیوەندی بەوە نییە ئەو کەسە نوێژ دەکات یان نایکات، پەیوەندی بەوە نییە ئەو کەسە دەچێتە مزگەوت یان ناچێت، نەخێر کابرای موسڵمان لەوانەیە نەچێتە مزگەوت، بەڵام مزگەوت بە پیرۆزترین شوێن لە کۆمەڵگە دەزانێت و ئەگەر دوژمنەکەی چووە ناو مزگەوت لەبەر حورمەتی مزگەوت واز لە مافەکەی خۆی دەهێنێت و لێبوردەیی دەنوێنێت.، هەندێك کات هەبووە تاکوتەرا لە کاتی خەباتی چەکداریدا ولەژێر کاریگەری تێگەیشتنی هەڵە لە هەندێك چەمکی ئایدیۆلۆژی ئەم پیرۆزیانە رووشێنراون، بەڵام با هەموو گوندنشینەکانی کوردستان شاهید بن، کاتێك ئەم مەسەلەیە گەیشتۆتە لای بەرپرس ئەوجا بەرپرسەکە هەر ئایدۆلۆژیاییێکی هەبووبێت، چەکدارەکەی لە بەرچاوی هەموو خەڵکی گوندەکە لە حەوزی مزگەوتەکە هەڵکێشاوە (لەبەر ئەوەی برایانی نێو حزبە ئیسلامیەکان بەشداری خەباتی چەکداریان نەبووە و ئەم حاڵەتەیان نەبینیووە، لەوانەیە نەزانن لە ئاو هەڵکێشانی کەسێك لە ناو حەوزی مزگەوت لەبەر چاوی خەڵکی گوندێك مانای چییە؟، ئەم سزایە زۆر لە سزای کوشتن یان قەساس گەورەترە) ئەم رێز گرتنە لە چیەوە رەگی داکوتاوە؟ بێگومان لەوەوە رەگی داکوتاوە کە ئیسلام و ئیسلامیەتی بەدرێژایی مێژووی کورد وکوردستان ئایدۆلۆژیەت نەبووە و زانایانی ئیسلامی کوردستانیش قبوڵیان نەبووە ئیسلام بکرێتە ئایدۆلۆژیەت و حزبایەتی، هەموو ئەوانەی ئێستاش ئیسلامەتیان کردۆتە ئایدۆلۆژیەت و حزبایەتی شەرعیەتیان لە مێژووی موسڵمانیەتی کوردستان وەرنەگرتووە و چوون لە ئەفغانستان و سعودیە و میسرەوە شەرعیەتی خوازراویان وەرگرتووە، کەواتە ئەمانە بۆیان نییە گەوهەری ئیسلامیەتی و موسڵمانیەتی کورد بۆ ئەو ئەرکە پێسپێراوە بەکاربهێنن کە چالاکیەکانیان بە ڤیدۆ دەنێردرێنەوە بۆ سعودیە ومیسر و ئەفغانستان بۆ ئەوەی ئیمتیاز و دەستخۆشی پێ وەربگرن.

لەمەش زیاتر مەبەستی سەرەکیان لە گۆرینی عەقیدە وئیمان بۆ ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی، دروستکردنی کەشێکی ئاڵۆز و دڵەراوکێیە لە کوردستان، بۆچی؟

کاتێك ئیسلام دەبێتە ئایدۆلۆژیا و حزبی سیاسیی جیهان دابەش دەکات بۆ دووبەش، لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیەکە رێگەی پێنادات چیدیکە وەك کورد و هاوڵاتییەکی کوردستان بیر بکاتەوە و ئەمەشی لێقبوڵناکرێت ئەگەر بانگەشەی بۆ بکات بەو شێوە ئاشکراو راستە، ئەوە کورد و هاوڵاتیانی کوردستان بەردبارانیان دەکەن، دێت ئیسلام بەم شێوەیە تەفسیر دەکەن، مادام ئێمە ئیسلامین کەواتە ئێمە بە شێکین لە شارستانیەتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی وئیسلامی و ئەوەی لە بەرامبەرمانە شارستانیەتی رۆژئاوای کافرە، کە کەوتیتیشە ناو ئەو پیلانەی خۆت بەبەشێك لە شارستانیەتی رۆژهەڵات (عەرەبی +ئیسلامی) ئەوا دەبێتە ئەرکی سەرشانت خۆت لەگەڵ شارستانیەتی رۆژئاوا بەراورد بکەیت و هەوڵ بدەیت بنەماکانی شارستانیەتی رۆژئاوا بە هەر رێگەیەك بێت لەبەرچاوی خەڵکی خۆت ناشرین بکەیت وەك ئەوەی ئێستا پارت رێکخراوە ئیسلامیەکان دەرهەق بە گەلی کوردستان دەیکەن:

١- تەعتیمکردن لەسەر هەواڵی هەر پێشکەوتنێك کە لە دەوڵەتانی رۆژئاوا روودەدات هەتا ئەو کاتەی شتێکی بۆ دروست دەکەن، ئینجا بە خەڵکی بەستەزمانی کوردستان دەڵین ئەوە پێش ١٤٠٠ ساڵ ئیسلام باسی کردووە، بێگومان ئەم تێکەڵکردنە یەك مانای هەیە ئەویش ئەوەیە دەیانەوێت جارێکی



دیکە مێشـــکی خەڵکی کوردستان لغاوبکەن لغاوەکەش ببەنەوە دەســـت ئیخوانەکانیان لە میسر و لە سعودیە و ئەفغانستان بۆ ئەوەی هێندەی دیکە سەرلێشـــواو و ماڵکاولمـــان بکەنەوە، لە کاتێکدا نهێنی ئەم پێشکەوتنەی ڕۆژئاوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەقڵی ڕۆژئاوا ئازادەو چیدیکە قبوڵ ناکات ئەقلی لغاو بکرێت و لغاوەکەشـــی بەدەستی کەنیســـەوە بێت، ئەم حاڵەتی ئێستای حزب و ڕێکخراوە ئیســـلامیەکان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان پیادەی دەکەن، دروســـت وەك ئەو مامەڵەیە کە لەســـەدەکانی ناوەراســـت لەگەڵ زانایەکی وەك گالیلـــۆ ئەنجامدرا، گالیلۆ تەنها لەبەر ئەوەی گووتی زەوی خرە و زەویش بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە فەرمانی لە سێدارەدانی لەسەر دەستی کەنیسە بۆ دەرکرا. ئێستاش هەر داهێنانێك یان هەر پێشکەوتنێك ڕوودەدات ئەگەر خوانەخواستە ئەوانەی لغاوی ئەقلیان بەدەست خەڵکانی دیکەی دەرەکیەوە دەســـەڵاتداربن، هاوڵاتیانی کوردستان تەنها لەسەر ئەوەی باسی دەکەن وەك گالیلۆ دادگایی دەکەن.

٢- بەپێی قەولی ئیمامی غەزالی، ئیسلام بە درێژایی مێژووی خۆی بێجگە لە (٢٩ ساڵ وشەش مانگی سەردەمی خەلیفەکانی راشدین) بەدرێژای ١٤٠٠ ساڵ ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوونی نەبووە، ئەوەی هەبـــووە ئیمپراتۆریەتی فارس و عەرەب و تورك و مەغۆل بووە، ئەوەی بانگێشـــە بۆ ئەو جۆرە ئیمپراتۆریەتانە وەك ئیمپراتۆریەتی ئیســـلامی دەکات لە کوردستان، یان دەبێت بێئاگا بێت لە مێژوو، یان دەیەوێت لەسەر ڕاسپاردەی ئیخوانەکان مێژووەکەمان چەواشە بکات، ئەگەر وانیە بابێن بۆمان بسەلمێنن، لەمەش ڕاشـــکاوانەتر هەموو ئەم ئیمپراتۆریانە ئەوجا فارسی، یـــان تورکی یان عەرەبی یان مەغۆلـــی هەموویان هەوڵیانداوە ناســـنامەی کوردبوونمان و مێژووی ڕەسەنمان بشێوێنن، سەیر بکەن ئەو بەرێزانەی بانگێشە بۆ بیری ئیسلامی غەیرە کوردی دەکەن ڕایانســـپاردوون ئەم ڕاستیانە نەڵێن، ئەگەر وانییە، بابێن پێمان بڵێن کام لەم ئیمپراتۆریانە بێجگە لە بەکارهێنانی کورد بۆ مەبەســـتی قەومی شۆڤێنی خۆیان چ سوودێکیان بۆ نەتەوەی کورد هەبووە، ماشـــەڵڵا هەمویان دووسێ هۆکاری ڕاگەیاندیان هەیە با بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوون بکەنەوە.

٣- بۆ چەواشـــەکردنی خەڵکی کوردستان و ســـەرلێتێکدانیان ئیســـلامیەکانی کوردستان، لە کاتی بێدەســـەڵاتی و لاوازیدا بازی بەســـەردا دەدەن و خۆیانی لێگێل دەکەن، لەکاتێکیشـــدا گەر شـــنە بایەکیان بۆ هات یان کەشـــوهەوایەکی دیموکراسی هەبوو، دێن شـــانازی پێوەدەکەن، لە کاتێکدا بێ دەســـەڵات و لاواز بن، بێجگە لە پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی کەس ئیســـلام نییە و ئەسڵەن لە ئیسلامدا سیاسەت نییە و ڕێکخراوەکانیشیان ڕێکخراوێکی مەدەنـــی- خێرخوازیی-پەروەردەیی- کۆمەڵایەتیە کـــە لە ژێر ســـێبەری کەشـــوهەوای ئازادی و دیموکراســـی عیلمانیەکانیشدا ســـەریان بەرزکردەوە، ئەوا ئەوە زۆر بێشەرمانە دەڵێن ئێمە ئامانجمان ئەوەیە ئەو سیستەمە سیاسیە عەلمانیەی ئەم ئازادیـــەی فەراهەمکردووە بیرووخێنین و لە جێگەی ئەودا سیســـتەمێکی عەرەبی ئیسلامی دابمەزرێنین، یان لە باشترین حاڵەتدا وەك گوێبیستی دەبین، بانگێشە بۆ ئەوە دەکەن ئێمەش وەك پارتی داد وگەشـــە پێدانی تورکیا دێینە دەسەڵات، سەیر لەودایە شـــەرمناکەن خۆیان بە پارتی داد وگەشەپێدانی تورکیا بەراورد دەکەن.، کە دەشـــڵێین شەرم ناکەن لەبەر ئەم هۆکارانەیە ئەو پرسیارانە دەیوروژێنیت:

أ- ئایا پارتی داد وگەشەپێدان پارتێکی هێنراو و دەستکردی دەستی دەرکییـــە لە تورکیا، یان ئایا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان شـــەرعیەتی دروســـتکردنی حزبی سیاســـیی لە میسر وســـعودیە و ئەفغنستان وەرگرتووە؟ بێگومان نەخێر پارتی داد وگەشـــەپێدان شەرعیەتی لە دەوڵەتی عوسمانیەوە وەرگرتووە، کە ئیمپراتۆریەتی تورکە، بنەمای ئەم حزبە (کە ناوەکەی ئیســـلامی پێوە نییە) بۆ ئەوە نییە نەتەوەی تورك زەلیل بکات بۆ نەتەوەیەکی دیکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێت لەســـەر بنەمای خەلافەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جارێکی دیکە هەیبەتی نەتەوەی تورك بەرزبکاتەوە.

ب- ئایا پارتی داد وگەشەپێدان هاتووە نەتەوەی خۆی بکاتە نەتەوەی پلە ٣ و بیخاتە دوای عەرەب وئیسلامەوە، نەجمەدین ئەربەکان دەڵیت: ئێمە هەموومان تورکین و ئەوەی تورکیش بێت ئیسلامە.

●●●

**پارتی داد وگەشەپێدان دەیەوێت دەستووری دەولەتی جێنشینی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕێت بۆ هاوتای ئەو دەستوورانەی کە ئەقلی ڕۆژئاوا دایرشتووە، خۆی لەو بەرگە عەرەبیە و ڕۆژهەڵاتیە دادەماڵێت کە ئێوە سەرتان لە خەڵک پێتێکداوە**

●●●

●●●

**پارتی داد وگەشەپێدان ئەوە ماوەی ٧ ساڵە لەسەر حوکمە و ئێستاش عەبدوڵڵا گویل کە سەرۆک کۆماری تورکیایە لە ژێر ڕەسمی کەمال ئەتاتورک دادەنیشێ کە دامەزرێنەری تورکیای عەلمانیە و دامەزرێنەری پرانسیپی جیاکردنەوەی ئایین ودەوڵەتە لە تورکیا کە ساڵیادی لە دایک بوونی کەمال ئەتاتورک دەبێت دەچێت گوڵ لەسەر گۆڕەکەی دادەنێت**

●●●

●●●

**تائێستا گوێمان لێ نەبووە بڵێت دەستووری تورکیا لەبەر ئەوەی دەستوورێکی وەزعیە بە کەڵک نایەت و دەبێت بکرێتە دەستورێک لەسەربنەمای شەریعەتی ئیسلامی دابرێژرێتەوە، پارتی داد وگەشەپێدان کە ئێستا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە دەستووری تورکیا هەموار بکات بۆ ئەوەیە داواکارییەکانی یەکێتی ئەورپا جێبەجێ بکات**

●●●

**داد و گەشەپێدان نەهاتووە سیستەمی باج بگۆڕێت بۆ سیستەمی زەکات، ئەو نەهاتووە لە ئەنتالیا و ئیزمیرو ئەستەنبوڵ خەڵک بتۆقێنێت لەبەر ئەوەی رادەبوێرن یان لەو شوێنانە مەشروب دەخورێتەوە**

**مزگەوتی سەواف کە گەورەترین مزگەوتە لەو شاری پایتەختە کەچی بەناوی سەواف ناونراوە لە کاتێکدا سەواف یەک زەرە بۆ کورد سوودی نەبووە.ئەگەر وا نییە فەرموون پێمان بڵێن تا ئێمەش بزانین مەحمود سەواف چ خێروبێری بۆ کورد هەبووە، ئەگەر نەیبووە ئەی بۆ ئەم کارەتان کرد؟ ئەمە ئیهانەیە بۆ هەموو پیاوە ئایینییەکانی کورد بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵی رابردوویدا**

**پارتی داد وگەشەپێدان پارتێکی ئیسلامییە و لە حکومیشدایە ئەوەی بیری لێناکەتەوە ئەوەیە ئەبجەدیەتی عەرەبی بگێڕێتەوە یان وانەی عەرەبی بخاتە مەنهەجی خوێندنەوە**

ت- لە تورکیا کە دەنگ بە پارتی داد وگەشەپێدان دراوە دەنگ بە ئیسلام نەدراوە وەک ئەو ئیسلامەی لە میسر یان سعودیە بانگێشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو دەنگدراوە بە مێژووی تورک، دەنگدراوە بەو حزبەی مژدە بە تورک دەدات کە وەک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جیهاندا پێگەی تورک زیندوو دەکاتەوە، وەک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە پێگەی بەهێزەوە تێکەڵاوی ئەوروپا دەبێتەوە، وەک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێت هەیمەنەی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە هەبێت، ئەوان وەک ئێوە بۆ رازیکردنی خەڵکی دیکە شیوەن بۆ حەماس ناکەن، پارتی داد وگەشەپێدان کە شیوەن بۆ حەماس دەکات بۆ ئەوەیە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، دەیەوێت بە ئیسرائیل بڵێت کە ئێستاش باڵیۆزخانەکەی لە ئەنقەرەیە ئەو لە پێگەی هێزەوە پەیوەندی دبلۆماتی و هاوبەشی و هاوپەیمانی لە گەڵ ئیسرائیل دەکات.

ث- پارتی داد وگەشەپێدان نایەت ئایدۆلۆژیایی عەرەبی دۆبلاژی تورکی بکات و پێی بڵێت ئێمە دەبێت واز لە مێژووی تورک بهێنین و دوای مێژووی عەرەب بکەوین.

ج- پارتی داد وگەشەپێدان خۆی بەبەشێک لە شارستانیەتی رۆژهەڵات نازانێت دژی داهێنان وئەقڵی شارستانیەتی رۆژئاوا نییە، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە تورکیا بکاتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و بەشێک لەو شارستانیەتەی کە ئێوە شەو رۆژ هیچ کارتان نییە تەنها ئەوەنەبێت سەر لە کوردی بەسەرزمان تیکبدەن.

ح- پارتی داد وگەشەپێدان دەیەوێت دەستووری دەوڵەتی جێنشینی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕێت بۆ هاوتای ئەو دەستوورانەی کە ئەقڵی رۆژئاوا دایرشتووە، خۆی لەو بەرگە عەرەبیە و رۆژهەڵاتیە دادەماڵێت کە ئێوە سەرتان لە خەڵک پێتیکداوە.

خ- پارتی داد وگەشەپێدان ئەوە ماوەی ٧ ساڵە لەسەر حکومە و ئێستاش بەرێز عەبدوڵلا گویل کە سەرۆک کۆماری تورکیایە لە ژێر رەسمی کەمال ئەتاتورک دادەنیشێ کە دامەزرێنەری تورکیای عەلمانیە و دامەزرێنەری پرانسیپی جیاکردنەوەی ئایین ودەوڵەتە لە تورکیا سەرۆکایەتی دەکات و شانازیشی پێوە دەکات و کە ساڵیادی لە دایک بوونی کەمال ئەتاتورک دەبێت دەچێت گوڵ لەسەر گۆڕەکەی دادەنێت، لە حکومەتیش تائێستا گوێمان لێ نەبووە بڵێت دەستووری تورکیا لەبەر ئەوەی دەستوورێکی وەزعیە بە کەڵک نایەت و دەبێت بکرێتە دەستورێک لەسەربنەمای شەریعەتی ئیسلامی دابرێژرێتەوە، پارتی داد وگەشەپێدان کە ئێستا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە دەستووری تورکیا هەموار بکات بۆ ئەوەیە داواکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ بکات، دەیەوێت بە هەموو جیهان بڵێت من ئامادەم بەو دەستورەی ئێوە ولاتەکەم بەرەم بەرێوە کە ساڵ ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئایین و دەوڵەتتان لێکجیاکردۆتەوە، ئەو نەهاتووە سیستەمی باج بگۆڕێت بۆ سیستەمی زەکات، ئەو نەهاتووە لە ئەنتالیا و ئیزمیرو ئەستەنبوڵ خەڵک بتۆقێنێت لەبەر ئەوەی رادەبوێرن یان لەو شوێنانە مەشروب دەخورێتەوە.

د- پارتی داد وگەشەپێدان کە دێت لە پەرلەمان لەسەر سەرپۆشەکەی مەروا شەردەکات، لەسەر ئەوە شەرناکات ئەو سەرپۆشە ئیسلام فەرزی کردووە و دەبێت هەر بپۆشرێت، ئەو شەر لەسەر ئەوە دەکات ئەوە ئازادی تاکە و نابێت پێشل بکرێت، ئەو فەرزی ناکات بۆ ئەوەی شەریعەت بۆ ئەوە پەیدا بکات تێزاب بکات بە قاچی ئەو کچانەی کە موحەجەبە نیین، پارتی داد وگەشەپێدان شەر لەسەر ئەوە دەکات ئەوەی ئاتێستا سەرپۆشەکەی مەروای پێ قەدەغەکراوە ئەو دەستوورەیە کە زمانی کوردیشی قەدەغەکردووە، دەبێت ئەو دەستورە هەموار بکرێت، ، بەڵام هەموارکردنی چۆن؟ بەداخەوە ئەوانەی لە کوردستان خۆیان بە ئیسلامی دەزانن روویان نییە بۆ خەڵکی روون بکەنەوە، ئەگەر واش نییە، دوای ئەم راپۆرتە بۆ خەڵکی روونبکەنەوە و بڵێن:

١- ئەو پارتی داد وگەشەپێدانەی ئێمە وەک ئیسلامیەکانی کوردستان بۆ تان پێناسە دەکەین و دەمانەوێت ئێمەش وەک ئەو بین، ئەو پارتەیە کە دەستووری تورکیا دەکاتە هاوشێوەی دەستووری فەرەنسا و ئەڵمانیا وسوید، ئەو پارتەی ئێمە بە پێشرەوی خۆمانی دەزانیین و هیواداریین ئینشالا ئێمەش خۆمان وەک ئەو بگۆڕین دەزانێت قانوونی فەرەنسی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئیسلامی دەگونجێت.

٢- پارتی داد وگەشەپێدان ئیسلامەتی بە قەومیەت و نەتەوە پەرستی دەزانێت، دەبێت ئێمەش پێش ئەوەی ئیسلام بین کوردین، ئەوەی دژی کوردبێت، یان دژی بەرژەوەندیەکانی کورد بێت دژی ئێمەشە، بە لایەنگرانی خۆتان بڵێن ئێمە هەڵە بووین لەسەر کورسیەک خۆمان لە هاوپەیمانی کوردستان دابڕی، پێمان وابوو لەبەر ئەوەی د.مالکی برای ئایینیە لە برای کورد بۆ ئێمە باشتر دەبێت بەڵام هەڵەمان کرد وا دەرنەچوو، نەک هەرەشە بکەن وەڵا ئەگەر وانەبوو لای مالیکی شکاتتان لێدەکەین.

٣- بە خەڵکی خۆتان بڵێن پارتی داد وگەشەپێدان سوڵتان سلێمانی قانوونی بە مێژووی خۆی دەزانێت نەک سوڵتان هارونە رەشید، بۆ ئێمەش عەیبە ئەوەندە شانازی بە بێگانەوە بکەین، ئیتر لەمەدوا شانازی بە سوڵتان موزەفەرەدین و و میری بابان و شێخ عوبیدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و قازی محەمەدو بارزانی نەمر(کە هێمای رۆحیی نەتەوەی کوردە) و..هتد دوایی دەکەین و لەمەودوا کە ئیخوانەکانمان پارەیان بۆ ناردین مزگەوتێک لە هەولێر یان لە سلێمانی یان دهۆک یان هەر شاروشارۆچکەیەکی کورستان دروستکرد بە ناوی موسڵمانێکەوە ناوی دەنێن کە رۆڵەکانی کوردستان شانازی پێوەبکەن و موسڵمانیەتی خۆی تیا ببینێتەوە، نایەین بە ناوی کەسێکەوە بکەین کە لێیان پرسین روومان نەیەت بۆیان باس بکەین بۆچی ئەو ناوەمان لێناوە؟وەکوو مزگەوتی سەواف کە گەورەترین مزگەوتە لەو شاری پایتەختە کەچی بەناوی سەواف ناونراوە لە کاتێکدا یەک زەرە بۆ کورد سوودی نەبووە. ئەگەر وا نییە فەرموون پێمان بڵێن تا ئێمەش بزانین مەحمود سەواف چ خێروبێری بۆ کورد هەبووە، ئەگەر نەیبووە ئەی بۆ ئەم کارەتان کرد؟ ئەمە ئیهانەیە بۆ هەموو پیاوە ئایینییەکانی کورد بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵی رابردوویدا.

٤- وەرن بە خەڵکی خۆتان و بە هاوڵاتیانی کوردستانیش بڵێن.، پارتی داد وگەشەپێدان مافی خۆیەتی شانازی بە تەربوشەوە بکات، لەبەر ئەوەی تەربوش نیشانەی ئیمپرا تۆ ریەتی عوسمانییە و ئێستاش کە لە میسر کراوە بە کولتووری میسر و هێمایەک بۆ سەید قوتب و حەسەن بەنا، ئەوان لەبەر ئەوە لەسەری ناکەن کە هێمایەکە بۆ عەرەب، بۆیە هەقە دەستی ئەو کەسانە لە کوردستان ببردرێن کە بۆ مەبەستی سیاسیی و بۆ شێواندنی روخساری زانایانی کورد و مەلا مێزەر سپیەکانی کوردستان تەربوشیان بە دیاری بۆ دەنێرن.،

٥- ئەگەر دەتوانن بە خەڵکی خۆتان بڵێن مەرج نییە ئەوەی ئیسلام بێت، بزانێت بە ئەبجەدیەتی قورئان بنووسێت و بە زمانی قورئان قسە بکات، ئەوە پارتی داد وگەشەپێدان پارتێکی ئیسلامییە و لە حکومیشدایە ئەوەی بیری لێناکەتەوە ئەوەیە ئەبجەدیەتی عەرەبی بگێڕێتەوە یان وانەی عەرەبی بخاتە مەنهەجی خوێندنەوە، لەبەر ئەوە ئێمە بە هەڵە بە ئێوەمان گوتووە، ئەوەی بە ئەبجەدیەتی عەرەبی نەنووسێت و زمانی عەرەبی نەزانێت یان هەوڵنەدات خۆی فێربکات ئیمانی نوقسانی دەبێت.

٦- وەرن بە خەڵکی خۆتان بڵێن ئەوەنییە پارتی داد وگەشەپێدان حکومڕانی دەکات، بزانن یەك رۆژیش چییە باسی ئەوەی کردووە دەبێت شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانان بێت، تەنانەت پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە شەریعەتی ئیسلام یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسادانان بێت لە تورکیا، ئەوەی رێز لە مافی تاك بگرێت و مافەکانی پێشێل نەکات، ئەوە رێز لە شەرعی خوا دەگرێت، لەبەر ئەوەی خوا تاکەکان بە ئازادی دێنێتە دنیاوە و کەس ئەو مافەی نییە ئەو مافە لەکەس زەوت بکات، لەبەرئەوەی پارتی داد وگەشەپێدانیش رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگرێت واتە هەوڵدەدات رێز لە ئازادی تاك بگرێت و ئازادی تاکیش دیاری پەروەردگارە بۆ مرۆڤ. ئاساییە پەشێمانبنەوەو بڵێن هەڵە بووین و سەرمان لێتێکدابێن کە گوتمان رێز گرتن لە مافی تاك دروستکراوی دەستی کابرایەکی جولەکەیە و نابێت بروا بەو مافانە بکەین کە لە جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژەیان پێکراوە، ئێستا پێتان دەڵێین ئەوەی رێز لە ئازادی تاك بگرێت، رێز لە دیاری خوا دەگرێت بۆ بەندەکانی.




٧- وەرن ئێوەش بە خەڵکی کوردستان و هەوادارانی خۆتان بڵێن، مەرج نییە ئەوەی رووی کردە کەعبە بە رۆژهەڵاتی و بەبەشێك لە شارستانیەتی عەرەب وئیسلام خۆی پێناسە بکات، ئەوەتا پارتی داد وگەشەپێدان ئەو پارتە ئیسلامیەیە کە تەمەنا دەکەین رۆژێك وەك ئەومان لێ بێت، شەر لەسەر ئەوە دەکات رۆژئاوا بە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی پێناسەی دەکات، راستە تورکیا رۆژهەڵاتیە، بەڵام گەورەیی پارتی داد وگەشەپێدان ئەوەیە ئەم رۆژهەڵاتیە دەکاتە بەشێك لە رۆژئاوا، گەورەیی ئەم پارتە ئیسلامیە ئەوەیە، هەوڵدەدات کەسێکی میسری بە پەساپۆرت بچێتە ناو تورکیا بەڵام کەسێکی فەرەنسی یان سویدی با (وەك ئیسلامیەکان بەداخەوە پێناسەیان بە کافر دەکەن) کافریش بێت بەڵام لە هاوڵاتیەکی میسری با ئامۆزای حەسەن بەناش بێت بڕوای زیاتری بە مافەکانی مرۆڤ هەیە.

ئەمە ئەو پارتە مۆدیرنەیە کە ئیسلامیەکانی کوردستان سەری زمان وبنی زمانیان ئەوەیە شانازی پێوەدەکەن و لەخەڵکی بەستە زمانی کوردستانی وادەگەیەنن کە بەرێز عەبدوڵڵا گویل رۆژانی هەینی ئیمام وخەتیبی مزگەوتی ئەنقەرایە و بەرێز رەجەب ئەردۆگان ئیمام وخەتیبی مزگەوتی ئەستەنبوڵە، بەداخەوە (دوای لێبوردن لەو بەرێزانە دەکەین کە ئەم راستیانەیان نەزانیوە و خۆیان بە پارتی داد وگەشەپێدان بەراورد کردووە) ئەوانەی لە دەرەوە ئەرکیان پێسپێردراوە و دەیانەوێت موسڵمانی کورد چەواشە بکەن، باشیش دەزانن کەپارتی داد وگەشەپێدان با بە ئیسلامیش ناسرابێت بەڵام دوور و نزیك سیاسەتی ئیسلامی جێبەجێ ناکات و هەموو ئەو هەنگاوانەشی ئاماژەمان پێکردن پارت ورێکخراوە ئیسلامیەکانی کوردستان هەمووی بە کوفر دەزانن، باشە تۆ رەفتار و سیاسەتی پارتێك بە کوفر بزانێت، چۆن بە پارتێکی ئیسلامی بە خەڵکی دەناسێنیت، بۆیە جێگەی خۆیەتی دووبارەی بکەینەوە، شەرمە خۆتان بە پارتی داد وگەشەپێدان بەراورد دەکەن لە کاتێکدا لە تەلەفزیونەکانتەوە ڤالانتاین بە دروستکراوی رۆژئاوا و وەك رووبەکی ناشرینی رۆژئاوا پیشانی خەڵکی کوردستان دەدەن.

●●●

**پارتی داد و گەشەپێدان حکومڕانی دەکات، بزانن یەک رۆژیش باسی ئەوەی کردووە دەبێت شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانان بێت، تەنانەت پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە شەریعەتی ئیسلام یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان بێت لە تورکیا، ئەوەی رێز لە مافی تاک بگرێت و مافەکانی پێشێل نەکات، ئەوە رێز لە شەرعی خوا دەگرێت**

●●●

●●●

**پارتی داد وگەشەپێدان ئەو پارتە ئیسلامییەیە کە شەر لەسەر ئەوە دەکات رۆژئاوا بە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی پێناسەی دەکات**

●●●


●●●

**شەرمە خۆتان بە پارتی داد وگەشەپێدان بەراورد دەکەن لە کاتێکدا لە تەلەفزیونەکانتەوە ڤالانتاین بە دروستکراوی رۆژئاوا و وەک رووبەکی ناشرینی رۆژئاوا پیشانی خەڵکی کوردستان دەدەن**

●●●

## جۆن ڤۆڵ بیرمەندی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئۆباما چالاکێکی کەنیسەیە، بەڵام نایەوێت سەرۆکی کەنیسەکەی بکات بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا



**پرۆفیسۆر جۆن ڤۆڵ ئوستادی دیراساتی تێگەیشتنی نێوان کریستییان و ئیسلامە لە زانکۆی جۆرج تاون یەکێکە لە بیرمەندە ئیسلامییەکان و نووسەری کتێبی ئیسلام و دیموکراسییە، سەبارەت بە ئیشکالییەتی نێوان ئیسلام و دیموکراسی پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جۆن ڤۆڵ کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ئیخوان موسلمین پتر بایەخ بە لایەنی چاکسازی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیکردن لە ئەخلاق و ئاکارە موحافیزکارەکان دەکەن، بۆ نموونە پۆشینی حیجاب لەلایەن ئافرەتانەوە و کەمتر هەوڵی گرتنەدەستی دەسەڵات دەدەن**

**• ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین دێرینترین و جەماوەرترین ڕێکخراوە لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا، ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتادا باوەڕی بە توندوتیژی نەبوو، بەڵام لە ساڵانی چلەکاندا دوای ئەوەی گۆڕا بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی پەنای بردە بەر توندوتیژی و کاری تیرۆریستی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم ڕێگە و شێوازەی هەڵبژارد؟**

- من پێم وایە ئیخوان موسلمین وەك ڕێکخراوێکی میسری گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە هەر لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئێستا، لە دوای کوژرانی حەسەن بەننا، کەسێك بە ناوی ئەل هوەزەیبییەوە سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوەی گرتەدەست، تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ و دواتر تەلمەسانی ڕێبەرایەتییەکەی گرتەدەست، واتە لە سایەی ڕێبەرایەتی ئەم سەرکردانەدا، ئەم ڕێکخراوە بەرهەڵستی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی کردووە وەك ئامرازێك و لە ڕاستییدا کاتی خۆی هوزەیبی ڕایەگەیاند کە ئیخوان موسلمین پارتێکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕێکخراوێکی ئیسلامییە و هەوڵی باشترکرنی لایەنی ئەخلاقی و ئاکاری کۆمەڵگە دەدات. لە پەنجاکان و شەستەکاندا کەسانێك لەم ڕێکخراوە جیابوونەوە، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی نییە. لە ساڵی ١٩٦٣دا کەسێکی وەك سەید قوتب کتێبێکی گرنگی نووسی کە بانگەشەی بۆ جیهاد و ڕوخاندنی حکومەتەکان دەکرد بە ناوی "مەشخەڵانی ڕێگا"، ئیخوان موسلمین ئەم هەڵوێستەی ڕەتکردەوە، هەروەها ئەو ڕەوتە جیهادی و توندڕەوانەی لە ساڵانی حەفتاکاندا بە کاریگەری کتێبەکەی سەید قوتب لە میسردا سەریان هەڵدا، ئیخوان موسلمین نەبوون، بەڵکو پێشتر ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوون و دواتر جیابووبوونەوە، بۆ نموونە بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی، هەروەها کەسێکی وەك ئەیمەن ئەلزەواهیری کە سەر بە جیهادی ئیسلامی بوو، بۆ نموونە لە کۆتای شەستەکاندا هوزەیبی کتێبێکی نووسی بە ناوی " ئێمە بانگەوازکارین، نەك قازی و جەنگاوەر"، ڕاستە جیهادی ئیسلامی ئیلهامی لە نووسینە سەرەتاییەکانی ئیخوان موسلمین وەرگرت، بەڵام ئەوەی ڕێکخراوێکی تیرۆریستە جیهادی ئیسلامیە، نەك ئیخوان موسلمین.

**• کەواتە چۆن دەتوانن بەشداری لە ژیانی سیاسییدا بکەن لە کاتێکدا بەرنامەیەکی سیاسی ڕوونییان نییە؟**

- تێگەیشتنی من ئەوەیە ئیخوان موسلمین پتر بایەخ بە لایەنی چاکسازی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیکردن لە ئەخلاق و ئاکارە موحافیزکارەکان دەکەن، بۆ نموونە پۆشینی حیجاب لەلایەن ئافرەتانەوە و کەمتر هەوڵی گرتنەدەستی دەسەڵات دەدەن. ئیخوان موسلمین لە میسردا تۆڕێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دروست کردووە، بۆ نموونە ناوەندی پەروەردەی هەیە، عیادەی پزیشکیان هەیە، کاتێك چەند ساڵێك لەوەپێش زەمین لەزرە لە قاهیرەی دا، توانیان هەڵبستن بە رێکخستنی تیمەکانی دابەشکردنی خێمە و بەتانی و هتد. واتە پشتیوانی لە رژێمێکی پەرلەمانتاری دەکەن کە پتر پشت بە یاساکانی شەریعەت ببەستێت، ئەوانەش دوو مەسەلەی جیاوازن.

**• بەڵام لە کاتێکدا داوای ئیدانەکردن یان بەرەنگاربوونەوەی کارە تیرۆریستییەکانیان لێبکرێت، ئامادەنین ئیدانەی بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە نەبن، چۆن دەتوانن لە جیهانی هاوچەرخدا کاربکەن؟**

- من تا رادەیەك گرفتم هەیە لەگەڵ پرسیارەکەتاندا، من پێم وایە ئیخوان موسلمین و سەرکردەکانی ئیدانەی کارە تیرۆریستییەکانیان کردووە و رایان گەیاندووە ئەو کارانەی ئەیمەن زەواهیری و ئەلقاعیدە ئەنجامی دەدەن هەڵەن و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن، هەروەها هەوڵی زۆریان داوە کە هاوکاری حکومەتی میسر بکەن بۆ دووبارە پەروەردەکردنەوەی ئەو تیرۆرستانەی لە زیندانییەکانی میسردان، بە هەمان شێوە ئەو رێکخراوە ئیسلامییەی لە یەمەن کە بەوە ناسراوە نزیکە لە ئیخوان موسلمینەوە هەمان کاری ئەنجامداوە بۆ دووبارە پەروەردەکردنەوەی ئەو تیرۆرستانەی لە زیندانەکانی یەمەندان، هەروەها کاریان کردووە بۆ سەلماندنی بێ بناغەی بانگەشەکانی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری.

**• ئەی سەبارەت بە ئوسامە بن لادن کە ئەویش هەر بەناوی ئیسلامەوە لەسەر توندوتیژی بەردەوامە؟**

- به باوەڕی من بنلادن و ئەلقاعیدە شایستەی ئەوەنین پێیان بووترێت موسڵمان.

**• لە فیلمی سینەمایی (الرسالة) دا موستەفا عەققاد رووی ئیسلام پیشان دەدات، لە کاتێکدا ئوسامە بن لادن لە ١١ی سێپتەمبەردا روویەکی دیکەی ئیسلامی خستەڕوو، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دوو وێنەی جیاوازی هەمان ئاینی پیشان دەدرێت لەلایەن دوو کەسی جیاوازەوە؟**

- سادەترین وەڵام ئەوەیە عەققاد موسڵمانێکی راستەقینەبوو، بەڵام ئوسامە بن لادن کەسێکی بکوژ و تیرۆریستە، کە هەوڵی بەکارهێنانی ئیسلام دەدات بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆی، دەبێت لێرەدا ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە عەققاد لە تەقینەوەیەکدا لە یەکێك لە ئوتێلەکانی عەمماندا کوژرا کە لەلایەن کەسێکی ئەلقاعیدەوە ئەنجامدرا، کە کارەساتێکی گەورەبوو بۆ موسڵمانەکان و بۆ دنیای هونەر بە گشتی، ئەم کردەوەیەش لە لایەن کەسێکەوە ئەنجامدرا کە لە ژێر کاریگەری ئەلقاعیدەدا بوو.

**• ئەی سەبارەت بە تێکەڵکردنی دەوڵەت و ئایین ئایا دەبێت لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەوڵەت و ئایین تێکەڵی یەکتر بکرێنەوە؟**

- گرنگە دوشت لەیەك جیابکەینەوە، یەکەم عەلمانییەت و بوونیادی عەلمانی مانای جیاکردنەوەی دامەزراوە ئایینییەکانە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، واتە کەنیسە یان دامەزاروە ئایینییەکانی دیکە بەشێك نەبن لە دامەزاروەکانی حکومەت، هەروەك ئەوەی لە ئەمەریکا بەدی دەکەین کە کەنیسە بەشێك نییە لە حکومەت، بەڵام مەسەلەکەی دیکە ئەوەیە ئاین کاریگەری هەیە بەسەر بیرکردنەوە و رەفتارە سیاسییەکانی سیاسەتمەدارانەوە، تەنانەت لە ئەمەریکاش هەر سیاسەتمەدارێك کاتێك کۆتای بە قسەکانی دەهێنێت دەڵێت "خوا پشتیوانی ئەمەریکا بێت"، هەروەها ئۆباما کە کەسێکی چالاکە لە رووی ئایینییەوە و ئەندامی کەنیسە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەکات، ئەمە هیچ گرفتێك تێدانییە، لەبەر ئەوەی حکومەت بەکارناهێنێت بۆ پشتگیری کردن لە کەنیسەکەی، یاخود سەرۆکی کەنیسەکەی ناکاتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ئەو مەسەلەیەش لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن دەبێت زانا ئیسلامییەکان حکومڕانێتی بکەن، وەك ئەوەی لە ئێراندا هەیە کە پێی دەڵێن " ویلایەتی فەقیە".


*** دیموکراسیەتی لیبراڵی و سەرکەوتوو بە ترۆپکی حکومڕانێتی دادەنرێت، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان پێیان وایە ئەمە تەنها لە رۆژئاوادا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دو دوژمن لە چوارچێوەی یەك سیستەمدا کۆبکرێنەوە؟**

- دەتوانین بگەڕێنەوە بۆ پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا، کە هەرچەندە ناسنامەیەکی ئاینی هەیە، بەڵام رێز لە زۆرێك لە توراسە عەلمانییەکانی تورکیا دەگرێت، هەروەها ئەوەی بەرهەڵستی بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەکات هەندێك لە عەلمانییەکان، نەك پارتە ئیسلامییەکان، راستە ئەو پارتە ئیسلامییە توونـد و توندڕەوانەش هەن کە پێیان وایە دیموکراسییەتی لیبراڵی سەرکەوتوو نابێت لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام کەسانێکیش هەن کە پێیان وایە دەتوانیت باوەڕداری راستەقینەبیت و لە هەمان کاتدا کەسێکی دیموکراتی و عەلمانیش بیت، گەورەترین رێکخراوی لەم چەشنە بریتییە لە " نهضە العلماء" لە ئەندەنووسیا، کە عەبدولڕەحمان واحید سەرکردایەتی دەکرد، کە کەسێکی سیاسی چالاك بو و سەرکردایەتی رێکخراوێکی دەکرد کە ژمارەی ئەندامانی نزیکەی ٤٠ ملیون کەس بوو، واتە هەم کەسێکی چالاك بوو لە رووی ئایینییەوە، هەم کەسێکی چالاکیش بوو لە سیستەمە دیموکراسی و عەلمانییەکەدا، کە باوەڕی وابوو ئیسلام و دیموکراسیەتی لیبراڵی لەگەڵ یەکدا دەگونجێن.

**ئیخوان موسلمین و سەرکردەکانی ئیدانەی کارە تیرۆریستییەکانیان کردووە و رایان گەیاندووە ئەو کارانەی ئەیمەن زەواهیری و ئەلقاعیدە ئەنجامی دەدەن هەڵەن و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن**

**پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا، کە هەرچەندە ناسنامەیەکی ئاینی هەیە، بەڵام رێز لە زۆرێک لە توراسە عەلمانییەکانی تورکیا دەگرێت**

## چارلس کورزمان:



# من لێکۆڵینەوەم لەسەر ١٢٠ پرۆسەی هەڵبژاردن کردووە چەند هەڵبژاردنەکان ئازادبن ئیسلامییەکان دەنگ کەمتر دەهێنن

پرۆفیسۆر چارلس کۆرتزمان یەکێکە لە تۆژەرە دیارەکانی بواری دیراساتی ئیسلامی و تایبەتمەندە لەسەر پێکهاتنی پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان و، هەروەها دیراسەتی لەسەر ١٢٠ پرۆسەی هەڵبژاردنیش کردووە کە پارتە ئیسلامییەکان لەسەرانسەری ئیسلامدا بەشداریان تێدا کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەهەندەکانی ئیسلامی سیاسیی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا پرۆفیسۆر کۆرزمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

*** ئیسلامی سیاسیی لە کاتی هەڵبژاردنەکانیشدا دەقەکانی قورئانی پیرۆز دەکاتە دروشم، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانن بەشداری لە ژیانی سیاسییدا بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست، لە کاتێکدا بەرنامەیەکی سیاسی روونیان نییە؟**

- من لێکۆڵینەوەم لەسەر بەرنامەی سیاسی ٤٨ پارتی ئیسلامی کردووە، ئەو پارتانەی لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا دروست بوونە، ئەوە راستییەم بەدیکردووە بەرنامەی پارتە ئیسلامییەکان بە گۆڕانی کۆمەڵگە و وڵاتان دەگۆڕێن، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، مەبەستم ئەوەیە بەرنامەی ئیخوان موسلمینی میسر جیاوازە لەگەڵ بەرەی کاری ئیسلامی لە ئوردن، هەروەها لە پارتە ئیسلامییەکانی مەغریب، تورکیا و مالیزیا جیاوازە، واتە پارتە ئیسلامییەکانی جیهان هەموویان یەك هەڵوێستی دیاری کراویان نییە. هەروەها دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم، کە پارتە ئیسلامییەکان زۆر سەرکەوتوو نەبوونە لە هەڵبژاردنەکاندا، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، ئەگەرنا پارتە ئیسلامییەکانی دیکە تەنها رێژەیەکی کەمی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، من پێم وایە پەیوەندییەکی راستەوخۆ نییە لە نێوان دوورودرێژی و تێروتەسەلی بەرنامەی سیاسی ئەم پارتانە و ئەو رێژەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی دەهێنن.

*** ئیخوان موسلمین باوەڕی بە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت نییە، لە هەمان کاتدا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات کە لە لایەن سیستەمێکی عەلمانییەوە ئەنجام دەدرێن، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێدا دیموکراسی مانای جیاکردنەوەی ئاینە لە دەوڵەت، چۆن دەکرێت دووبارە بە هۆی دیموکراسییەوە تێکەڵبکرێنەوە؟**

- دیموکراسی ئەوەیە کە خەڵکی دەیانەوێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خەڵکی خوازیاری ئەوەبن کە سەرچاوەی یاساکان باوەڕە ئایینییەکان بێت، ئەوا ئەمە یەکێکە لە ماناکانی دیموکراسی بەلای ئەوانەوە، بەڵام ئەگەر خەڵکی بەرهەڵستی ئەو یاسایانە بکەن، ئەوا دەبێت لە دژی دەنگ بدەن، ئەوە کێشەیەکی تەقلیدییە لە تیوری دیموکراسیدا، ئایا دەبێت دەرفەت بە زۆرینەی خەڵکی بدرێت بۆ ئەوەی دەنگ بۆ ئەوەبدەن کە دەیانەوێت، واتە گرژیەك هەیە لە نێوان تیوری زۆرینە و تێوری مافەکاندا، کە سنوورێك بۆ دەسەڵاتی زۆرینە دادەنێت. دابەشبونێکی ئەزەلی نییە لە نێوان یاسادانان لەلایەن پەرلەمانەوە لەسەر بنەمای لێکدانەوەیان بۆ دەقە ئایینییەکان، لەگەڵ دارشتنی یاساکان لەسەر بنەمای یاساکانی مافەکانی مرۆڤ، یان هەر بەهایەکی دیکە، ئەمە کێشەکە نییە، کێشەکەوە ئەوەیە ئایا دەنگدەران لەگەڵ ئەم سیاسەتەدان یان نا. من پێم وایە زۆرینەی دەنگدەران لە

کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەگەڵ حاڵەتی یەکەمدانین، من لە لێکۆڵینەوەکەمدا لەسەر ١٢٠ پرۆسەی هەڵبژاردن کردووە کە پارتە ئیسلامییەکان بەشداریان تێداکردووە، بەو دەرئەنجامە گەیشتووم کە تاوەکو هەڵبژاردنەکان ئازادتربن، ڕێژەی دەنگەکانی پارتە ئیسلامییەکان کەمتر بوونە، من دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی بەرنامەی سیاسی پارتە ئیسلامییەکان، لە ڕاستیدا ئیخوان موسلمین بەرنامەیەکی سیاسی دوورودرێژی داڕشتوە و هەر جارێك گۆڕانگاری تێدابکات، دووبارە بڵاوی دەکاتەوە، ئەمە بۆ زۆرێك لە پارتەکانی دیکەش ڕاستە، واتە ئەوان لە بەرنامەکانیاندا باس لە کێشە گەورەکانی ڕۆژ و سیاسەت و هەڵوێستیان دەکەن، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان بەشداری لە هەڵبژاردنە عەلمانییەکاندا دەکەن، لە ڕوانگەی زۆرێك لە ئیسلامییەکانەوە ئەوان هیچ کێشەیەکییان لەگەڵ دیموکراسییەتی جەماوەریدا نییە و تەنانەت هەندێکیان دەستەواژەی "ئیسلامی لیبراڵی"ان داتاشیووە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، کە بە دڵنیاییەوە هەندێك لە موسڵمانەکانی دیکە هاوڕانین لەگەڵ ئەمەدا.

*** بەڵام ئامادەنین ئیدانەی ئیرهاب بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە نەبن، چۆن دەتوانن لە جیهانی هاوچەرخدا کاربکەن؟**

- ئەوان ڕای دەگەیەنن کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کار و کێشەی ئەوان نییە، هەر لەبەر ئەوەشە خۆیان لە لە بزوتنەوە توندوتیژخوازەکانی دیکە جیاکردۆتەوە، ئەوان چەندین کتێب و لێدوان و خوتبەیان هەیە باس لەوەدەکەن کە توندوتیژی و تیرۆر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە قبوڵ ناکرێت.

*** ئەی سەبارەت بە لایەنەکەی دیکەی ئیسلامی سیاسی کە بڕوای بە توندوتیژی هەیە، ئایا ئەوان چۆن سەیری واقیعەکە دەکەن ؟**


- چەندین ڕاپرسی کراوە کە پیشانی دەدەن خەڵکانێك هەن لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوادا کە ئیسلام و تیرۆر یەکسان دەکەن بەیەك، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش دەخەنەڕوو کە زۆرینەی خەڵکی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا موسڵمانەکان بە خەڵکێکی باش لەقەڵەم دەدەن، واتە تەنها ڕووە سلبیەکەی ئیسلام لەو وڵاتانەدا بوونی نییە دەربارەی ڕەوتە توندڕۆەکان بە تایبەتی ڕەوتە توندڕەوەکانی میسر ڕەخنەیەکی زۆر لە ئیخوان موسلمین دەگرن، ئەم خەڵکانە پێشتر ئەندامی ئیخوان موسلمین بوونە و دواتر لێیان جیابونەتەوە و ڕەخنەی لێدەگرن، زەقترین نموونە ئەیمەن زەواهیریە لە ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، کە ڕایگەیاندووە ئیخوان موسلمین ڕێکخراوێکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە توندوتیژی نییە و لەگەڵ بەشداربوونی سیاسیدایە، ئەمەش بە باوەڕی زەواهیری دەبێتەهۆی لاوازکردنی ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەی زەواهیری خوازیارە بەرپای بکات، واتە گرژییەکی زۆر لە نێوان ئیخوان موسلمین و بزوتنەوە شۆڕشگێرییە ئیسلامییەکانی میسردا هەیە.

*** دیموکراسییەتی لیبراڵی و سەرکەوتوو بە ترۆپکی حکومڕانیێتی دادەنرێت، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان پێیان وایە ئەمە تەنیا لە ڕۆژئاوادا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دوو دوژمن لە چوارچێوەی یەك سیستەمدا کۆبکرێنەوە؟**


- زۆرێك لە پارتە ئیسلامییەکان دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا بە دوژمن دەزانن و پێیان وایە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کەلتوری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا ڕەوتە میانڕەوەکانیش لە ئیسلامدا بوونیان هەیە، هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە، لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییدا، لە باشوری ئاسیا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە تێکڕای جیهاندا کە باوەڕیان بەوە هەبوو ئیسلام و بەها مۆدێرنەکان دەتوانن پێکەوە بگونجێن، زۆرجار ئەم ڕەوتە میانڕەوانە لە نێو خۆیاندا جیاوازییان هەبووە، هەروەها هەندێ جاریش پارتە ئیسلامییەکانی دیکە تێکڕای ئەم ڕەوتە میانڕەوانەیان ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوە ڕوودانی ئەو حاڵەتەی لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد بە شتێکی مەحاڵ مەزانن.

**بەرنامەی پارتە ئیسلامییەکان بە گۆڕانی کۆمەڵگە و وڵاتان دەگۆڕێن، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، مەبەستم ئەوەیە بەرنامەی ئیخوان موسلمینی میسر جیاوازە لەگەڵ بەرەی کاری ئیسلامی لە ئوردن**

**ئەیمەن زەواهیریە لە ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، کە ڕایگەیاندووە ئیخوان موسلمین ڕێکخراوێکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی ئێستا باوەڕی بە توندوتیژی نییە و لەگەڵ بەشداربوونی سیاسیدایە**



## عەبدولعەزیز ساچەدین بیرمەندی ئیسلامی بۆ گوڵان:



# کێشەی ئیخوان موسلمین ئەوەیە نازانن بە ڕێکوپێکی بیر بکەنەوە و ناتوانن بەرنامەیەکی ڕێکو پێک دابڕێژن

**پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز ساچەدین بیرمەندی ئیسلامییە و بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامییە لە زانکۆی تۆرنتۆ لە کەنەدا، ئەم بیرمەندە ئیسلامییە لە بێجگە لە کەندا لە چەندین شوێنی دیکەی جیهانیش وانەی دیراساتی ئیسلامی گوتۆتەوە و یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە تێکەڵاوکردنی ئیسلام و سیاسەت بە گونجاو نازانێت، سەبارەت بە کاریگەری ڕەوتە ئیسلامییەکان، پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

**• ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە سەرەتادا نەك هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی نەبـــوو، بەڵکو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتـــی، ئایا ئەو هۆکارانە چیبوون ئەم ڕێکخراوەی بەرەو توندوتیژی برد ؟**

- لـــە جیهانی ئیســـلامدا، هیوایەك بۆ گۆڕان لە حکومەتی ئیســـلامدا هەبوو، هیوایەك هەبوو کە شـــتەکان باشتر دەبن، جارێك کە خەڵك لە رووی رووحی و ئاکارییەوە ئاگاداری ئەرکی سەرشانیانن بەرامبەر بەیەك بوون. ئیخوان موســـلمین وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد، شتێك کە ویســـتی بەدەستی بهێنێت ئەوە بوو شـــەڕی حکومەت بکات، هەروەها حەسەن ئەلبەننا مامۆستای قوتابخانە بوو، بۆیە هیوا زۆر بوو کە شتەکان بە ئاشتییانە دەگۆڕێن و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشتر دەبێت بۆ خەڵك لە ناوچەکەدا لە هەموو ناوچەی دنیای ئیسلامیدا، بەڵام شەڕی ســـاڵی ١٩٦٧ ی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل و دۆڕاندنی میسر و ئەردەن و سوریا لەو شەڕەدا بارودۆخی ناوچەکەی گۆڕی بووە دەستپێکی حکومەتە ئۆتۆکراتییەکان، ئەوانەی کە حەزیان بە دابەشـــکردنی دەسەڵات نەدەکرد و بە گەندەڵی کۆنتـــرۆڵ کرابوون.و ڕێگایان بە خەڵك نەدەدا کە خاوەنی ئەو مافانە بن کە هی خۆیان بوو وەکو بەشـــێکی هاوڵاتییان لەو وڵاتانەدا، لەم قۆناخەدا ئیخوان موسلمین تیکەڵاوی توندوتیژی بوو .

*** بزووتنەوەی ئیخوان موســـلمین هەوڵ دەدات کە کاری سیاســـی بکات، بەڵام بەرنامەیەکی سیاسی روونیان نییە، بەبیروبۆچوونی تۆ چۆن دەگونجێ بۆ بزووتنەوەیەکی سیاســـی هەوڵی هاتنە سەر دەسەڵات بدات لە کاتێکدا بەرنامەیەکی سیاسی روون و ڕاگەیەنراویان نییە؟**

-بەتەواوەتی، کێشەی ئیخوان موسلمین ئەوەیە کە بەرێکوپێکی بیرناکەنەوە و توانایان نەبووە بەدیلێك بۆ بەرنامە بەرهەم بهێنن، بۆنموونە دەڵێن ئێمە یاسای شەریعەتمان دەوێ. پرسیار ئەوەیە ئایا بەتەواوی چییان لە یاسای شەریعەت دەوێ؟ ئایا یاسای شەریعەتییان دەوێ، ئەو ڕێگایەی کە تەفسیرکراوە ؟ئەو ڕێگایەی کە زاناکان لە کۆندا تاووتوێیان کردووە؟ یان شـــتێکییان دەوێ کە لە بارودۆخی نەتەوەی مۆدێرندا کاربکات؟ بۆیە بەرنامەیەکیان نییە، بەشێك لە کێشەکە ئەوەیە کە توندوتیژی چارەسەرێك نییە کە ئیسلام پێیان بدات، پێموایە ئەمە بەهەڵە تێگەیشـــتنە لە قورئـــان و نەریتی پێغەمبەر(دروودی خودای لەسەر بێت)کە پێیان وایە دەتوانن گۆڕانکای بکەن بە توندوتیژی، قورئان بە هیچ ڕێگایەك پێشـــنیارییان بۆ ناکات، بۆ نموونە قورئان دەڵێت شەڕی کافران بکەن،شـــەڕی نەزانان بکەن، پێموایە تەواو روونە کە قورئان گۆڕانێکـــی دەوێ کە زیاتر لە ڕێـــگای ووتووێژەوە دێت، زیاتر لە ڕێگای بەرنامەیەکەوە دێت کە بەدیلەو ڕێگایەکی تێگەیشتن بە خەڵك دەدات لەوەی کە پێویستییان بە چییە بیکەن، توندوتیژی چارەسەر نییە.و بۆیە کێشەمان دەبێت کاتێ ئیسلام لە سیاسەتەوە دەگلێنرێت، بارودۆخی سیاسی بیروباوەڕە ئیسلامییەکان دەشێوێنێت و ئیسلام ناتوانێت توندوتیژی پەسند بکاتەوە کە ئیخوان موسلمین بڵاوی کردووتەوە.

*** بەدرێژایی مێژووی ئیخوان موســـلمین ئەم بزووتنەوەیە هەمیشـــە وەکو قوتابخانەیەك بووە بۆ بەرزکردنەوەی توندوتیژی بەناوی ئیسلامەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئیسلام وەکو دین بە دینی ئاشتەوای و دادوەری ناسراوە.بەبڕوای تۆ تا چەند توندوتیژی و تیرۆر رووی جوانی ئیســـلامی لە نێو خەڵکی ڕۆژئاوادا شێواندووە؟**

-ئۆ زۆر زۆر، پێموایە ئەوەی کە ئێســـتا روو دەدا ئەوەیە کە وێنەی ئیسلام بـــە تەواوی شـــێوێنراوە، دەزانی خەڵك لە دنیای ئیســـلامدا ئاگادارن کە ئەوەی روودەدا شـــێواندنی ئیسلامە، و ئەم دینە ئاشتیخواز و جوانە بووەتە ئایدۆلۆژیای توندوتیژی، ئایدۆلۆژیای ململانێ، پێموانییە ئەمە هەرگیز بە ڕەوا پیشـــان بدات، لەبەر ئەوەی کە ووشەی جیهادی پێغەمبەر(دروودی

خودای لەسەر بێت)بە خراپ لەلایەن ئیخوان موسلمینەوە بەکارهاتووە بە تایبەتی لە راهێنانی تازەدا لە ئیخواندا  پێموایە ئەو جیهادەی بەرلە هەموو شتێك وا دادەنێین کاربکات و مێشکی خەڵکی لە رێگای پەروەردەو رازیکردنەوە بگۆڕێت نەبووەتە بزووتنەوەیەکی توندوتیژ، بۆیە پێموانییە کە هیچ بیانوویەك هەبێت بەراستی بۆ بوونە هۆی تیرۆر.خۆتەقاندنەوە ئەوە نییە کە پێغەمبەر فێریکردوون، ناتوانی خەڵکی بێگوناه بکوژیت لەبەر دادوەری، ناتوانی شەڕی خەڵکی بێگوناه بکەیت، دەتوانی شەڕی سوپاکان بکەیت، دەتوانی شەڕبکەیت بۆ سەربەخۆیی ئەگەر سوپایەکی داگیرکەر هەبوو، بەڵام ناتوانی شەڕی هاوڵاتییان بکەیت و وە ناتوانی بە ناوی ئیسلامەوە بیانکوژیت، پێموایە ئەمڕۆ لە دنیادا ئەمە وێنەیەکی زۆر هەڵە لەسەر ئیسلام دەدات.

*** سەرەڕای ئەمە،ئەوان دەیانەوێ وا خۆیان پیشان بدەن کە باوەڕیان بە تیرۆر و توندوتیژی نییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە کاتێ داوایان لێدەکرێ کە سەرزەنشتی کرداری تیرۆریستی کە بە ناوی ئیسلامەوەیە بکەن و شەڕی بکەن دەبینین حەز ناکەن وا بکەن، ئامادە نین وابکەن، بەبیروبۆچوونی تۆ لەکاتێکدا ئیخوان موسلمین ئامادەنین ئەم هەنگاوە بنێن چۆن دەتوانن لە دنیای مۆدێرندا شوێنێکیان هەبێت؟**

-بەڵێ، پێموایە کێشەکە ئەوەیە کە تێناگەن دنیای مۆدێرن دنیای نەتەوەکانە، ئێمە بەشێکین لە دۆخێکی نێونەتەوەیی کە هەر نەتەوەیەك بەرپرسیارێتی هەیە تا ئاشتی بپارێزێت، هەر نەتەوەیەك بەرپرسیاری هەیە کە وریای خەڵکی خۆی بێت و ئازاریان نەدات و نەبێتە هۆی کێشە بۆ نەتەوەکانی تر، و پێموایە کە تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ لە لایەن ئەوانەوە تەواو کێشەدارە، لەبەرئەوەی کە لە رووی دینی و ئاکاریەوە کێشەدارە لەبەر ئەوەی کە لە ئیسلامدا شتێکی ئاوا نییە کە بتوانی برۆیت و ئاشتی خەڵکانی تر هەراسان بکەیت و و ببیتە هۆی ئازار بۆ خەڵکی تر، زیان و ئازار گەیاندن لە ئیسلامدا نییە، ناتوانی ببیتە هۆی ئازار بۆ هیچ کەسێك، و ناتوانی ئازار بە ئازار بگۆڕیتەوە.پێویستە رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ ببینیتەوە، پێموایە کە ئیخوان بەراستی لەم چەند ساڵانەی یان مانگانەی دواییدا سنوورەکانی فێرکردنێکی زۆر گرنگی ئیسلامی لە بەها ئاکاری و رووحییەکانییدا بڕیووە.

*** حەزدەکەم بپرسم کە ئێمە هەموومان لەبارەی فیلمی پەیامەوە دەزانێت، دەبینین ئەوەی کە مستەفا ئاکاد قسەی رۆژئاوای لە فیلمەکەدا پیشانداوە ئەوە ئیسلام بوو وە لە ئەنجامی ئەم فیلمەدا دە هەزار خەڵك بوون بە موسڵمان، هەروەها ئەوەش کە ئوسامە بنلادن لە یانزەی سێبتێمبەردا پیشانی داوە بەناوی ئیسلامەوە بووە، بە بیروبۆچوونی تۆ بۆچی مستەفا ئاکاد بەو رێگایە لە ئەم فیلمەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیسلامدا دەکات و ئوسامە بنلادنیش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناوی ئیسلامدا کردووە لە یانزەی سێبتێمبەردا؟**

- لە فیلمەکەدا بۆ نموونە مستەفا عەقاد لە پەیامە گرنگەکەیدا لە رێگای فیلمەکەوە ئەوە بوو کە پیشان بدات چۆن ئیسلام بووەتە بزوتنەوەیەك کە جیهانی لەسەر بنەمای دادوەری و ئاشتی ریکخستووە وهەروەها لەسەر بنەمای کێشمەکێش لە دژی نادادوەری لە دنیادا بووە، پێموایە کە ئەو خاڵانەی بە رێگایەکی زۆر زۆر جوان نیشانەکردووە چونکە فیلمێکە لە سەر ژیانی پێغەمبەرەوە(دروودی خودای لەسەر بێت) هاتۆتە بەرهەم و پاشان بەڕوونی ئەوە پیشان دەدات کە فێرکردنەکانی ئیسلام لە بارەی خەڵکانی ترەوە و لەبارەی بوونە هۆی دادوەری چی بووە، پێموایە بنلادن بەهەرشێوەیەك بێت بەشە جوانەکانی ئیسلامی بەکارهێناوە و بە تۆمارکردن لایەنی ناپەسندی هەندێ لە کێبەرکێکانی پیشانداوە، ئەمە شێواندنێکی تەواوی پەیامی قورئانە لەبەرئەوەی کە قورئان پێشنیازی ئازار دەرانە فێرناکات، پێشنیازی بێ زیان فێردەکات، مافی ئەوەت هەیە کە ئازاری خۆت بدەیت، بەڵام مافی ئەوەت نییە کە بچیت و خەڵکی بێگوناه بکوژیت، ئا ئەمە جیاوازی نێوان مستەفا ئەلئەققاد و ئوسامە بنلادنە، **ئوسامە** نزیکەی هەموو پەیامەکانی ئەوەن کە ئیسلام دەتوانێ هەموو شتێك بکات لە دژی نادادوەری، و دەتوانێ خەڵکی بێگوناه بکوژێت، کە راست نییە و لە ئیسلامدا قبوڵ ناکرێ، هەرکەسێ کەسێك بەبێ ماف بکوژێت پێویستە بکوژرێتەوە و بمرێت، ئەمە ئەوەیە کە قورئان فێرت دەکات، بۆیە تەواو ئاشکرایە کە دوو تاك لە ماوەی بیست سی ساڵی رابردوودا دوو رووی جیاوازی ئیسلامییان پیشانداوە، بە دڵنیاییەوە رووی ئوسامە بنلادن روویەکی شێواوە کە رووی ئیسلام نییە.

*** ئەمڕۆ لە دنیای مۆدێرندا دەبینین کە دیموکراسییەتی لیبرالی سەرکەوتوو بە باشترین سیستەمی حوکمڕانی دادەنرێت ، حزبە ئیسلامییەکان بە سەرکەوتوو و براوە دادەنرێن لە رۆژهەڵاتدا بەسەر دنیای ئیسلامدا و بەڕوونی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان لە دژی دیموکراسییەتی لیبرالن، چۆن دەکرێت ئەم دوو دووژمنە لە یەك پرۆسەدا کۆبکرێنەوە؟**

-پێموایە کە حزبە ئیسلامییەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بەرپرسیارێتی جەماوەری بەشێکە لە فێرکردنەکانی ئیسلام، هەر کەسێك لە جەماوەر بێت بەرپرسیارە ، بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردن لە کاتێکدا لە حکومەتدایە و کاتێك حوکمڕانی خەڵکی موسڵمان دەکات، کاتێك تێکەڵەی ئیسلامی بە دیموکراسیمان دەبێت ناتوانین ئەوانە بکەین کە قسەی لەبارەوە دەکەیەن. بۆیە بوون بە دژی دیموکراسییەتی لیبرال میتۆدێك نییە، بەڵام دژی دیموکراسی خۆی، دیموکراسی تەنیا فڕێدانی وشە نییە، دیموکراسی واتا گەیاندنی دادوەری، واتە رێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ، واتە رێزگرتن لە ئازادیەك کەباشترین وەسفی هەموو مرۆڤەکانە لە وڵاتێکی راستدا، ناتوانی جیاوازی بکەیت، ئەمە ئەوەیە کە ئیسلام فێریدەکات، چۆن ئیسلام فێرت دەکات کە جیاوازی بکەیت بۆنموونە لە دژی کەسێك کە موسڵمان نییە؟ چۆن ئیسلام فێرت دەکات کە جیاوازی بکەیت لە دژی کەسێك کە باوەڕی بەو ئیسلامە نییە کە تۆ باوەڕت پێیەتی، بۆنموونە مەزهەبی شیعەو سوننە، پێموایە کە هەموو ئەم شتانە بەشێکن لە دیموکراسی کە موسڵمانان پێویستییان بەوە هەیە کە حزبە ئیسلامییەکان ئیلتیزام بکەن، ئەگەرنا زۆر بەسادەیی ئەوان باسی حکومەتێك دەکەن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سیستەمی پاشایەتی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتەواوەتی گەندەڵ بووە و، ئەمەش هیچی باش بۆ موسڵمانان ناهێنێت.

*** بەڕێز پرۆفیسۆر ئەمە دوا پرسیارمان بوو و دەپرسم ئەگەر شتێکت مابێت بەخەڵك یان خوێنەرانی ئێمەی بڵێیت لە بارەی بابەتەکەوە یان هەر شتێکی تر؟**

-بەڕاستی حەزدەکەم کە سەرکردەکانمان لە دنیای ئیسلامییدا لەوە تێبگەن کە ئێمە لە دۆخێکی نێونەتەوەییدا دەژین کە تەنیا ئابڕووی خەڵکەکەمان نییە بەڵکو ئابرووی ئیمانیشمانە لەبارەی ئیسلام و کەلەپورمانەوە گرنگن بپارێزرێن، ئەمە بەواتا پێویستە بیرۆکەکانمان بگەیەنین بە رێگایەك کە کاردەکاتە سەر هەموو مرۆڤ وەکو بەشداربووی یەکسان لە سیستەمی دیموکراسی دا لە حوکمڕانیدا کە هەموومان پێکەوەین، ئەمڕۆ هیچ وڵاتێك لە تەنیایی دا بەجێ ناهێڵدرێ، ئەگەر بەشێکین لە دۆخی جیهان پێویستمان بەوە هەیە پیشانی بدەین کە چیمان پێدەکرێت، و پیشاندانی ئەوەی کە چیمان پێدەکرێ مەرجە لەسەر هەستکردنی ئێمە بە شکۆی مرۆیی و ئازادیە مرۆییەکان و سیستەمی دیموکراسی و لە کۆتاییشدا مافی خەڵکی لەسەر هەرکەسێك بۆ ئەوی ترە ئەوەندەی مافی خەڵکی لەسەر حکومەتە، پێویستە حکومەتەکانمان حکومەتی بەرپرسیار بن، و نەبن بە حکومەتی دیکتاتۆری، تا خەڵکەکەمان پاڵبنێن بەرەو بارودۆخێك کە پاکێتی و باشترین دۆخی کۆمەڵگا باڵادەست بێت، پێموایە ئەمە زۆر گرنگە کە حکومەتەکان بیکەن.

●●●

**دنیای مۆدێرن دنیای نەتەوەکانە، ئێمە بەشێکین لە دۆخێکی نێونەتەوەیی کە هەر نەتەوەیەک بەرپرسیارێتی هەیە تا ئاشتی بپارێزێت، هەر نەتەوەیەک بەرپرسیاری هەیە کە وریای خەڵکی خۆی بێت و ئازاریان نەدات و نەبێتە هۆی کێشە بۆ نەتەوەکانی تر**

●●●

●●●

**ئوسامە هەموو پەیامەکانی ئەوەیە کە ئیسلام دەتوانێ هەموو شتێک بکات لە دژی نادادوەری و دەتوانێ خەڵکی بێگوناه بکوژێت، کە راست نییە و لە ئیسلامدا قبوڵ ناکرێ**

●●●

## عەلائەدین یەعقوب بۆ گوڵان:

# ئەوانەی شتێک لەبارەی ئیسلامەوە دەزانن، گەیشتوونە ئەو راستییەی ئیخوان موسلمین نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات



پرۆفیسۆر عەلائەدین یەعقوب ئوستادی فەلسەفەی لۆژیکە لە زانکۆی لیهی لە ئەمەریکا و یەکێکە لەو تۆژەرانەی کە باسەکانی بۆ فەرەنسی و عەرەبی تەرجەمە دەکرێن و پسپۆرە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، بۆ قسەکردن و بەدواداچوونی پرسی ئیسلام و سیاسەت چەند پرسیارێکمان ئاراستە پرۆفیسۆر یەعقوب کرد کە ئەمە دەقی راو بۆچوونەکانییەتی.

**ئیخوان موسلیمن کە بوو بەرێکخراوێکی سیاسیی و دەستیان بە کارکرد بە تیرۆرەوە خەریک بوون، بۆیە تۆوندوتیژی شتێکی نامۆ نەبوو بەوان، پێموایە لەگەڵ کاتدا توندوتیژتر بوون، وەکو زۆرێک لە بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان**

*** بۆچی کە ئیسلام دەبێت بەسیاسەت، رووە جوانەکەی نامێنێت، هەر بۆ نموونە ئیخوان موسلمین سەرەتا تێکەڵی سیاسەت نەبوو، تێکەڵی سیاسییەت بوو وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیی خۆی راگەیاند، میانڕەوی بوو بە توندوتیژی ئایا بۆچی ئیخوان موسلمین وایان بەسەرهات ؟**

- ئیخوان موسلیمن کە بوو بەرێکخراوێکی سیاسیی و دەستیان بە کارکرد بە تیرۆرەوە خەریك بوون، بۆیە تۆندوتیژی شتێکی نامۆ نەبوو بەوان، پێموایە لەگەڵ کاتدا توندوتیژتر بوون، وەکو زۆرێك لە بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان بەبیرووبۆچوونی شەڕانگێزی و توندوتیژەوە کاریان کردووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە توندوتیژیان هەبوو. لە سوداندا بە گەورەیی کار دەکەن و کردوویانە، بەدڵنیاییەوە گونجاونین کە هیچ هێزێکی سیاسییان هەبێت.

*** بەبڕوای تۆ تا چەند توندوتیژی و تیرۆر رووی جوانی ئیسلامی لە نێو خەڵکی رۆژئاوادا شێواندووە؟**

- بەڵێ کاریگەرییەتییەکی گەورەی هەبووە. هەڵمەتی تیرۆریستی نێونەتەوەیی بە ناوی ئیسلامەوە ئیسلامی بە روویەکی زۆر ناشیرین پیشانداوە. کۆمەڵێك خەڵك ئەوانەی کە شتێك لەبارەی شارستانییەتی ئیسلامەوە دەزانن، تێدەگەن کە ئەم بزووتنەوەیە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات، بەڵام زۆرێك لە خەڵکی ئاسایی ئیسلام لە تیرۆردا دەبیننەوە، بۆیە ئەم بزووتنەوەیە کاریگەریگەری لەبیروبۆچوونی دنیادا لە بەرامبەر ئیسلامدا کردووە.

***مستەفا عەقاد ئەو پیاوە مەزنەی عەرەب بوو کە هەوڵیدا لە رێگەی هونەرەوە جوانترین رووی ئیسلام پیشانی جیهان بدات، بەڵام بن لادن بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین ئیسلامی پیشان دا، ئایا تاچەند بن لادن هەوڵەکانی عەقادی بێ ئاکام کرد؟**

- ئەم فیلمە فیلمێکی زۆر پۆزەتیڤە، هەوڵی داوە تا سەرهەڵدانی زووی ئیسلام پیشان بدات، هەوڵی داوە کە ئەوە شیبکاتەوە کە چۆن ئیسلام دەورە دراوە بە خەڵکانێك کە ویستوویانە بە هێز وێرانی بکەن. بۆیە ئیسلامەکان پێویستە وەڵامیان بدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئوسامە بن لادن تەواو بە پێچەوانەوەی فیلمی (الرسالە)وە کەسایەتییەکی شەڕانگێزە کە باوەڕی بە بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە لە دژی کەسانی بێ گوناە کە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت و وڵاتانی نائیسلامەوە هەیە. ناوناوبانگێکی زۆر خراپی بە ئیسلام داوە.

*** لەبارەی ئیخوان موسلمینەوە، ئێستا ئەوان دەیانەوێ وا خۆیان پیشان بدەن کە باوەڕیان بە تیرۆرو توندوتیژی نییە،**

**کاتێ داوایان لێدەکرێ کە سەرزەنشتی کرداری تیرۆریستی کە بە ناوی ئیسلامەوەیە بکەن و شەڕی بکەن دەبینین حەز ناکەن وا بکەن. بەبیروبۆچوونی تۆ لەکاتێکدا ئیخوان موسلمین ئامادەنین ئەم هەنگاوە بنێن چۆن دەتوانن لە دنیای مۆدێرندا شوێنێکیان هەبێت؟**

- نەخێر هەگیز ئامادەنین و پێموانییە نواندن بکەن، ئەوان بزووتنەوەیەکی توندوتیژن، ئەمە مێژووە و من هەرگیز باوەڕم پێیان نییە.

*** بەڵام چۆن لە دنیای مۆدێرندا شوێنێکیان دەبێت؟**

- تاکە ڕێگا تا لە دنیای مۆدێرندا شوێنێك بەدەست بێنن ئەوەیە پێویستە کە بەڕاستی سەرزەنشتی توندوتژی بکەن و خۆیان لە هەر گرووپێکی توندوتیژ دابڕن و ڕۆڵی دیموکراسی قبوڵ بکەن، هەروەها پێویستە زیاتر عیلمانی بن. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیان لە دیموکراسییەتەوە زیاتر بێت ناتوانن دینی ئیسلام بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.پێویستە بەڕاستی دیموکراسی بن بەڵام لە بنەماوە خۆیان بگۆڕن ئەگەر دەیانەوێ ڕۆڵیان هەبێت.

*** بەرنامەیەکی ئەوان ئەوەیە کە ڕەتیانکردۆتەوە دین لە دەوڵەت جیا بێت، بەڵام ئامادەن لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەن کە لە دەوڵەتی عیلمانیدا ئەنجامدەدرێت. مادام دیموکراسی بە واتای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت بێت چۆن دەگونجێ لە ڕێگای دیموکراسییەتەوە دین لەگەڵ سیاسەتدا جارێکی تر تێکەڵ بکرێتەوە؟**

-نەخێر هەرگیز گونجاو نییە، بۆیە پێموایە کە بۆ ئەوەی ڕۆڵێك بگێڕن نەك هەردەبێت ڕێگای توندوتیژیان بگۆڕن بەڵکو دەبێت بگۆڕێن بۆ عیلمانی، ئەمە کێشەکەیە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیانەوێت دیموکراسی بەکاربێنن تا دەوڵەتێکی دینی دروست بکەن کە ئەمەش هەرگیز دیموکراسییەت نییە، بۆیە دەبێت زیاتر عیلمانی بن و بۆ ئەوەی ببن بە عیلمانی دەبێت لە ئیسلامی سیاسی دووركەونەوە.

*** چۆن دەکرێت بەشداری بکەن و بڕواشیان بە دیموکراسییەت نەبێت؟**

- ئەوان باوەڕیان بە دیموکراسی نییە و دەیانەوێت ئیسلام بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، هیچ کارێکیان نییە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەدا.

*** دەبینین لە دنیای مۆدێرندا کە دیموکراسییەتی لیبرالی سەرکەوتوو بە باشترین سیستەمی حوکمڕانی دادەنرێت، حزبە ئیسلامییەکان بە سەرکەوتوو و براوە دادەنرێن لە ڕۆژهەڵاتدا بەسەر دنیای ئیسلامدا. بەڕوونی حزبە ئیسلامیە سیاسییەکان لە دژی دیموکراسییەتی لیبرالن. چۆن دەکرێت ئەم دوو دووژمنە لە یەك پڕۆسەدا خڕبکرێنەوە؟**

- ئەمە کێشەیە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بە گشتی، کێشەیان لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە، بەڵام دەیانەوێت لە پرۆسەی دیموکراسیدا بەشداری بکەن کە ناکۆکییە،بەڵام ئەمە بەراستی کێشەیانە، وا بیر لە دیموکراسییەت دەکەنەوە کە سیستەمێکی ڕۆژئاواییە و لە دژی دەوەستن و لە هەمانکاتدا دەیانەوێت بەشداری تێدا بکەن. ئەمە بەدڵنیایەوە ناکۆکییە.

*** بەڕێز پرۆفیسۆر شتێکی دیکەت بۆ ئێمە و خوێنەرانمان باس بکەیت.**

-نەخێر. تەنیا دەمەوێ بزانن کە خەڵکانێکی زۆر هەن کە هەڵگری ئیسلامن و پەیرەوی دەکەن کە باوەڕیان بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت هەیە و پەیوەستن بە دیموکراسییەتی عیلمانیەوە.



**بن لادن تەواو بە پێچەوانەی فیلمی (الرسالة)ەوە کەسایەتییەکی شەڕانگێزە کە باوەڕی بە بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە لە دژی کەسانی بێ گوناه کە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت و وڵاتانی نائیسلامەوە هەیە**

**حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیانەوێت دیموکراسی بەکاربێنن تا دەوڵەتێکی دینی دروست بکەن کە ئەمەش هەرگیز دیموکراسییەت نییە، بۆیە دەبێت زیاتر عەلمانی بن و بۆ ئەوەی ببن بە عەلمانی دەبێت لە ئیسلامی سیاسی دووركەونەوە**



سامی شۆرش

# سیاسەتە عێراقیەکەی ئۆباما جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوەی بوش نییە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

پێش چەند رۆژێک باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بنکەیەکی سەربازی لە ناو ئەمریکا، سیاسەتە ستراتیژییە نوێیەکەی خۆی لە بارەی عێراقەوە راگەیاند، کاکڵی ئەم سیاسەتە، وەك لە وتارەکەی ئۆباما دەرکەوت، لە سێ خاڵی گرنگ پێکهاتبوو:

**یەکەم،** ئەمریکا بە جیددی کار بۆ ئەوە دەکات هێزە سەربازیەکانی خۆی لە ماوەی نۆزدە مانگ، واتە تا مانگی ئابی ساڵی داهاتوو، لە عێراق بکێشێتەوەو لە کۆی ١٤٢ هەزار سەرباز تەنیا ٣٥ تا ٥٠ هەزار سەرباز بهێڵێتەوە. دواتر ئەم بەشە هێزەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بکێشێتەوە.

**دووەم،** ئیدارەی ئەمریکی یارمەتی حکومەتی عێراق بدات لەوەی کە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە هێز بکرێن و رێبازی دیموکراسی لە عێراق سەقامگیر بکرێت و ئاشتەوایی لە وڵاتەکەدا دابمەزرێنێت و پەیوەندییەکانی حکومەتی بەغدا لەگەڵ دراوسێکانی تەباو ئاسایی بێت.

**سێیەم،** ئیدارەی ئەمریکا یارمەتی عێراقییەکان بدات لە بواری ئەوەی کە ئەو کێشە ناوخۆییانەی تا ئێستا لە عێراق بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، ئیتر بە شێوەیەکی سیاسی و دەستووری و گونجاو چارەسەر بکرێن.

دیارە، هەر زوو، ئەم سێ خاڵە ستراتیژەی ئۆباما بەرامبەر بە عێراق چاوەڕوان کراو بوون. ئەوەتا ئەو شانزە مانگەی ئۆباما لە کاتی هەڵبژاردندا ئاماژەی پێ دا بوو بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق، گۆڕدرا بە ١٩ مانگ و دەرگایش بە واڵایی هێڵدرایەوە کە بە پێی هەلومەرجی داهاتووی ناو عێراق ئەو بڕیارە قابیلی چاو پێداگێڕانەوە بێت. لێرەدا، مەعلومە گەورە بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا، سەرۆك ئۆبامایان لەوە پەشیمان کردۆتەوە کە بە پەلە پەل و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هێزەکان بکێشێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی پەشیمان بوونەوەکە بە زەقی دەرنەکەوێت و لەو سەرەتای دەست بە کار بوونەیدا زیان بە میسداقیەتی نەگات، وا بە چاك زانراوە، پێشتر وادەی کشاندنەوەکە بکرێتە نۆزدە مانگ و دواتر بە پێی هەلومەرجی ناو عێراق ئەو وادەیەش قابیلی گۆڕان بێت.

مەسەلەی یارمەتی دانی عێراقییەکانیش، وەك دەزانرێت، لە بواری ئەمنیەت و دیموکراسیدا، هەر لە سەردەمی سەرۆك بوشەوە پرەنسیپێکی ئەمریکایەو رێککەوتننامە ئەمنیەکەش جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئۆباماش ناچارە بە هەمان رێگەو شوێن بڕوات، بۆ مەسەلەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانیش بێگومان ئیدارەی ئەمریکا ماوەیەکە هەست بەوە دەکات کە حکومەتی نوری ئەلمالیکی رەنگە نەتوانێت یان نەیەوێت بە شێوەیەکی سیاسی و دەستووری ئەو کێشە گرنگانە چارەسەر بکات بە تایبەتی لە بواری ئاشتەوایی نیشتمانی و مەسەلەی کەرکووك و فایلی نەوت و گاز.

بەڵام، وەك ئیدارەی ئۆبامایش هەستی پێدەکات، دوور نییە، هێشتنەوەی ئەو کێشانە، عێراق بخاتەوە ناو زۆنگاوی توندوتیژی چەکدارییەوە. بۆیە وەك چۆن سەرۆك بوش دەیگوت، سەرۆك ئۆباماش دووپاتی کردۆتەوە کە پێویستە واشنتۆن لەو بوارەدا یارمەتیی عێراقییەکان بدات. دیارە ئەمینداری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بان کی مۆن، لە باری خۆیەوە، پێش چەند رۆژێك، رایگەیاند کە ئیتر لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا بە شێوەیەکی گەرمتر دێتە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی دەستوورییانەی کێشەی کەرکوك و هەموو ناوچەکانی دیکە جێگەی ناکۆکی.

بە هەر حاڵ، ئۆباما کارێکی چاکی کرد بەوەی نەیهێشت جیاوازییەکی زۆر بکەوێتە نێوان سیاسەتە عێراقییەکەی خۆی و ئەوەی پێشتر سەرۆك بوش رایگەیاند بوو. دیارە، هەر بۆشاییەك لەو نێوانەدا سەری هەڵدابووایە، ئەوا بێگومان لە لایەن دوژمنانی عێراقی تازەو دیموکراسیەوە دەقۆزترایەوە بۆ ئەوەی زیانی گەورە لە سەقامگیری و بەرەو پێشەوە چوونی عێراق بدرێت. دیارە، راوێژکارانی ئیدارەی پێشوو، بە تایبەتی لە بواری سەربازی، رۆڵی گەورەیان هەبووە لەوەی نەیانهێشت هیچ جۆرە بوشاییەکی هەست پێکراو لەو نێوانەدا دروست بێت.

بێگومان، لەو ستراتیژە تازەیەی سەرۆك ئۆباما، لایەنی سەربازی گرنگ و بایەخدارە، بەڵام ئەوەی گومان قبوڵ ناکات ئەوەیە کە لایەنی سیاسی زۆر گرنگترو بایەخدارترە. مەبەست لە لایەنی سیاسی هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکایە لە بەرامبەر یارمەتی دانی عێراقییەکان لە بواری چارەسەر کردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان. سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرایی پەنجەی بۆ ئەو کێشانە رانەکێشاو باسی لێوە نەکردن، بەڵام وەك هەموو لایەك دەیزانن کە **چەندگرفتێکی گەورە هەن لەبەردەمی عێراقی تازەداو پێویستیان بە چارەسەر**

**هەیە. گەورەترینی ئەو گرفتانە سێ خاڵن:**

یەکەم، مەسەلەی ئاشتەوایی نیشتمانی بە تایبەتی لەگەڵ پێکهاتەی سوننەی عەرەب. دووەم، مەسەلەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە. سێیەم، مەسەلەی یاسای نەوت و گاز. چارەسەر نەکردنی ئەو سێ گرفتە مەترسییەکی زۆر گەورە بۆ سەر عێراق دروست دەکات: یەکەمیان، ڕەنگە سەر لە نوێ شەڕی تایفەگەری لە نێوان سوننەو شیعە بهێنێتەوە گۆڕێ. دووەمیان، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی شەڕێکی نەتەوەیی لە ناو عێراقدا، بە تایبەتی لە نێوان کوردو عەرەب، بەرپا بێت و دەوڵەتی عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە بەرێت. سێیەمیان، ئەگەر یاسای نەوت و گاز بەو شێوەیەی ئامادە کراوە نەخرێتە پەرلەمان و ئیقرار نەکرێت، ڕەنگە ڕێگە لە گەشە کردنی عێراق بگرێت و دەرگاکەی هەر بە قفڵ کراوی لەبەردەم پیشەسازی نەوت و وەبەرهێنانی جیهانی بهێڵێتەوە.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، پێویستە ئیدارەی ئۆباما بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی یارمەتی دانی حکومەتی عێراق و عێراقییەکان بدات لە بواری چارەسەرکردنی ئەو سێ کێشەیەدا. ئەوەی زۆرتریش ئەم مەسەلەیە بە گرنگی دەهێڵێتەوە ئەوەیە کە حکومەتی ئەلمالیکی، وەك لە وتارەکانی پێشووشدا ئاماژەی پێکراوە، تا ئێستا هیچی ئەوتۆی پیشان نەداوە کە بە تەنگ چارەسەر کردنیانەوەیە. ئەوەتا، لە لایەك دەستی ئاشتەوایی بۆ ئەفسەرانی بەعسی درێژ دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکە، دەیان گیروگرفت لەبەردەم پێکهاتەی سوننەی عەرەب دروست دەکات. دواترینی ئەو کێشانە مەسەلەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق بوو کە لە پەرلەماندا هەندێك لە ئەندامانی بەرەی ئیتیلافی عێراقی بە گشتی و پەرلەمانتارانی حزبی دەعوەی ئەلمالیکی بە تایبەتی، دەنگیان بۆ کاندیدی سوننەکان دکتۆر ئەیاد ئەلسامەڕائی نەدا. ئەوەتا، لە کاتێك حکومەت بە دەستساردی لە بەرامبەر بوژاندنەوەی ئابووریی ناوچە سوننە نشینەکان دەجولێتەوە، لە هەمان کاتدا پارەو پوولێکی بێ شومار بۆ ئەنجومەنەکانی ئیسناد هەڵدەڕێژێت و پڕ چەکیان دەکات و دنەی قووڵ بوونەوەی ناکۆکییەکانیان دەدات.

لەو لاوە، ئەوەتا، لەگەڵ فایلی ١٤٠ یش هەمان شت. لە لایەك رادەگەیەنێت کە وابەستەی دەستوورەو هەوڵی جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەدات، کەچی لە لای دیکەوە، خۆی لە ماددەی ١٤٠ دەدزێتەوە. سەرباری خۆ دزینەوەکەش، کار بە پرەنسیپە پێچەوانەکانی ئەو ماددەیەش دەکات و کۆشش بۆ سڕینەوەی ناوەڕۆکەکەی دەکات.

ئەم جۆرە ڕەفتارانەی حکومەتی ئەلمالیکی، لە ڕاستیدا، ئاگر خۆشکەرن بۆ تەقینەوەی گیروگرفتەکان بە تایبەتی لە دوای ڕۆیشتنی ئەمریکییەکان. بۆیە، هەق وایە سەرۆك ئۆباما، ئەگەر بە ڕاستی بە تەنگ دیموکراسیەکەی عێراقەوەیە، لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا هەوڵێکی بەراستی بدات بۆ بە جێ گەیاندنی ئەو پەیمانانەی خۆی و ناچارکردنی بەغدا بەوەی ئاشتەوایی نیشتمانی بە شێوە ڕاستەقینەکەی و ماددەی ١٤٠ بە کەرکووکەوە جێ بە جێ بکرێن و نەهێڵرێنەوە بۆ دوارۆژ. ترسێکی زۆر هەیە، ئەگەر ئەم کێشانە وەك خۆیان بمێننەوە، لە دوای کشانەوەی هێزە سەربازیەکەی ئەمریکا، ئیتر ئەلمالیکی بە شێوازی چەکدارانەو بە ئارەزووی خۆی و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵی چارەسەر کردنیان بدات. لەو حاڵەتەشدا، گومان لەوە نییە کە نە پێکهاتەی سوننەی عەرەب رازی دەبێت و نە پێکهاتەی کورد.

هەر پابەند بەو مەسەلەیە، سەرنجێکی گرنگ هەیە پێویستە لە پێش چاوی بگیرێت: هەندێك ناوەندی کوردی وای لێك دەدەنەوە گوایە ئەلمالیکی دەیەوێت لەگەڵ پێکهاتەی سوننەی عەرەب پێك بێتەوەو داواکارییەکانیان جێ بە جێ بکات و بۆ لای خۆی ڕایانبکێشێت لە دژی کورد. ئەم لێك دانەوەیە هەمووی ڕاست نییە، بەڵکو بەشێکی ڕاستە. بەشە ناڕاستەکەی ئەوەیە کە زۆربەی سوننەی عەرەب تا ئێستایشی لەگەڵ دا بێت ناکۆکن لەگەڵ ئەلمالیکی. تا ئێستاش پێیان وایە بە شێوەیەکی گونجاو ڕۆڵیان لە ناو حکومەتی عێراقدا نیەو وەك پێویست بەشداریان پێ ناکرێت لە پڕۆسەی سیاسی عێراقی. حزبی ئیسلامی عێراقی و بەرەی تەوافوقی عێراقی و چەندین هێزی دیکەی سوننەی عەرەب، تا ئێستاش وای لێك دەدەنەوە ئەلمالیکی لە ژێر کار تێکردنی ئێران دایە و بە فیتی ئێران ئەوانی پەراوێز کردووە.

بەڵام بەشە ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئەلمالیکی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەندێك پاشماوەی بەعس و هەندێك لە ئەفسەرە گەورەکانی سوپای پێشووی عێراق پێك بێتەوە. ئەوەی لە موسڵ ڕووی دا، واتە گەیشتنی لیستی ئەلحەدبا بە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بەو ڕادە زۆرەی دەنگ، هەوڵ و پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەلمالیکی لەگەڵ بوو. بە هەر حاڵ، مەبەستی ئەلمالیکی لە پشتگرتنی ئەو پاشماوانەی بەعس تەنیا ئەوەندەیە کە لە دژی کورد بەکاریان بهێنێت بە تایبەتی لە ناوچە دابڕاوەکان. دەزانێت لەو ناوچانەدا ڕەنگە ئاسان نەبێت بە هێزو سوپای حکومەت لەنگەرەکان بگۆڕدرێن. بەڵام دوور نییە ئەو لەنگەرانە لە نێوان کوردو عەرەب گۆڕانێکی بنەڕەتیان تێبکەوێت ئەگەر ئەلمالیکی پشتی پاشماوەکانی بەعس و ئەفسەرە کۆنەکان بگرێت و لە دژی کورد هانیان بدات و پارەو چەکێکی زۆریان بخاتە بەردەست. بۆیە، پێویستە سەرۆك ئۆباما دەست بە فشار بردنە سەر بەغدا بکات بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانەو دەستووریانەی گیروگرفتە هەڵپەسێردراوەکانی ناو عێراق بەر لە ڕۆیشتنی سەربازەکانی لە عێراق.

●●●

**حکومەتی ئەلمالیکی لە لایەک رادەگەیەنێت کە وابەستەی دەستوورەو هەوڵی جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەدات، کەچی لە لای دیکەوە، خۆی لە ماددەی ١٤٠ دەدزێتەوە**

●●●

●●●

**مەبەستی ئەلمالیکی لە پشتگرتنی ئەو پاشماوانەی بەعس تەنیا ئەوەندەیە کە لە دژی کورد بەکاریان بهێنێت بە تایبەتی لە ناوچە دابڕاوەکان**

●●●

# گوتاری ئایینی لە کوردستاندا



سالار عوسمان

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا، پێویستە خوێندنەوەیەکی وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز نێچیرڤان بارزانی بکەین، چونکە لە نێو ئەو وتارەدا ماناگەلێکی قسەهەڵگر خۆ نیشان دەدەن کە شایستەی هەڵوەستە لەسەر کردن و خوێندنەوەن.

ئەو وتارەی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە لە کۆنفرانسی یەکخستنەوەی گوتاری ئایینی پێشکەشی کرد، گوتارێک بوو راوەستاو لەسەر چەند کۆڵەکەیەک، لەوانە:-

**یەکەم: ئایین و نەتەوە:-**

سەرۆکی حکومەت راشکاوانە پرسە نەتەوەییەکانی خستە نێو گفتوگۆیەکی کراوە و سەرجەم زانایانی ئایینی لەبەردەم بەرپرسیەتی ئەرکە نەتەوەییەکان دانا و هەر دوو بوارەکەی (ئایین) و (نەتەوە)ی بەیەکەوە گرێدا، دیارە رایەڵە پتەوەکانی نێوان ئایین و نەتەوە زۆرن و دەکرێ زانایانی ئایینی لە کوردستان ئەم رایەڵانە بدۆزنەوە و کاری جدی لە پتەو کردنیدا بکەن، چونکە رزگارکردنی نەتەوەیەک و سەرخستنی بۆ ئازادیی ئەرکێکی ئایینیە، لێ ئەمە چۆن و بە چ شێوە و میکانیزمێک دەخرێتە نێو بازنەی ئەرک و بەرپرسیەتی و پیرۆزییە ئایینیەکان، ئەوە کاری زانایانی ئایینیە و سەرۆکی حکومەتیش ئەم کارە گرنگ و هەستیارەی بۆ ئەوان جێهێشت.

**دووەم: دیالۆگی ئایینی:-**

تا ئێستا لە کوردستان — ئەوەی من بیزانم- دیالۆگی ئایینی نەبووە و نەکراوە، ئەمەش کەم و کاسی و کەلێنێکی گەورەیە و هەمووشمان لەم کەم و کاسییە بەرپرسین، ئەمجارەیان و لەم دەرفەتەدا سەرۆکی حکومەت بانگەشەی دیالۆگی ئایینی دەکات و نموونەش بە دیالۆگی ئایینی نیۆیۆرک دەهێنێتەوە.

**سەرۆکی حکومەت لەم خستەرووەدا مەبەستیەتی:-**

-١ ئایینی ئیسلام لە نێو خۆیدا دیالۆگ بکات، مەزهەب و تەنانەت بۆچوونە جیاوازەکانی نێو ئیسلام هەر هەموو دیالۆگ بکەن و یەکتریان قبوڵ بێت.

-٢ هەر هەموو ئایینەکانی کوردستان بە یەکەوە دیالۆگ بکەن و چەمکەکانی لە یەکتر گەیشتن و گفتوگۆ و لە یەک نزیکبوونەوە و قبوڵکردنی یەکتر بکەنە کلتوور، چونکە کوردستان وەک چۆن پێویستی بەئارامی و ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە هەیە، بە هەمان شێوە پێویستی بە بەیەکەوە ژیان و لە یەکتر گەیشتن و قبوڵکردنی ئایینی هەیە.

-٣ دوور کەوتنەوە لە شەڕ و توند و تیژیی:- ئەمەش مەبەستێکی تری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو لە مەسەلەی خستنە رووی دیالۆگی ئایینی، چونکە دیالۆگ نەکردن نزیکترین رێگەیە بۆ شەڕ و توووندوتیژیی و پێچەوانەکەشی راستە!

**سێهەم: ریفۆرمی ئایینی:-**

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم وتارەی نێچیرڤان بارزانی بریتییە لە هزری ریفۆرمی ئایینی کە تا ئێستا ئەم هزرە لە کوردستان دەستی پێنەکردووە و زۆر درەنگیشە، چونکە هەمیشە لەنێو ئەو گەلانەی فرەیی ئایینی و سیاسیی و کلتووریی بوونی هەیە، ریفۆرمی ئایینیش بوونی هەیە و بە شیوەیەکی فراوان و بە ئاراستەی گۆڕانی پۆزەتیف و کۆک دەگەڵ ئایین کۆمەڵگە دەگۆڕێ و بەرەو پێشەوەی دەبات.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم ریفۆرمی وەک بزاڤێک بۆ خودی زانایانی ئایینی جێهێشت، لێ جەختی لەسەر کردەوە و بە زەرووەرەتی ئەم قۆناغەی زانی.

بە بڕوای من ئەرک و کارێکی زۆر لە ئەستۆی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و لە لایەکی دیکەوە لە ئەستۆی زانایانی ئایینیە لە کوردستاندا، چونکە گوتاری ئایینی و کاریگەرییەکانی ئەو گوتارە بەسەر کۆی ژیان و کۆمەڵگا ئەوەمان لێ دەخوازێ کە بەو پەڕیی بەرپرسیەتییەوە، لێ بە جورئەتەوە ئەو رێگەیە ببڕین، رێگەی یەکخستنەوە و هاوچەرخیبوونی گوتاری ئایینی و ئاراستە کردنی ئەو گوتارە لە پێناو نەتەوە دا، هەموو ئەوەش لە رێگەی ریفۆرمی ئایینیەوە دەکرێت، کاتی ئەوە هاتووە لەو پێناوە دا هەموو لایەک بە تایبەت حکومەت و میدیا و نێوەندە مەعریفیەکان هاریکاریی وەزارەتی ئەوقاف و زانایانی ئایینی بکەن.

ئەوەی پێوەندیی بە خودی زانایانی ئایینیشەوە هەیە قەناعەت پێبوونە،چونکە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ جۆرێک لە قەناعەت پێ نەبوونی زانایانی ئایینی لەم بوارە گرنگانەدا بوونی هەیە، ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە گرفت و بەربەستە هەرە سەرەکییەکان، دەبێ ئەم گرفتە چارەسەر بکەین و بەربەستەکەش بشکێنین، چونکە پاسەوانەکانی پشتەوەی ئەم قەناعەت پێ نەبوونە هەم لاوازە و هەم ناکۆکە لەگەل ئایین.